# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و دووەم (١٤٦٣)- (١٩)ی ئایار ٢٠٢٥




**د. ئەحمەد سەفار:**

عێراق هیچ کێشەی کاشی دیناری نییە و بابەتی دواخستنی مووچە زیاتر سیاسی و تەکنیکییە



**نەهرۆ ڕەواندزی :**

لەژێر کاریگەریی ملیشیاکان و لایەنە سیاسییەکانی شیعە ، پرسی چارەسەرکردنی نەوتی هەرێم سیاسییانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

## ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی و پارادیمی تازەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت






## بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕ و بینینی پێشمەرگە و فەرماندە سەربازییەکان

## ١٣ی ئابی ٢٠١٤

## ١٦١

بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕ و بینینی پێشمەرگە و فەرماندە سەربازییەکان، ڕۆژی ١٣ی ئابی ٢٠١٤ سەردانی میحوەری مەخموورم کرد، لە کۆبوونەوەیەکدا باسی بارودۆخی ناوچەکە و دواپێشهاتەکانی بەرەکانی شەڕ کرا. دەستخۆشی و سوپاسی هێزەکانی پێشمەرگەم کرد لە تۆمارکردنی داستان و سەرکەوتنەکان لە میحوەرەکەدا، مەعنەویات و ورەی پێشمەرگە یەکجار باش و بەهێز و بەرز بوو، دواتر چەند سەنگەری پێشمەرگەمان لە ناوچەکەدا بەسەر کردەوە. لە سەردانەکەدا فەرمانم بە عەلی سلێمان، فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سەرۆکایەتیی کرد کە پێویستییەکانی چەکدارەکانی بەکەکە لە ناوچەکەدا دابین بکرێت و نابێت هیچ جیاوازییەک بکرێت لە نێوان ئەوان و پێشمەرگەدا.

سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە وانەیەکی گەورە بوون بۆ هەموو لایەک کە ئەگەر چاوکراوەیی و وریایی لەگەڵ ئیمکانات و تەقەمەنیدا هەبێت، داعش ئەو ئەفسانەیە نییە کە تێک نەشکێندرێت. سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە میحوەری گوێڕ - مەخموور کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاو و ئەرێنیی هەبوو لەسەر هەموو میحوەر و بەرەکانی شەڕ. هەروەها بووە هۆی هاندانی دەوڵەتە دۆست و هاوپەیمانەکانمان بۆ ئەوەی زیاتر بێنە پێشەوە و بڕوایان بە هێزی پێشمەرگە هەبێت.



نیسانی ٢٠٢٥

بەڕێزان لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی (پ. د. ك)

سڵاو و ڕێز..

بە خۆشحاڵییەوە دیارییە بەنرخەکەتان، پەرتووکی چوارەمی بازنەی گفتوگۆ "کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بە دەستم گەیشت. زۆر سوپاس، دەستخۆشیتان لێدەکەم. هیوادارم شوێنێکی شایستە لای خوێنەر و لە پەرتووکخانەی کوردیدا بگرێت. هیوای بەردەوامی، کار و بەرهەمی زیاتر و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

هەر شـــاد بن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێـز نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان سوپاسـنامەیەکی ئاراسـتەی بەشـی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـی پارتـی دیموکراتی کوردستان کـردووە لـە بەرانبـەر بەدەسـت گەیشـتنی پەرتووکـی چوارەمـی بازنـەی گفتوگـۆ (گۆڕانکارییەکانـی عێـراق و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت).






■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

فەلاح سەید مەولوود ئەلنەجار:



## هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین کانزا و بلۆکی کانزاییە کە دەکرێت وەبەرهێنانی گەورەی تێدا ئەنجام بدرێت

مەلا ئەبوبەکر شێخ ئەحمەد ئاقوبانی :



## میللەتی کورد خاوەن مێژوویەکی پرشنگداری ئیسلامییە و کەس بۆی نییە مێژووی میللەتێکی دیکەی بەسەردا بسەپێنێت

سەلاح بەدرەدین



### هەرێمی کوردستانی عێراق باشترین نموونەی خەباتی سەردەمییانەی کورد

د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد



### پەرتووکە دڵخوازەکەی (سەرۆک بارزانی) وەرگێردرایە سەر زمانی کوردی

لۆرانس رۆبین :



## رێککەوتنەکانی کرینی چەک رێگەیەک بوون بۆ بەدەستهێنانی دڵی ترەمپ

ممدوح سینۆ حاجی جەمال :



**ئۆجەلان وەکو دامەزرێنەری پەکەکە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە کە بە بێ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتوو نابێت**

چیمەن عەلی:

**هەمیشە دڵخۆشم و سوپاسگوزارم بۆ خودای مەزن کە هێزێکی نائاسایی پێ بەخشیوم**





**کەرکووکییەکان هەڵسەنگاندنی دۆخی شارەکە لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن**

**ئۆتۆمبیلی فڕۆکی جۆری PAL-V Liberty**



**گوێزی هیندی بۆ پاراستنی پێست**



تەها قادر :

**دەیان گۆرانیبێژ بێ ئەوەی خاوەن بەرهەمێکی خۆیان بن بەرهەمی هونەرمەندانی دیکە دەڵێنەوە**





کاتی ئەوە هاتووە هەندێک پرس زۆر بە ڕاشکاوانە باس بکەم. پرسی مووچەیان وا لێ کردووە، وەک ئەوەی خەبات و تێکۆشانی ئەو هەموو ساڵانەی ئەم میللەتە، خەباتی ئەو هەموو سەرکردە قارەمانانە، ئەو هەموو شەهیدە و ئەو هەموو ئەنفال و کیمیابارانە هەمووی لەبەر ئەوە بووە، داوای مووچەیان کردووە. من لێرەش دەڵێم: ئەم شێوەی ڕەفتارەی کە لەگەڵ پرسی مووچە و میللەتی کورد و خەڵکی کوردستان دەکرێ، لەمەودوا وەکوو مانگەکانی پێشتر کردوویانە، بە هیچ شێوەیەک قابیلی قەبووڵ نییە. من ئەمە بە سووکایەتی دەزانم بۆ خوێنی شەهیدان، بۆ خەباتی گەلی کوردستان، بۆ مێژووی پڕ سەروەریی ئەم میللەتە.

بەغدا دەبێ مامەڵە لەگەڵ شەرعییەتی هەرێم بکات. لە ئۆکتۆبەری ڕابردوو هەڵبژاردن بووە و هەڵبژاردنیش سەنگی هەموو لایەکی پیشان داوە. ئەگەر چەند کەسێک لەبەر هەر مەبەستێک بێت، یان لەبەر هەر هۆیەک بێت کە خۆیان قەناعەتیان پێیە، بچن شکایەت بکەن، یان گلەیی بکەن، یان بانگەشەی ئەوە بکەن، مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکەن، ئەمە پێشێلکردنی دەستوورە، پێشێلکردنی شەرعییەت و هەموو شتێکە. ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە فیدراڵییەت نەماوە؟ با بە ڕاشکاوانە پێمان بڵێن: ئێمە قەناعەتمان بە فیدراڵییەت نەماوە و دەبێت حکومەتی مەرکەزی بێت، ئەو وەختە ئەوەی قەبووڵی دەکات، قەبووڵی دەکات، ئەوەی قەبووڵیشی نەکات، بڕیاری خۆی دەدات. بەڵام ئەو مامەڵەیەی ئێستا لەگەڵ هەرێم دەکرێت، مامەڵەیەک نییە هی فیدراڵی بێت.

سەرۆک بارزانی
کۆنگرەی یەکگرتنەوەی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان – ١٥ی ئایاری ٢٠٢٥–





## ئاوابوونی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی

# پارادیمی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

دیداری دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ ئەحمەد شەرع سەرۆکی ئێستای سووریای قۆناغی ڕاگوزەر بە ئامادەبوونی شازادەی جێنشینی سعودیە (محەمەد بن سەلمان) و بە بەشداریی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، بە گەورەترین وەرچەرخانی سیاسی و بە هەنگاوی یەکەمی پراکتیزەکردنی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ دادەنرێت.

دوای ئەم دیدارەی ترەمپ لەگەڵ شەرع، کارۆلینا لیفیت (وتەبێژی فەرمیی کۆشکی سپی) لێدوانێکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی «ئێکس» بڵاو کرایەوە کە تیایدا ئەو پێنج خاڵە سەرەکییەی باس کردووە کە ترەمپ لە دیدارەکەیدا بە شەرعی ڕاگەیاندووە:

- دەوڵەتی سووریا دەبێت ببێتە بەشێك لە ڕێککەوتنی ئیبراهیم و ددان بە دوڵەتی ئیسرائیلدا بنێت.
- دەرکردنی تیرۆریستە بیانییەکان، بەتایبەتی ئەو تیرۆریستانەی کە هاوشانی شەرع شەڕیان کردووە و تاوانبارن بە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و تاوانکاریی جەنگ لە سووریادا.
- وەدەرنانی چەکدارانی فەلەستینی لەناو خاکی سووریا بە تایبەتی چەکدارانی «حەماس و جیهادی ئیسلامی» کە ئەمریکا لە لیستی تیرۆر تۆماری کردوون و پێشتر لەسەردەمی ڕژێمی بەشار ئەسەد داڵدە دراون.
- هاوکاریکردن حکومەتی سووریا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش.
- ترەمپ داوای لە شەرع کردووە کە دەبێت ئەو کەمپ و بەندیخانانەی کە بەندکراوەکانی تیرۆریستانی داعشیان تێدایە، لەلایەن دەوڵەتی سووریاوە بەرپرسیاریەتیی پاراستنیان هەڵبگیرێت.

ئەم گفتوگۆیەی ترەمپ کە لەگەڵ شەرع ئەنجامی داوە بە ئامادەبوونی شازادەی جێنشینی سعودیە و سەرۆك کۆماری تورکیا و ئاگاداریی دەوڵەتی قەتەر بووە و، ئاراستەی ڕووداوەکان بەوجۆرە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، کە ئەحمەد شەرع لەگەڵ ئەو تەوەرانەی ترەمپ لەگەڵی باسی کردوون، هیچ کێشەیەکی نەبوویێت و بە هەموویان ڕازی بوویێت. هەر بۆیە هاوکات لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە سزاکانی ئەمریکا لەسەر دەوڵەتی سووریا هەڵگیران بەو ١٠ ملیۆن دۆلارەشی بۆ کوشتنی ئەبومحەمەدی جۆلانی (تیرۆریستی پێشوو) و ئەحمەد شەرعی ئێستای سەرۆکی سووریا تەرخانی کردبوون.

سزاکانی ئەمریکا لەسەر دەوڵەتی سووریا دوو بەشن، بەشێکیان ڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەمریکادان و ڕاستەوخۆ سزاکانیان لەسەر هەڵدەگیرێت، بەشێکیشیان پەیوەندی بە کۆنگرێسەوە هەیە و دەبێت دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا دەسەڵاتی ترەمپ ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی کۆنگرێسیشە و هەر خۆی زۆرینەشی لە کۆنگرێس هەیە، بۆیە بڕیارەکەی ترەمپ بۆ لابردنی سزاکان، کۆی سزاکانی ئەمریکا لەسەر سووریا دەگرێتەوە.

## ● ڕادیکاڵیەتی ئیسلامی سیاسیی سوننە لە تیرۆرەوە بەرەو خەلافەتێکی مەدەنی

عەبدولئیلا بەلقزیز، بیرمەندی دیاری مەغریبی لە کتێبی «کۆتایی بانگخوازی — نهایە الداعیة» هەڵوەستە لەسەر مێژووی خەلافەت و سوڵتانیەتی ئیسلامی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە فتوحاتی ئیسلامی بۆ بڵاوکردنەوەی «ئیسلام نەبووە وەك ئایین»، بەڵکو بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت و سوڵتانیەتی ئیسلامی بووە و کەسیان بە زۆر نەکردووەتە «موسڵمان»، بەڵکو حەزیان کردووە خەڵکی ئەو وڵاتانە لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە و باج بدەن بە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لە بری پارێزگاریکردنیان. ئەم تێزەی کە بەلقزیز پشتی پێ بەستووە، دوایین ئایەتی قورئانە کە پەروەردگار دەفەرموێت: «الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا»، ئەم ئایەتەشی بەو جۆرە تەفسیر کردووە، لەگەڵ کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) بانگخوازی کۆتایی هاتووە و بێجگە لە پێغەمبەر (د.خ) هیچ بەندەیەکی دیکە ئەو مافەی نییە «بانگخوازی بۆ ئیسلام» بکات، لەبەر ئەوەی بانگخوازی تایبەتە بە وەحی و بە پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەری ئیسلامیش دوایین پێغەمبەرە و دوای ئەو پێغەمبەری دیکە نایەت، هەر بۆیە دوای هاتنەخوارەوەی

دەوڵەتی سووریا دەبێت ببێتە بەشێک لە ڕێککەوتنی ئیبراهیم و ددان بە دوڵەتی ئیسرائیلدا بنێت

ترەمپ داوای لە شەرع کردووە کە دەبێت ئەو کەمپ و بەندیخانانەی کە بەندکراوەکانی تیرۆریستانی داعشیان تێدایە، لەلایەن دەوڵەتی سووریاوە بەرپرسیاریەتیی پاراستنیان هەڵبگیرێت

لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە سزاکانی ئەمریکا لەسەر دەوڵەتی سووریا هەڵگیران بەو ١٠ ملیۆن دۆلارەشی بۆ کوشتنی ئەبومحەمەدی جۆلانی (تیرۆریستی پێشوو) و ئەحمەد شەرعی ئێستای سەرۆکی سووریا تەرخانی کردبوون

تەواوی ئایەتەکانی قورئان ئیدی هەر کەسێك تەفسیری ئەو ئایەتانە دەکات، بێجگە لە بۆچوونی کەسێك نابێتە مانادانی تەواو بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز.

لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە کە پارتی دادوگەشەپێدان بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دەسەڵاتی تورکیای لە دەستدایە، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بوون کە بۆ جیهانی بسەلمێنێت، کە خەلافەت و سوڵتانیەتی ئیسلامی بەو شێوەیە نییە کە تیرۆریستانی داعش بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو نموونەی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانییش لە مێژوودا هەیە کە ماوەی ٤٠٠ ساڵ حوکمڕانیی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی فراوانی ئەوروپاشیان کردووە.

ئەردۆگان لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ و دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە، سەردانی ئەمریکای کرد و لە پەنێلێکدا کە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا بۆیان ڕێك خستبوو، ڕاشکاوانە بە ڕای گشتیی ئەمریکای ڕاگەیاند: «ئێمەی میراتگری دەوڵەتی عوسمانی ئەزموونی ئەوەمان هەیە، چۆن ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی سیاسی چارەسەر دەکرێت، ئێمە خاوەنی ئەزموونی ٤٠٠ ساڵین، چۆن ئەو ناوچەیەمان بەڕێوە بردووە و ڕێگەمان نەداوە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی، کێشە لە نێوان ئایینە جیاوازەکان دروست بکات».

ئەم گوتارەی ئەردۆگان هیچ کاریگەرییەکی نێودەوڵەتی لەسەر هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆریستانی داعش دروست نەکرد، هەر بۆیە دوای ئەوەی بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی تورکیا هەموو هێزە ئیسلامییە جیهادییە سەلەفییەکانی سووریای وەك «جەبهەی نوسرە، جەبهەی ئەنسارئەلدین، سوپای سوننە، لیوای هەق، بزووتنەوەی نووردەین زەنکی» کۆکردەوە و لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ «هەیئەی تەحریری شام»یان لە ئەدلب دامەزراند و دوای ئەوەش ژمارەیەك لە هێزی چەکداری دیکەی جیهادی و سەلەفیی سووریا پەیوەندییان بە هەیئەی تەحریری شامەوە کرد، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٧ — تا کۆتایی ٢٠٢٤، هەیئەی تەحریری شام ئیدارەیەکی لۆکاڵی لە شاری ئەدلبی باکووری ڕۆژئاوای سووریا دامەزراندبوو، ئەم ئیدارە لۆکاڵە لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، بە مانایەکی دیکە لەگەڵ ئەوەی گرووپ و لایەنەکانی ناو هەیئەی تەحریری شام لە لیستی تیرۆر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی (بە ئەحمەد شەرع - ئەبو محەمەد جۆلانیی پێشتریشەوە)، بەڵام وەك خەلافەتەکەی تیرۆریستانی داعش مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرا، هەر بۆیە کاتێك لە کۆتایی ٢٠٢٤ سوپا و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ڕژێمی ئەسەد لەبەر یەك هەڵوەشان و هێزەکانی هەیئەی تەحریری شام بە سەرۆکایەتیی ئەبو محەمەد جۆلانی (ئەحمەد شەرع)ی ئێستا گەیشتنە دیمەشق و دەسەڵاتیان گرتە دەست، جیهان پێشوازی لە دەرکەوتنی ئەحمەد شەرع بە قات و بۆینباخەوە کرد.

لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ دۆناڵد ترەمپ کە هێشتا سوێندی سەرۆکایەتی نەخواردبوو و نەچووبووە کۆشکی سپی، لە پاریسەوە ڕایگەیاند: «ئەوەی لە سووریا ڕوو دەدات، پەیوەندی بە ئەمریکاوە نییە و ئێمە خۆمان تێکەڵی بارودۆخی سووریا ناکەین». ئەم پەیامەی ترەمپ، هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو بۆ ئیسرائیل بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر پاشماوەی سوپا و دامەزراوە سەربازییەکانی ڕژێمی ئەسەد و ژێرخانەکەی هەڵتەکێنێت، هەروەها بەر لەم سەردانەی ترەمپیش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جارێکی دیکە ئیسرائیل هێرشی توندی کردەوە سەر بنکە سەربازییەکانی سوپای پێشووی ڕژێمی ئەسەد.

بەڵام ئەم مودێلەی «هەیئەی تەحریری شام» کە تورکیا لەدوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد پێشکەشی کرد، نەك تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پێشوازی لێکرا.

هۆکاری سەرەکی بۆ پێشوازیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە مودێلی «هەیئەی تەحریری شام» لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرت، کە لە یەکەم دیداری ئەحمەد شەرع لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ لەگەڵ تەلەفزیۆنی سی ئێن ئێن، جیهانی لەوە دڵنیا کردەوە بەوەی «سەیری

**لەگەڵ کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) بانگخوازی کۆتایی هاتووە و بێجگە لە پێغەمبەر (د.خ) هیچ بەندەیەکی دیکە ئەو مافەی نییە «بانگخوازی بۆ ئیسلام» بکات**

**لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ دۆناڵد ترەمپ کە هێشتا سوێندی سەرۆکایەتی نەخواردبوو و نەچووبووە کۆشکی سپی، لە پاریسەوە ڕایگەیاند: «ئەوەی لە سووریا ڕوو دەدات، پەیوەندی بە ئەمریکاوە نییە و ئێمە خۆمان تێکەڵی بارودۆخی سووریا ناکەین»**

**بەر لەم سەردانەی ترەمپیش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جارێکی دیکە ئیسرائیل هێرشی توندی کردەوە سەر بنکە سەربازییەکانی سوپای پێشووی ڕژێمی ئەسەد**

**ئەحمەد شەرع ئەوەی سەلماندووە کە دەستبەرداری ئایدیۆلۆژیەتی ڕادیکاڵی ئیسلامیی سوننە بووە و دەیەوێت، بە هاوشێوەی «تورکیا، سعودیە، ئیمارات و قەتەر» مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناوچەکە و ئیسرائیل بکات**

**ئەوەی بە کردەیی وەک بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی سیاسیی شیعەی چەکدار لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی مابێت «حەرەکەی ئەنساروڵڵای حوسی»ە بە سەرۆکایەتیی عەبدولمەلیک حوسی، کە ئێستا ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ سەر ئەم هێزە چڕکردووەتەوە**

**پێدەچێت هەتا هێزەکانی ئەنساروڵڵای حوسیش وەک هێزەکانی حزبوڵڵا و حەماس و جیهادی ئیسلامی تێک نەشکێنێت، ئەوا ئیسرائیل هێرشەکانی نەوەستێنێت**

ڕەفتارەکانمان بکەن، نەک گوتارەکانمان»، ئەو کات دەزانن ئێمە تیرۆریستین، یان نا».

ڕەفتارەکانی ٥-٦ مانگی ڕابردووی هەیئەی تەحریری شام و سەرۆکی ئێستای سووریا (ئەحمەد شەرع)، لەگەڵ ئەوەی لەو چەند مانگەدا بە هۆی باری ناسەقامگیریی دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەدەوە، هەندێک شەڕی ناوخۆ و پێشێلکاری ئەنجام دراون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەحمەد شەرع ئەوەی سەلماندووە کە دەستبەرداری ئایدیۆلۆژیەتی ڕادیکاڵی ئیسلامیی سوننە بووە و دەیەوێت، بە هاوشێوەی «تورکیا، سعودیە، ئیمارات و قەتەر» مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ناوچەکە و ئیسرائیل بکات. هەر بۆیە وەك وتەبێژی کۆشکی سپی ڕاستەوخۆ دوای دیدارەکەی ترەمپ لەگەڵ شەرع، تەوەرە سەرەکییەکانی لە تۆڕی «ئێکس» بڵاو کردووەتەوە، کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بووە و ئەحمەد شەرع هیچکام لە تەوەرەکانی ترەمپی ڕەت نەکردووەتەوە، بەپێچەوانەوە «تورکیا، سعودیە، قەتەر و ئیمارات»، زەمانەتیان داوە جێبەجێی دەکرێن، هەر بۆیە دەستبەجێ ترەمپ بڕیاری دا، سزاکانی ئەمریکا لەسەر سووریا هەڵبگیرێت، لەمەش زیاتر ئەو داوایەی قەتەری پەسەند کرد، کە مانگانە مووچەی فەرمانبەرانی سووریا «بێجگە لە هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ» بنێرێت.

### ● ڕێککەوتنەکەی ترەمپ و شەرع پەیامێك بۆ ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراق

ئەوەی بە کردەیی وەك بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی سیاسیی شیعەی چەکدار لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی مابێت «حەرەکەی ئەنساروڵڵای حوسی»یە بە سەرۆکایەتیی عەبدولمەلیك حوسی، کە ئێستا ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ سەر ئەم هێزە چڕکردووەتەوە و ئامانجی ئەوەیە بە هاوشێوەی سەرکردەکانی حەماس و حزبوڵڵا، «عەبدولمەلیك حوسی»یش بکوژرێت.

ئەم هێرشە ئاسمانییانەی ئیسرائیل بۆ سەر هێزەکانی ئەنساروڵڵای حوسی دوای ئەو هێرشانەی ئەمریکا بۆ سەر حوسییەکان دێت، کە ترەمپ لەمیانی سەردانی ئەمجارەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند «چیتر حوسییەکان ناتوانن هێرش بکەنە سەر کەشتییەکانمان»، بەڵام پێدەچێت هەتا هێزەکانی ئەنساروڵڵای حوسیش وەك هێزەکانی حزبوڵڵا و حەماس و جیهادی ئیسلامی تێك نەشکێنێت، ئەوا ئیسرائیل هێرشەکانی نەوەستێنێت.

لایەنێکی دیکە کە دەکرێت هەمان پەیامی بۆ ئیسلامی سیاسیی چەکدار لە ناوچەکە لێ بخوێنرێتەوە، ئەوەیە کە زۆربەی شرۆڤەکار و چاودێرانی سیاسی مەزندەی ئەوەیان دەکرد، لەگەڵ سەردانەکەی دۆناڵد ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك ڕێزێك بۆ ئەو سەفقە گەورانەی کە «سعودیە و ئیمارات و قەتەر» بە ترلیۆنان دۆلار لەگەڵ ترەمپ ئیمزایان کرد، دەستبەجێ شەڕ لە غەززە بوەستێت و دەست بکرێت بە ناردنی یارمەتیی مرۆیی بۆ دانیشتووانی غەززە، بەڵام بەپێچەوانەوە لەو کاتەی ترەمپ سەفقەی گەورەی وەبەرهێنانی ئیمزا دەکرد، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە توندتر دەبوون، ئەمەش ڕاشکاوانە پەیامێك بوو لە ئیسرائیلەوە بۆ کۆی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی «سوننە و شیعە» بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر بە میحوەری مقاوەمەی ئیسلامیی ئێرانی ناسرا بوون، شەڕ لە دژیان ڕاناوەستێت و، هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نامێنێت بێجگە لەوەی ئاڵای سپی هەڵبکەن.

گرووپە چەکدارە شیعەکانی عێراق ئەوانەی پێیان دەگوترێت «شیعەی سیلاح، یان وەلائی و لەیاسادەرچوو»، لە دوای کەوتنی حزبوڵڵای لوبنانی و ڕژێمی ئەسەدەوە بە بێدەنگی ئاڵای سپییان هەڵگرتووە، بەڵام داواکاری ئەمریکا لەسەر عێراق وەك «دەوڵەت» زۆر زیاترە و بێجگە لە داماڵینی چەکی ئەو گرووپە چەکدارانە داوای ئەوەش دەکات هێزەکانی «حەشدی شەعبی»یش هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا حکومەتی عێراقی نکۆڵی لەوە دەکات، بچێتە ژێر باری ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام بۆ دەروازەیەکیش دەگەڕێت کە بە سەلامەتی لێی دەربچێت و ڕێگەیەکی دیکە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.

سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانی تێکڕای چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە کە ئێستا دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقیان بەدەستەوەیە، زۆر باش لە گەورەیی وەرچەرخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێگەیشتوون و دەزانن ئەگەر وەك ئەحمەد شەرع سەرۆکی ئێستای سووریا کۆتایی بە ئایدیۆلۆژیەتی ڕادیکاڵی ئیسلامیی سیاسیی نەهێنن، چارەنووسیان لە «حەماس، حزبوڵڵای لوبنانی، ئەنسارڵڵای حوسی» باشتر نابێت، لەمەش زیاتر کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە ئێستا دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا دەکات، گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت بە هەر نرخێك بێت، دەسەڵات و وڵاتەکەی خۆی بپارێزێت و سەردەمی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە کۆتایی هاتووە، لەمەش زیاتر ڕایگەیاندووە «هیچ هێزێك لەناو بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی پەیوەندی بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە نییە و فەرمان لە سوپای پاسدارانەوە وەرناگرن».

لەناو ئەم هاوکێشە سیاسییە وەرچەرخاوە تازەیەدا، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بەتایبەتی لە ئێستادا کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق نزیك دەبینەوە، کاتێك گوێ لە گوتارەکانیان دەگرین، بە ڕاشکاوانە هەست بە جۆرێك لە دووفاقی سیاسی دەکرێت، لەلایەك بە هەمان نەفەسی گوتاردانی پێشوو گوتار دەدەن و لەلایەکی دیکەش ئەو ئەمری واقیعەیان قبوڵە کە محەمەد شیاع سوودانی لەسەری دەڕوات، هەر بۆ نموونە نوری مالیکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا کە گەورەترین لایەنی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەیە، ڕاشکاوانە لە دیمانەیەکدا دەڵێت «نەك من بەڵکو وەزیری دەرەوەی عێراقیش ئاگاداری دیدارەکەی نێوان ئەحمەد شەرع و محەمەد شیاع سوودانی نییە و ئەو دژی ئەوەیە کە ئەحمەد شەرع، یان نوێنەری حکومەتی سووریا لە لوتکەی وڵاتانی عەرەبی لە بەغدا بەشداری بکەن، بەڵام هەر دوو ڕۆژ دوای ئەو لێدوانە وەزیری دەرەوەی عێراق پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی سووریا دەکات و لەمەش زیاتر ئەو وێنانەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لا دەبەن کە لە بەردەمی فڕۆکەخانەوە تا ناو بەغدا دانراون.

ئەم دووفاقییە لە گوتاری ئیسلامی سیاسیی شیعەی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، هیچ لەو وەرچەرخانە گەورەیە کەم ناکاتەوە کە ئێستا ناوچەکە بە خۆیەوە دەیبینێت، خۆشیان باش دەزانن ئەگەر بە لۆژیك و زمانی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکانی ناوچەکە نەکەن، ئەوا ئەو مەترسییەی عێراق دەبێت چاوەڕێی بکات، تەنیا ئەوەندە نابێت کە چاوەڕێی چەند هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر بنکەی چەند میلیشیایەکی چەکداری بکەن، بەڵکو بە میکانیزمی دیکە ئەزموونی حوکمڕانیی شیعە بە شێوەیەکی تراژیدییانە کۆتایی دێت.

بۆ هەڵوەستەکردنی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە، لە ئێستادا پێش هەمووان چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە زۆر باش دەزانێت کە عێراق نەك هەر سەروەریی دەوڵەتی لەرزۆکە و لەژێر پرسیاردایە، بەڵکو سەربەخۆیی ئابووریشی لە دەستی بانکەکانی نیویۆرکدایە و تەنانەت دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو داهاتەشەوە نییە کە لە فرۆشتنی نەوتەکەی دەستی دەکەوێت، هەر بۆیە ئەم بارودۆخە تاڵەی عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی واقیعییانە و لۆژیکانەی سیاسەتمەدارانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە هەیە و، دەبێت لەسەر ئاستی ڕاستکردنەوەی پرۆسەی ناوخۆی عێراق بە جۆرێك هەنگاو هەڵبگرن و سیاسەت بکەن، کە بۆ هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیسەلمێنن ڕادیکاڵیەتی ئیسلامی سیاسیی شیعە و هەنگاوهەڵگرتن بۆ دامەزراندنی سیستمی ویلایەتی فەقهی کۆتایی پێهاتووە و، دەبێت وەك سەرۆك بارزانی لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا دوو جار هۆشداری داوە، کە بەم ئاراستەی ئێستا لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە سیاسەتی پێ دەکەن، نە پرۆسەی سیاسی سەرکەوتوو دەبێت، نە دەتوانرێت لەسەر بنەمای «هاوسەنگی و هاوبەشی و سازان» حوکمڕانی لەم وڵاتە بخرێتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی.

ئەحمەد شەرع کە هەتا ئێستاش نوری مالیکی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خۆی

**گرووپە چەکدارە شیعەکانی عێراق ئەوانەی پێیان دەگوترێت «شیعەی سیلاح، یان وەلائی و لەیاسادەرچوو»، لە دوای کەوتنی حزبوڵڵای لوبنانی و ڕژێمی ئەسەدەوە بە بێدەنگی ئاڵای سپییان هەڵگرتووە**

**کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە ئێستا دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا دەکات، گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت بە هەر نرخێک بێت، دەسەڵات و وڵاتەکەی خۆی بپارێزێت و سەردەمی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە کۆتایی هاتووە**

**وەزیری دەرەوەی عێراق پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی سووریا دەکات و لەمەش زیاتر ئەو وێنانەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لا دەبەن کە لە بەردەمی فڕۆکەخانەوە تا ناو بەغدا دانراون**

«فەرمانی دەستگیرکردنی ئەحمەد شەرعی دەر کردووە»، نموونەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی وردتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و سیاسەتی تازەی ئەمریکا و ڕۆژئاوای لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێ بخوێنێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەو «ئەبو محەمەد جۆلانی»یەی کە ئەمریکا هەتا هەفتەی پێشووش لە لیستی تیرۆر تۆماری کردبوو، ئێستا سزاکانی ئەمریکا لەسەر خۆی و وڵاتەکەی هەڵگیرا، ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە سیاسەتی تازەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە کەمتر لە دەستبەرداربوون لە ڕادیکاڵیەتی ئیسلامی سیاسی (شیعە و سوننە) ڕازی نابێت، بۆیە باشترین ڕێگە ئەوەیە ئەو نەخشەڕێگەیە هەڵبژێرین کە لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا دوو جار سەرۆک بارزانی هۆشداری پێداون.

**پێش هەمووان چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە زۆر باش دەزانێت کە عێراق نەک هەر سەروەریی دەوڵەتی لەرزۆکە و لەژێر پرسیاردایە، بەڵکو سەربەخۆیی ئابووریشی لە دەستی بانکەکانی نیویۆرکدایە و تەنانەت دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو داهاتەشەوە نییە کە لە فرۆشتنی نەوتەکەی دەستی دەکەوێت**

### ● لە ژینگەی سیاسیی عێراقدا کۆماری ئیسلامی دروست نابێت

سەرۆک بارزانی هەر لەساڵی ٢٠٠٢ـەوە، واتە لەناو کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە یەکێکیان لە لەندەن لە هەمان ساڵدا گرێدرا، هۆشداری داوەتە سەرجەم سەرکردە سیاسییەکانی عێراق کە عێراقی تازە بە «تۆڵەسەندنەوە، یان بە سەپاندنی مەزهەبێك، یان نەتەوەیەك» بەڕێوەناچێت و ئایندەی وڵات ئاشتی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت.

لە ساڵی ٢٠١٢ پاش ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی هەولێر کابینەی دووەمی نوری مالیکی دامەزرا و، پاش دەقی ڕێککەوتنەکە بووە مەرەکەبی سەر کاغەز و کاری پێ نەکرا و هەنگاو بۆ دیکتاتۆریەت و سەنترالیەتی دەوڵەت هەڵگیرا، سەرۆک بارزانی لە پەیامی سەری ساڵی نەورۆزدا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «ئێمە نابینە بەشێك لە دیکتاتۆریەتی دەوڵەتێکی سەنتراڵی، بۆیە قبووڵی ناکەین و دەگەڕێینەوە بۆ ڕای گەلی خۆمان و گەلی خۆمان چ بڕیار بدات، ئەوە دەکەین».

**سەرۆک بارزانی لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا دوو جار هۆشداری داوە، کە بەم ئاراستەی ئێستا لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە سیاسەتی پێ دەکەن، نە پرۆسەی سیاسی سەرکەوتوو دەبێت، نە دەتوانرێت لەسەر بنەمای «هاوسەنگی و هاوبەشی و سازان» حوکمڕانی لەم وڵاتە بخرێتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆی.**

لە ساڵی ٢٠٢٢ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەکەی د.محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆک بارزانی لەسەر ئەو بنەمایە لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ڕێك کەوت کە «پرۆگرامێکی وەزاری» ئیمزا بکرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا ڕاست بکرێتەوە و یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی دەربکرێت، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشان لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران هەنگاو بۆ داڕشتنی هەیکەلەیەکی ڕاستەقینە بۆ فیدراڵیەت لە عێراقدا بنرێت، بەڵام ئەوە کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی بەرەو کۆتایی دەچێت و خۆمان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادە دەکەین، کەچی بەشی هەرە زۆری ئەو پرۆگرامە وەزارییەی کە لە پەرلەمانی عێراق خوێنرایەوە و پەسەند کرا، جێبەجێ نەکراوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە یاریکردن بە مووچە و قووتی خەڵکی کوردستان درێژەی هەیە و بوودجەش بۆ هەر سێ ساڵی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥) لەناو پەرلەمانی عێراق پەسەند کراوە و بە حیساب دەبێت ١٢,٦٪ی بدرێت بە هەرێمی کوردستان، بەڵام نەك هەر ئەو پشکە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان نەکراوە، بەڵکو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیش لە کاتی خۆیدا نانێرن و ساڵانە بە بیانووی جیاواز چەندین مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان نانێرن، ئەمەش وای کردووە کە هاووڵاتیانی کوردستان بێزار ببن و ترسیان لە نەمانی مووچەکانیان هەبێت.

**ئەو «ئەبو محەمەد جۆلانی»یەی کە ئەمریکا هەتا هەفتەی پێشووش لە لیستی تیرۆر تۆماری کردبوو، ئێستا سزاکانی ئەمریکا لەسەر خۆی و وڵاتەکەی هەڵگیرا**

سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ٩ی نیسانی ٢٠١٥ لەمیانەی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب، پەیامێکی ئاراستەی عێراقییەکان کرد و پێی گوتن «لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، عێراقی نوێ لەسەر سێ بنەمای سەرەکی «هاوبەشی، هاوسەنگی، سازان» بونیاد نرایەوە، بەڵام بەداخەوە پێوەی پابەند نەبوون، ئێستاش چارەسەری بنەڕەتی گەڕانەوەیە بۆ ئەو سێ بنەما سەرەکییە و پابەندبوون بە دەستوورەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەرچی بە ئێمە بکرێت، ئامادەین. دەبێت هەموو هێزەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بوێریی ئەوەیان هەبێت، ددان بە هەڵەکاندا بنێن و دیسان لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوە بۆ ئەوەی عێراق تووشی گرفتی گەورەتر نەبێت».

ئەگەر لەسەر ئەم دەستپێشخەرییەی سەرۆك بارزانی هەڵوەستەیەك بكەین، دەبینین زۆر ڕاشكاوانە هۆشداری دەداتە سەركردە سیاسییەكانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی سەركردە سیاسییەكانی لایەنەكانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» كە بە خۆیاندا بچنەوە و داوایان لێدەكات، «دەبێت بوێری ئەوەیان هەبێت ددان بە هەڵەكاندا بنێن»، ئەمەش ڕاشكاوانە مانای ئەوەیە كە دەبێت ددان بەوەدا بنرێت لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ وەك دەوڵەتێكی «فیدراڵی، پەرلەمانی، دیموكراتی و فرەیی لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوبەشی و سازان»، شكستمان هێناوە و دەبێت هەوڵەكان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی عێراق لەسەر لێواری هەڵدێر ڕزگار بكرێت.

ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی سێ ڕۆژ پێش سەردانی محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقە بۆ هەرێمی كوردستان كە بێگومان ئەم پەیامە وەك دەستپێشخەری و ئامادەباشیی سەرۆك بارزانی دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی لاپەڕەیەكی تازە لەسەر بنەمای «هاوبەشی، هاوسەنگی و سازان» لەگەڵ حكومەتی عێراق بكرێتەوە و لە چوارچێوەی جێبەجێكردنی دەستووردا هەڵەكان ڕاست بكرێنەوە، بەڵام لەدوای ئەو سەردانەش كە بە سەردانێكی زۆر ئەرێنی وەسف كرا، ڕەفتاری حكومەتی عێراق لەگەڵ هەرێمی كوردستان نەك هەر گۆڕانكاری بەسەردا نەهاتووە، بەڵكو وەك پێشان یاری بە مووچە و قووتی خەڵكی كوردستان دەكەن، بۆیە سەرۆك بارزانی لە ڕۆژی ١٥ی ئایاری ٢٠٢٥ و لە میانەی گوتارەكەی بە بۆنەی یەكگرتنەوەی هەردوو یەكێتیی لاوان و قوتابیانی كوردستان زۆر ڕاشكاوانە پیتەكانی خاڵبەند كرد و ڕووی كردە حكومەتی عێراق و پێی گوتن: «ئەگەر مەبەست ئەوەیە كە فیدراڵییەت نەماوە؟ با بە ڕاشكاوانە پێمان بڵێن ئێمە قەناعەتمان بە فیدراڵییەت نەماوە و دەبێت حكومەتی مەركەزی بێت، ئەو وەختە ئەوەی قەبووڵی دەكات، قەبووڵی دەكات، ئەوەی قەبووڵیشی ناكات، بڕیاری خۆی دەدات».

ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی كە داوا دەكات وەڵامی ئەو پرسیارەی بدەنەوە، بەوەی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا ماوە؟ یان دەتانەوێت حكومەتی بەغدا سەنتراڵی بێت؟ پرسیاری دیكە بە دوای خۆیدا دەوروژێنێت، بەوەی ئایا «دەستووری ساڵی ٢٠٠٥» كە زیاتر لە ٨٠٪ی عێراقییەكان دەنگیان پێ داوە، كاری پێ دەكرێت، یان نە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دیباجەی دەستوورەكە دەیداتەوە كە تیایدا هاتووە «ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێكهاتەكانیەوە بە تەواوی ویستی خۆمان ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەكگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە و دەرس وەردەگرین لە ڕابردوومان بۆ داهاتوومان، وە لە بەها باڵاكانی پەیامە ئاسمانییەكان و دۆزینەوە نوێكانی زانست و شارستانیەتی مرۆڤەوە ئەم دەستوورەمان دانا. پابەندبوون بەم دەستوورەش یەكێتیی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەریی عێراق دەپارێزێت». كەواتە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ كە هەرێمی كوردستان بە دیفاكتۆ هەرێمێكی سەربەخۆ بوو، ئارەزوومەندانە بڕیاری داوە ببێتە بەشێك لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی و هەمان دەستوری ٢٠٠٥ لە ماددەی ١٧ بە فەرمی ددانی بە هەرێمی كوردستاندا ناوە و بە دەق هاتووە « ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەكردنیەوە ددان بە هەرێمی كوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێكی فیدراڵی». ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ماددەی ١١٧ی دەستوور بكەین، ئەوا زۆر ڕاشكاوانە ئەوە هاتووە كە هەرێمی كوردستان وەك ئەمری واقیع پێش نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥ بوونی هەبووە و ئەو دەستوورە تەنیا ددانی بە هەرێمی كوردستان و دەسەڵاتەكانیدا ناوە، وەك هەرێمێكی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا.

هەر بۆیە گرنگیی ئەم پەیامە لەوەدایە كە سەركردە سیاسییەكانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە دەخاتە دووڕێیانی وەڵامدانەوەی پرسیارێكی چارەنووسسازەوە و داوایان لێكراوە، بە دروستی وەڵام بدەنەوە. بن دێڕی ئەم پەیامە دووپاتكردنەوەی هەمان پەیامی «سەرۆك بارزانی»یە لە ساڵی ٢٠٠٢ ساڵێك پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەویش ئەوەیە «عێراق بە تۆڵەسەندنەوە و سەپاندنی یەك مەزهەب و یەك نەتەوە بەڕێوە ناچێت».

**سەرۆک بارزانی هەر لەساڵی ٢٠٠٢ەوە، واتە لەناو کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە یەکێکیان لە لەندەن لە هەمان ساڵدا گرێدرا، هۆشداری داوەتە سەرجەم سەرکردە سیاسییەکانی عێراق کە عێراقی تازە بە «تۆڵەسەندنەوە، یان بە سەپاندنی مەزهەبێک، یان نەتەوەیەک» بەڕێوەناچێت و ئایندەی وڵات ئاشتی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت**

**ئەوە کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی بەرەو کۆتایی دەچێت و خۆمان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادە دەکەین، کەچی بەشی هەرە زۆری ئەو پرۆگرامە وەزارییەی کە لە پەرلەمانی عێراق خوێنرایەوە و پەسەند کرا، جێبەجێ نەکراوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە یاریکردن بە مووچە و قووتی خەڵکی کوردستان درێژەی هەیە**

**لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ وەک دەوڵەتێکی «فیدراڵی، پەرلەمانی، دیموکراتی و فرەیی لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوبەشی و سازان»، شکستمان هێناوە و دەبێت هەوڵەکان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی عێراق لەسەر لێواری هەڵدێر ڕزگار بکرێت**

## نەهرۆ ڕەواندزی

جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بابەتی نەوت لە عێراق و هەموو بابەتەکانی دیکەی مافی کورد، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سیاسی و میلیشیات و حزبەکانەوە



# هەرێم بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ پێویستی بە ١١٥ هەزار بەرمیل نەوت هەیە

# بەغدا ئامادە نییە نەوت و بەنزین و پێداویستییەکانی دیکەی هاووڵاتیانی کوردستان بە هاوشێوەی خۆیان دابین و پاڵپشتی بکەن

# زۆر زەحمەتە لە عێراق لە پرسی نەوت شەفافییەت هەبێت و ڕێگری لە دەستتێوەردان و تاوانکاریی لەم دۆسیە بکرێت

شۆڤێنییەکانی دژ بە کورد لەناو حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوتی فیدراڵیدا، بە عەقڵییەتی دژایەتیکردنی کوردستان و ڕاگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٢٤ ملیار دۆلار زیانیان بە ئابووری و دارایی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە. پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەجێندەیەکی دەرەکی، دوور لە هەستی نیشتمانییەوە بەردەوامە و ئەوەتا بۆ زیاتر لە دوو ساڵ دەچێت، ئەم دۆسیە بە چەقبەستوویی و بێ چارەسەر ماوەتەوە و، هەرجارەو گێچەڵ و کێشەیەکی نوێ دەخولقێنن. گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکیدا لەگەڵ نەهرۆ ڕەواندزی، جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم پرسانەی تاوتوێ کرد.

* بەپێی هەمواری یاسای بوودجە و ئەو دەقەی پەیوەندی بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکانەوە هەیە، دەبوایە لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا بەغدا لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێك بکەون، بۆ ئەوەی خەمڵاندن بۆ تێچوونی بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بکەن و دەست بە هەناردەکردنەوەی بکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی تاکو ئێستا ئەم دۆسیە بێ چارەسەر ماوەتەوە؟

- لە دانوستانەکانی دۆسیێی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەك نییە، هەروەکو ئەوەی لە بابەتی هەموارکردنەوەی یاسای بوودجە لە ماددەی ١٢ بڕگەی دووەم / ج هاتووە، ئەوەی پەیوەندی بە تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لە ناو هۆڵی پەرلەمان تێپەڕێندرا و تێچوونی سەرەتایی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان کرا بە ١٦ دۆلار، تا ئەو کاتەی کۆمپانیایەکی بیانی و بێلایەن لە ماوەی دوو مانگدا تێچوونی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات، بەڵام لە گفتوگۆکان بابەتی نوێ هاتە پێشەوە، لەوانە لەو ٢٨٠ هەزار بەرمیلە نەوتەی ڕۆژانە لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە بەرهەم دەهێنرێت، هەرێمی کوردستان داوای ١١٥ هەزار بەرمیلی نەوتی کردووە بۆ ئەوەی بپاڵێورێت

**لەو ٢٨٠ هەزار بەرمیلە نەوتەی ڕۆژانە لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە بەرهەم دەهێنرێت، هەرێمی کوردستان داوای ١١٥ هەزار بەرمیلی نەوتی کردووە بۆ ئەوەی بپاڵێورێت و بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ بەکاری بهێنێت**

**حکومەتی عێراق دوور لە هەموو بنەما دەستووری و یاسا و تەنانەت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و عورف و ڕێککەوتنەکان هەڵسوکەوت دەکەن**

**لە بوودجەی سەروەری کە پشکی ئێمەشی تێدایە پارەی نەوت و بەنزین پاڵپشتی دەکەن بۆ خەڵکی پارێزگاکانی خۆیان**

و بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ بەکاری بهێنێت، هەروەها لە یاساکەی بوودجە کە هەموار کرایەوە، لە ماددەی ١٢ باسی ئەوە نەکراوە کە ١٦ دۆلار خەرج بکرێت، بۆ ئەوەی نەو نەوتەی کە دەردەچێت لە هەرێمی کوردستان بەکار بێتەوە، ئەمەش پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە. ئێستا ئەو نەوتەی دەڕوات بۆ دەرەوە حکومەتی عێراق پارەکەی داوە کە ١٦ دۆلارە، ئەی ئەو چەند سەد هەزار بەرمیل نەوتەی ڕۆژانە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ خەرج دەکرێت، کێ پارەکەی دەدات؟ خۆ ئەمە پێداویستیی هاووڵاتیانی کوردستان دابین دەکات و سازشی لەسەر ناکرێت. شاندی عێراق ڕەزامەندییان نیشان داوە کە ١١٥ هەزار بەرمیل نەوت لە ناوخۆدا بەکار بێت، کە دەکرێتە بەنزین و گازوایل و هەموو ئەوانە خەرج دەکرێت، بەڵام دیسانەوە کێشەیەکی دیکەیان ناوەتەوە، بەوەی دەبێت داهاتەکەی بۆ حکومەتی عێراق بچێتەوە. ئێمە مەرجی ئەوەمان داوا کردبوو، کە ئەو ١٦ دۆلارەی بەرهەمهێنانی نەوتیش بدرێتە ئەو کۆمپانیانەی ئەم نەوتە بەرهەم دەهێنن، بۆیە ئەمەش پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی ئەو ١١٥ هەزار بەرمیلە لە یاسای بوودجە دابنرێتەوە و ئەو ١٦ دۆلارەشیان بۆ خەرج بکرێت. بەداخەوە حکومەتی عێراق دوور لە هەموو بنەما دەستووری و یاسا و تەنانەت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و عورف و ڕێککەوتنەکان هەڵسوکەوت دەکەن و بەیاننامەی توند بڵاو دەکەنەوە، کە دوورە لە هەموو بنەماکانی (هاوسەنگی و سازان و هاوبەشی). ئەوان لە بوودجەی سەروەری کە پشکی ئێمەشی تێدایە پارەی نەوت و بەنزین پاڵپشتی دەکەن بۆ خەڵکی پارێزگاکانی خۆیان، تەنانەت ئەو بڕە نەوتە سپییەی کە ناردیان و یەك لەسەر سێی پێداویستیی ناوخۆی هەرێم ناکات، کەچی لە ڕێژەی سەدی هاتووی لە بڕی ٥٠ملیۆن لیترەکەش تەنیا بە ڕێژەی لە ٦٦٪ هات و ئەویشیان بڕی. من خۆم چوار داوام بۆ دادگای فیدراڵی لەسەر ئەم بابەتە بەرز کردووەتەوە و خۆیشم مورافەعەم کردووە لە ئەرشیفی کۆمپانیاکە دۆکیومێنتیش هەیە، کەچی ڕەزامەندی نەدرا لەسەر هەر چوار داواکە، لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی خۆمەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پێش مەوعدی دادگا ئەو بابەتانەی ویستم جێبەجێی بکەم گفتوگۆمان کرد، کەچی دواتر بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئەو ١١٥ هەزار بەرمیلەی کە خەرج دەکرێت داهاتەکەی بۆ حکومەتی عێراقییە، ئێمەش ئەو مەرجەمان دەستنیشان کرد، کەوا دەبێت ئەو نەوتە وەکو خۆی بگات بە هاووڵاتیانی کوردستان و لە بەنزین و گازیش بەشمان هەبێت و پێداویستیی هاووڵاتیان پڕ بکرێتەوە، کە گومانمان هەیە حکومەتی عێراقی بۆ دابینکردنی بابەتی نەوت و بەنزین و گاز بە هەمان شێوە بەو پاڵپشتییەی نرخ کە دەیداتە هاووڵاتیانی عێراقی بیداتە هاووڵاتیانی کوردستانیش.

*** بەڵام کێشەی ئەو یەك ملیار دۆلارەی قەرزی کۆمپانیاکانیش هەیە، ئایا ئەم بابەتە بە کوێ گەیشتووە؟**

- بابەتی قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت کە یەك ملیار دۆلارە بە هەڵە لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی لێوە دەکرێت، ئەو بابەتە ئەو کاتە بوو کە بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕاگیرابوو، کە دەبوایە بە ڕێگەی «سۆمۆ» بنێردرێت، ئەوە بوو بە نزیکەی سێ مانگ ئەو کۆمپانییانەی نەوت کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، ڕۆژانە ٦٠- ٩٠ هەزار بەرمیل نەوتیان تەسلیمی پاڵاوتگەکانی عێراق دەکرد، بێ ئەوەی هیچ لەو بڕە پارەیەی کە دەبوایە پێیان بدرێت، بۆیان دابین بکەن، بەڵام ئەم بابەتە کێشەیەکی ئەوەندە گەورە نییە کە ببێتە هۆکاری ڕاگرتنی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کێشەیە لەمەودوایە کە دەبێت بزانرێت تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لەسەر چ شێوازێك خەرج دەکرێت، ئالێرەدا کۆمپانیاکان داوای زەمانەت دەکەن و مافی خۆشیانە ئەم داوایە بکەن.

*** پێت وانییە ئەم کەیسەی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوت و ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان کە لە کوردستان کار دەکەن، بەغدا بە هەمان شێوەی بڕیاری ناردنی مووچە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەروەکو ئەوەی ئێمەی کورد دەروەزەمان کردبێت؟**

- بابەتی نەوتیش لە عێراق بەرانبەر کورد وەکو هەموو بابەتەکانی دیکەی مافی کورد کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سیاسی و میلیشیات و حزبەکان و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێرانەوە، بۆیە بەڵێ بە هەمان شێوەی مووچە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیێەش دەکرێت. بەداخەوە دەسەڵاتدارانی عێراق و لایەنە سیاسییەکانیان بەردەوام لەناو موزایەدەی سیاسی و هەڵمەت و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندان و نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای تەسکی

حزبی و دژایەتیکردنی کورد خۆیان ڕزگار بکەن، لە کاتێکدا وەکو ڕۆژی ڕووناك دەزانن گرێبەستەکانی هەرێم باش و یاساییە و هەر خۆشیان لە گرێبەستە نوێیەکان لاسایی گرێبەستەکانی هەرێم دەکەنەوە.

لەلایەکی دیکەوە کێشەکان ئاڵۆزن، بۆ نموونە لەلایەك تورکیا پێی خۆشە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە بکرێتەوە، لەلایەکی دیکە پێی ناخۆشە، عێراق داوا لە تورکیا دەکات بەپێی بڕیاری دادگای پاریس ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار غەرامە بدات، لە بەرانبەر ئەو نەوتەی پێشتر هەناردە کراوە لە ڕێگەی بۆرییەکانەوە، لە بەرانبەریشدا تورکیا داوا دەکات، لەبەرانبەر ڕاگرتنی هەناردەی نەوت بە بۆرییەکان لەو ڕۆژەی کە ڕاگیراوە، عێراق غەرامە بدات بە تورکیا کە دوو ساڵی تێپەڕ کردووە و هەمووی لەسەر حکومەتی عێراق حیسابە و گەیشتووەتە زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار غەرامە، لەلایەکی دیکەوە ئابووری لەناو میلیشیاتەکانی عێراقدایە و دزین و بردنە دەرەوەی نەوت بووەتە مافیا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق. بەم شێوەیە بە هیچ شێوەیەك دڵنیایی نییە بەوەی نەوتی عێراق بۆ عێراقییەکان بێت، ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەناو دۆسیی نەوت تێکەڵ و ئاڵۆزییان دروست کردووە و تەنانەت سەرجەم دۆسیێکانی نەوت و داهاتی ناوخۆ و مووچەی فەرمانبەران پێچەوانەی ئەو دەستوور و یاسا و دادگا فیدراڵییەی ئیدعای بۆ دەکەن، هەڵسوکەوت دەکەن، بەردەوام هەرێم ڕاپێچی گێجەڵ و کێشەی دروستکراوی نوێ دەکەن. باشە وڵاتێك ڕۆژانە لە نێوان ٤- ٤،٥ ملیۆن بەرمیل نەوت بفرۆشێت، ئەمە حاڵی دارایی و ئابووری وڵاتەکەی بێت، ئەمە بە تەئکید بۆ ناشەفافییەت و گەندەڵی و بێسەروبەری و لاوازیی ئەدای وەزارەتەکانی عێراق دەگەڕێتەوە، بۆیە زۆر زەحمەتە لە عێراق لە مەسەلەی نەوت شەفافییەت هەبێت و ڕێگری لە دەستتێوەردان و تاوانکاریی لەم دۆسییە بکرێت.

*** لە جووڵاندن و بەدواداچوونی ئەم بابەتانە، بۆچی نوێنەرانی کورد لە بەغدا لاوازن؟ ئایا ئەمە بۆ ئاراستەی هەندێك لەو حزبانەی کوردستان دەگەڕێتەوە کە بەرژەوەندیی کورد لە بەغدایان تێکەڵ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان کردووە؟**

- ئێمەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا کەموکورتییەکمان هەیە و لە ئاستی پێویست نین بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو حزبەکان بێ جیاوازی، بۆ نموونە لە بوودجەی عێراق کە دادەنرێت، ئێمەی پەرلەمانتاران بەگشتی بە پەرلەمانتارانی کوردیشەوە، ڕۆڵێکی چاودێریمان هەیە کە ئەم بوودجەیە چۆن جێبەجێ دەکرێت و ئایا وەزارەتەکان لە سەرووی ئەم بڕە پارەیەی کە بۆیان دانراوە، خەرجییان هەیە و بۆ چی خەرج کراوە و چۆن بووە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٣ عێراق بۆی هەبوو ١٢ تریلیۆن و ٥٠٠ ملیار دیناری عێراقی خەرج بکات، کەچی زیاتری خەرج کردووە، کە ١٩ تریلیۆن و ٥٠٠ ملیار دینار بووە، واتە ٧ تریلیۆنی لە سەرووی ئەو بودجەیەوە کە بۆی دانراوە، خەرجی کردووە. من نووسراوم ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی کرد، کەچی وەڵامیان نەبوو، بەڕاستی بابەتی زۆر هەیە ئێمەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا لێی غافڵین.

*** بابەتێکی دیکە کە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش گرنگە، دابەزینی بەهای نەوت و ئەگەری زیاتر دابەزینیەتی، ئایا ئەمە تا چەند کاریگەریی لەسەر لایەنی ئابووری و دارایی عێراق دەکات؟**

- بابەتی نەوت و بەهاکەی کە بەپێی پرسە سیاسی و سەربازییە جیهانی و ئیقلیمییەکان و بڕی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتانی ئۆپێك بلاس، هەمووی کاریگەری لەسەر دۆسیێ نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان و بابەتە ئابووری و داراییەکان هەیە. هەستان و دابەزینی بەهای نەوت لەژێر کاریگەریی ئەو شەڕ و ململانێ سیاسییانەوە کە لەجیهاندا ڕوو دەدەن، یان ڕووی داوە، کاریگەریی لەسەر بەهای جیهانیی نەوت هەیە، دابەزینی نەوتیش شوێنەوارەکەی لەسەر بودجەی عێراق قورسە، بوودجەیەك زیاتر لە ٩٥٪ی پشتی بە فرۆشتنی نەوت بەستبێت، چۆن دابەزینی نرخی نەوت کاریگەریی لەسەر عێراق و کوردستانیش نابێت؟ خۆ ئەگەر عێراق بە هۆی ئەو میلیشیاکانەوە تووشی شەڕێك بێت، ئەوا بۆ لایەنی دارایی و ئابوورییەکەی کارەساتە. عێراق دەوڵەتێکی گەورەیە و ژمارەی دانیشتووانەکەی زۆرە و خەرجییەکانی لە زیادبووندایە و بەشی هەرە زۆری بوودجەکەشی پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە، بۆیە گرنگە دوور لە سیاسەت لایەنە سیاسییەکانی عێراق کار بۆ بژێوی ژیانی هەموو خەڵکی عێراق بە کوردستانیشەوە بکەن، بەبێ جیاوازی.

**دەسەڵاتدارانی عێراق و لایەنە سیاسییەکانیان بەردەوام لەناو موزایەدەی سیاسی و هەڵمەت و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندان و نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای تەسکی حزبی و دژایەتیکردنی کورد خۆیان ڕزگار بکەن**

**ئابووری لەناو میلیشیاتەکانی عێراقدایە و دزین و بردنە دەرەوەی نەوت بووەتە مافیا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق**

**ئەگەر عێراق بە هۆی ئەو میلیشیاکانەوە تووشی شەڕێك بێت، ئەوا بۆ لایەنی دارایی و ئابوورییەکەی کارەساتە**



د. ئەحمەد سەفاڕ

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# جیاکردنەوەی پشکی کورد لە پشکی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە کێشەی مووچە چارەسەر دەکات

# عێراق هیچ کێشەی کاشی دیناری نییە و ئەمریکا مانگانە پشکی نەختینەیی عێراق دەنێرێت، بابەتی دواخستنی مووچە زیاتر سیاسی و تەکنیکییە

## پابەندنەبوونی بەغدا بە یاسای بوودجە و دروستکردنی گێچەڵ بۆ ناردنی مووچە، دەستێوەردانی حزبەکانە بۆ جێبەجێکردنی ئەجندەی تایبەتی و دەرەکی

**دکتۆر ئەحمەد سەفاڕ، جگە لەوەی لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاردەری لیژنەی دارایی بووە، بە یەکێك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ئابووری و دارایی دادەنرێت. لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا زانیاریی نوێ لەسەر پرسی مووچە و کێشە داراییەکان دەخاتە ڕوو، باسی ئەو گێچەڵ و گرفتانەش دەکات کە بۆ هەرێمی کوردستان لە بەغدا دروست دەکرێت.**

*** ئەگەرچی لە بوودجەی ساڵی ٢٠٢٥ بابەتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەپێی بڕیاری دادگای فیدراڵی جێگیر کرا، کەچی بەردەوام مووچەکان دوادەخرێن و گێچەڵ و پاساوی جۆراوجۆر بۆ ئەم بابەتە دروست دەکرێت. وەکو کەسێکی شارەزای دارایی و ماوەیەکی زۆریش بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بووی، هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- خۆی وا پێویستە یاسای بوودجەی گشتی، ڕێکخەر و چارەسەری هەموو بابەتی داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بێت، بەڵام جێگای داخە هەموو ساڵێك ئەم یاسایەی بوودجە دوای گفتوگۆ و ململانێیەکی زۆر دەردەچێت، پێشی پابەند نابن، بۆیە هەرچی کێشە داراییەکانیان لەگەڵ هەرێم هەیە، تەنیا بە ڕێکەوتنی سەرزارەکی و کاتی بەڕێی دەکەن، ماوەیەك جێبەجێی دەکەن و دواتر بێ هیچ پاساوێکی یاسایی و واقیعی پاشگەز دەبنەوە و گێچەڵ و بیانووی نوێ دروست دەکەن. خۆی لە بنەڕەتدا پابەندنەبوونی بەغدا بە یاسای بوودجە و دروستکردنی گێچەڵ بۆ ناردنی مووچە بۆ دەستتێوەردانی سیاسیی حزب و کوتلە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش لەژێر فشار و ئەجندەی دەرەکیدان، بۆیە حکومەت نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بارودۆخی دارایی وڵات بکات. بەتایبەتی کە حکومەتی عێراق بە پشك پشکێنە و موحاسەسە دامەزراوە و وەزارەت و جومگە سەرەکییەکانی لەژێر کۆنترۆڵی حزبەکانی نەیاری کورددان و، شتێك نەماوە بە ناوی سەربەخۆیی، لە ناویشیاندا وەزارەتی دارایی کە دەستتێوەردانی تێدا دەکەن و ڕێگە نادەن پارەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بنێردرێت.

**حکومەتی عێراق بە پشك پشکێنە و موحاسەسە دامەزراوە و وەزارەت و جومگە سەرەکییەکانی لەژێر کۆنترۆڵی حزبەکانی نەیاری کورددان**

> **نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیشدا یەک دەنگ و یەکگرتوو نین**

> **ئەو شاندانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدا دەکەن، خێرا دەگەڕێنەوە، بێ ئەوەی گرفت و کێشەکانیان چارەسەر کردبێت**

*** کورد لە بەغدا لە ڕێگەی سەرۆك کۆمار و پەرلەمانتار و وەزیر و بەرپرسانیەوە تاچەند توانیویانە ڕووبەڕووی ئەو گێچەڵ و دروستکردنی ئەو ئاستەنگانە ببنەوە؟ ئەوان بۆچی پەنا دەبەنە بەر دادگای فیدراڵی و بڕیار لە دوای بڕیار لە دژی کورد دەردەکەن، بۆچی ئێمە لە بەغدا لاوازین؟**

- نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیشدا یەك دەنگ و یەکگرتوو نین و هەندێك جار بە ڕواڵەت ئەم یەکهەڵوێستی و یەك دەنگییە دەبینین، تەنانەت ئەو شاندانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدا دەکەن، خێرا دەگەڕێنەوە، بێ ئەوەی گرفت و کێشەکانیان چارەسەر کردبێت. هەر شاند دەچێت و دێت و هیچ ڕێکەوتن و چارەسەرکردن نابینرێت. من دەزانم جگە لەوەی کەمتەرخەمی هەیە، بەڵام نوێنەرانی باشیش هەن، دەبێت شاند بچێتە بەغدا و پشوودرێژ بێت و نەگەڕێتەوە تاوەکو مەسەلەی مووچە تەنیا بۆ یەك مانگ چارەسەر نەکەن، ئەوەتا مانگی یانزدەی ئەمساڵ وادەی هەڵبژاردنەکانی عێراقە و حزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییە شۆڤێنییەکان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بەلاڕێدابردنی شەقام بابەتی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و زیانگەیاندن بە هەرێمی کوردستان وەکو دەستکەوتێکی سیاسی و ماددەیەکی ئیعلامی هەڵبژاردن بەکار دەهێنن، بۆیە ڕەنگە بۆ مانگی پێنج و هەموو مانگەکانی دیکە ئەم کێشەیە بەردەوام بێت. دەبێت لەسەر ئاستی باڵا ڕێکەوتنێك بۆ ئەو چەند مانگەی ئەمساڵ کە ماوە واژۆ بکرێت، چیتر بە ڕێککەوتنی کاتی و زارەکی باوەڕ نەکەین. بۆیە پێویستە کورد لەم شەڕەدا یەکگرتوو بێت و خەڵکی کوردستانیش ئامادە نەبن پشتگیریی کەسانێك بکەن کە لەوێ پیشەی نوێنەرایەتی و پارێزەری دەستکەوت و مافەکانیان نەبێت، چونکە نوێنەرانی کورد لەبەغدا تەنیا نوێنەری سیاسی و حزبەکانیان نین هێندەی ئەوەی ئەوان نوێنەرانی خەڵکن لە ناویشیاندا نوێنەرانی مووچەخۆرانن.

*** کەواتە کێشەی دواکەوتنی ئەمجارەی ناردنی پارەی مووچەی فەرمانبەران پەیوەندی بە کەمیی پارەی کاشی دینارەوە نەبوو، بەتایبەتی کە هیچ قەیرانێکی ئابووری و دارایی بوونی نییە. بۆچوونت لەم بارەیەوە چۆنە؟**

- نەبوونی پارەی کاشی دینار لە بەردەستی وەزارەتی دارایی و بانکەکانی هیچ بنەمایەکی نییە و ڕاست نییە. حکومەتی عێراق پارەی هەیە و بانکی ناوەندی نزیکەی ١٢٠-١٣٠ ملیار دۆلار یەدەگی نەختینەیی کاشی بە دۆلار هەیە و نزیکەی ١٣٠ تۆن زێڕیشی هەیە، ئەمە جگە لە کاشی دینار و بە شێوەی سەنەداتی گەنجینەی ئەمریکی، تەنانەت ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن، گوایە بە هۆی ڕێکارەکانی بانکی فیدراڵیی ئەمریکا بەوەی کە تا پترۆدۆلار دەگۆڕێت بە دینار و ڕێوشوێنە توندەکانی پێدانی دۆلار کێشەی دروست کردووە، ئەسڵ و ئەساسی نییە. ئەمریکا هەموو مانگێك پشکی عێراق بە نەختینەیی دەنێرێت، بۆیە لە بانکی ناوەندی هیچ گرفتێکی کاش و پارە نییە، بابەتەکە تەنیا سیاسی و تەکنیکییە، واتا ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی لەسەر ناکرێت، تەنانەت ئەو مامەڵەیەی حکومەتی ناوەندی بەوەی بێ ئاگاداریی ئەوان کەس دانەمەزرێت و دەیان ئاستەنگ بۆ بەرزکردنەوەی پلە و تەرفیعات و خانەنشینان دروست دەکەن، ئەمە چەقبەستوویی کاروباری ئیدارەیە، ئەوان دەیانەوێت هەموو مانگێك بە لیستی مووچەدا بچنەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەن. ئەمە هەڵەیە و لەگەڵ ئەمەشدا با ئەم بیانووەش ببڕین و لیستێك دروست بکەین و بۆ هەموو مانگەکان بینێرین و داهاتی ناوخۆیی هەموو ناوچەکان بنێرین. ئەم پرۆسەیە پێویستە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری بەغدا لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین، کە ئێمە بۆ نموونە لە ١٥ی مانگدا بە ژمارە داهاتی مانگێکی نانەوتی بۆ بەغدا بنێرین و ئەوانیش تا ٢٠ی مانگ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بنێرن.

*** بابەتی بە سیاسیکردنی دۆسێکان و پابەندنەبوون بە ڕێککەوتنەکان لە مەسەلەی ڕێککەوتن لەسەر هەناردەکردنی نەوتیشدا دووبارە بووەتەوە. ئایا لەم بارودۆخەی پابەندنەبوونی**

**عێراق بە بەڵێن و ڕێککەوتنەکانی تاچەند هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم پێویستە؟**

- لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی تایبەت بە دۆسێی نەوتی هەرێم و بەغدا و کۆمپانیاکان گەیشتنە ڕێکەوتنێك و بڕیار وابوو لە ماوەی یەك دوو هەفتەدا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوە، کەچی دوایی کێشەیان لەسەر هەندێك بابەتی لابەلا دروست کردەوە، هەندێك لایەن هەیە لە نانەوەی کێشە و گرفت سوودمەندن و لێ ناگەڕێن ئەو نەوتە هەناردە بکرێتەوە. من لەسەر بابەتی نەوت گەیشتوومەتە قەناعەتێك کە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە نەکرێتەوە، چونکە ئەوان پابەندی ڕێککەوتنەکان نین و بەردەوام بە دوای گێچەڵ و گرفتەوەن. کێشەی ئەوان ئێستا زیاتر لەسەر داهاتی نانەوتییە و دەڵێن ئەو ژمارەیەی بۆمان دەنێرن تەواو نییە و ٥٠٪ی داهاتی نانەوتییش نییە.

*** ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر سازشمان لەسەر مووچە کردووە، بۆیە ئەوان مووچەکان نانێرن. بۆچی فشارەکان چڕ ناکەینەوە بۆ وەرگرتنی هەموو مافە دارایی و شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە بوودجە و قەرزی نێودەوڵەتی و تەنانەت لە جێبەجێکردنی ماددەی دەستووری ١٤٠ی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان؟**

- ئەمە زۆر ڕاستە. دەبێت سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان فشارەکانی چڕ بکاتەوە و تەنیا لەسەر یەك مەسەلەی مافی دەستووری و یاسایی بوودجە کە مووچەیە ڕانەوەستێت. ئەوەتا ئەوان زۆر بە پلان و سیاسییانە وایان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بابەتی کەرکووك و شنگال و دەشتی نەینەوا و خانەقین و دەیان قەزا و ناحیەی دیکەی کوردستانی کە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری دەبووایە ڕاپرسی لەسەر بکرایە و بگەڕێنرایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، کەچی فەرامۆشیان کردووە. حزبە کوردستانییەکان ئەوەندەی سەرقاڵی ململانێ و شکاندنی یەکترن، ئەوەندە سەرقاڵی مەسەلە نەتەوەییەکە نین لەگەڵ بەغدا، ئەوەتا کەسایەتییەکانیان لەبری ئەوەی داوای مافی مووچەخۆران بکەن، کەچی بە ئارەزووی ئاوازی ئەوانە قسە دەکەن کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دوادەخەن و لە نییەتیاندا نییە هەر بینێرن. پەرلەمانتاری کورد هەیە لەبری ئەوەی لە دادگای فیدراڵی داوا لە دژی ئەوانە بکات کە قووتی ئەم میللەتە دەبڕن، کەچی دەچێت جارێ سەرقاڵی ململانێ حزبییەکەی خۆیەتی و بۆ فریودانی خەڵکی گوایە لە دژی فلانە حزب داوا تۆمار دەکات، لە بنەڕەتدا ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لەبیر کردووە، کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستانە نەوەکو ڕێکلامکردن بۆ خۆی لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگی هەڵبژاردن زیان بە هەموو کورد بگەیەنێت، ئەمە خیانەتێکی گەورەیە دەرهەق بە میللەتی کوردی مەزڵووم.

*** بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تا چەند دەتوانرێت ئەمریکا فشار لەسەر بەغدا بکات، بۆ ئەوەی چیتر مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان پێشێل نەکرێت و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان نەخرێتە ناو چوارچێوەی ململانێ سیاسییەکانەوە؟**

- کەس خەمی کوردی نییە، ئەگەر ئێمە بە خەمی خۆمان نەبین. بۆ ئەمریکا باشە عێراق بێ کێشە و سەقامگیر بێت، ئەوان تێکەڵ بە مەسەلەی مووچە نابن و زیاتر لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان و بە خەمی کەسەوە نین، مەسەلەی کوردستانیش ئەگەر بۆ ئەوان پێگەیەکی ئارام نەبووایە ڕەنگە لە هێڵە گشتییەکانیشدا بەرگرییەکی ئەوتۆیان لە کورد نەکردایە، بۆیە ئەوان فشار لەسەر عێراق ناکەن و زۆر جار موجامەلەی کورد لێرە دەکەن، بەڵام دەکرێت ئەو پشکی داهاتی نەوتەی لە بانکی فیدراڵی ئەمریکا دەینێرن، کورد هەوڵێکی وا بدات، پشکی کوردستانی لەوێ لێ جیا بکرێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە یەکدەنگی و یەکهێزیی کورد خۆیەتی لە بەغدا، هەر کاتێك لاواز بوو، ئەوانیش فشار دروست دەکەن و زیان بە کورد دەگەیەنن. محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق کەسێکی باشە و زۆر نەرمی لەگەڵ کورد نواندووە، دەبێت ئێمەش ئیحراجی نەکەین و پێکەوە لەگەڵیدا نەرمی بنوێنین و پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین.

**بانکی ناوەندیی عێراق نزیکەی ١٣٠ ملیار دۆلار یەدەگی نەختینەیی کاشی بە دۆلار هەیە و نزیکەی ١٣٠ تۆنیش زێڕی هەیە**

**حزبە کوردستانییەکان ئەوەندەی سەرقاڵی ململانێ و شکاندنی یەکترن، ئەوەندە سەرقاڵی مەسەلە نەتەوەییەکە نین لەگەڵ بەغدا**

## دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل، بەڕێوەبەری پەیمانگەی دیراساتی هەرێمایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی نزیکە لە زانکۆی پرینستۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئەو بارگرژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە پرسەکانی پەیوەست بە ناسنامەی ئایینی و دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها بایەخ بە مێژوو و سیاسەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و، بە دیاریکراوی عەرەبستانی سعودیە دەدات. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە گرنگی و بایەخی سەردانەکەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - وەك یەکەم سەردانی بۆ دەرەوەی وڵات- و بە دیاریکراوی بۆ سێ وڵاتی کەنداوی عەرەبی، عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و قەتەر، کە ئاشکرایە سەرۆکی ئەمریکا هەوڵی دا، جێ پەنجە و کاریگەریی خۆی لەسەر ئەم ناوچە گرنگە لە ڕووی ستراتیژییەوە جێبهێڵێت و بە شێوەیەکی تایبەتی هەوڵەکانی لەسەر گرنگیدان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و ڕێککەوتن لەم ڕووەوە چڕ کردەوە، واتە بۆ پتر بەرفراوانکردنی دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و هاوکاریی ئابووری.

## پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل بۆ گوڵان:

# سەنگی مەحەک جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی نێوان ترەمپ و وڵاتانی کەنداوە

*** ئاشکرایە کە ناتوانرێت سەردانەکەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم بایەخ بگیرێت، بەڵکو ئەمە ئەم سەردانێك پڕ قورسایی و سەنگە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و هەر سێ وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و قەتەر. ئێوە چۆن لەم پێشهاتە گرنگە دەڕوانن و ئایا لە تێڕوانینی ئێوەدا هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی پشت ئەم سەردانە چی بوون؟**

- هەروەك لە میانەی سەردانەکە و کۆبوونەوە و گفتوگۆکانیشدا بەدی کرا، ئەوا دەکرێت بڵێین کە پاڵنەرە سەرەکییەکانی پتر خەسڵەتی ئابوورییان هەبوو. واتە ئامانجی بنەڕەتیی دۆناڵد ترەمپ لە سەردانەکانی بەدەستهێنانی پتری پارە و وەبەرهێنان بوو لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە لە پاڵ هەموو ئەمانەدا دۆناڵد ترەمپ هەوڵی دا بزانێت ئایا دەکرێت عەرەبستانی سعودیە بە دیاریکراوی، هەروەها وڵاتانی دیکەی کەنداو هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی هەندێ لە کێشە و بارگرژییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك بارگرژیی نێوان ئەمریکا و ئێران.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد، کە لە پاڵ پرسە ئابوورییەکان و دەرفەتەکانی وەبەرهێناندا، سەرۆك ترەمپ ویستی ئەوەش تاوتوێ بکات کە ئایا دەتوانێت ئەم وڵاتانەی کەنداو هاوکار بن لە کەمکردنەوەی بارگرژییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئایا ئەمانە کاریگەرییان نەبوو لەسەر ئامانجە سەرەکییەکەی سەردانەکەی؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەبێت لەم ڕووەوە ئەوەش

**ئامانجی بنەڕەتیی دۆناڵد ترەمپ لە سەردانەکانی بەدەستهێنانی پتری پارە و وەبەرهێنان بوو لە وڵاتانی کەنداوەوە بۆ ئەمریکا**

**لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی دۆناڵد ترەمپدا وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو دارایی و داهاتێکی کراوەیان هەیە، لە ڕووی ناوخۆییشەوە کۆت و بەندێکیان لەسەر نییە**

**دۆناڵد ترەمپ لە هەر شتێکی دیکە زیاتر بایەخ بەوە دەدات کە خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بەدەست بهێنێت، لەسەر ئەوەی کە ناکۆکیی عەرەب و ئیسرائیل چارەسەر بکات**

لەبەرچاو بگرین کە خودی سەرۆک ترەمپ خوازیاری ئەوەیە کە ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئێران لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتە و پرسەکانی دیکەوە واژۆ بکات، کە ئەمە پرس و بابەتێکە کە وڵاتانی کەنداویش دەیانەوێت بەرەو چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوە بچێت. واتە ئەگەر وەڵامەکەی پێشتر پتر ڕوون بکەمەوە، ئەوا ئەو خوازیاری ئەوە بوو کە ئەم وڵاتانەی ناوچەکە هاوکاری بن لە سەقامگیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەتایبەتی کێشە و ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، هەروەها ئەو دۆخەی لە سووریا و وڵاتانی دیکەی وەك سوودان و یەمەن لە ئارادایە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەوانە پرسی گرنگ بوون لە گفتوگۆکانی نێوانیاندا. ئەگەرچی نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە بایەخ و گرنگییە سەرەکییەکە پتر پەیوەست بوون بە بواری ئابووری و دارایی و پرسەکانی وەبەرهێنانەوە.

*** بەڵام ئەگەر واقیعبینانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم سەردانە بکەین، ئایا ئەوەی تێیدا تاوتوێ کرا و ڕاگەیەندرا، مایەی پێشبینیکردن نەبوون؟ ئایا دەستکەوتێك هەبوو کە مایەی چاوەڕوانی نەبوویێت؟**

- من دەمەوێت بەو شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، کە ئەوە ڕاستە کە ڕاگەیەندراوی گەورەمان بینی لە بارەی پرسەکانی پەیوەست بە بواری وەبەرهێنان و ئەنجامدانی گرێبەستەکانەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەم بابەتانە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لە ئارادان، لەبەر ئەوە سەنگی مەحەك لەم ڕووەوە ئەوەیە ئایا ئەم بەڵێن و پرسانە جێبەجێ دەبن و هەنگاوی کردارییان بۆ هەڵدەگیرێت، کە بە بۆچوونی من ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە. هەروەك بینیمان کە ئەوە ڕاگەیەندرا کە بە سەدان ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێت، هەروەها باسی ڕێککەوتنی فرۆشتنی چەك بەم وڵاتانە کرا. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەشمان دەکرد کە لێدوان و ڕاگەیاندراوی گەورە بدرێت لەبارەی پرسی ئێرانەوە. بە هەر حاڵ، ئەوەی بینرا، چەندین لێدوانی بە ڕووکەش گەورە و گرنگ بوون، بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم لێدوان و ڕاگەیەندنانە لە ڕووی کردارییەوە جێبەجێ دەکرێن.

*** زۆر باشە، ئەگەر باسی ئەو وڵاتانە بکەین کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سەردانی کردن، ئایا پێتان وایە هیوا و ئومێدی ئەم وڵاتانە چی بوون؟ ئایا خوازیاری چی بوون کە لە بەرانبەردا بەدەستی بهێنن، بەتایبەتی کە ڕێککەوتنی کڕینی چەکیان لەگەڵ ئەمریکا ئەنجام داوە و بڕیاریان دا، بە بەهایەکی زۆر وەبەرهێنان لە نێو ئەمریکادا بکەن؟**

- ئەگەر لەبارەی ئاوات و ئامانجی وڵاتانی عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و قەتەر بدوێین، ئەوا خواستی ئەم وڵاتانە بە چەشنێکی سەرەکی بریتی بوو لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی هێنانەئارای هاوپەیمانێتییەکی پەیوەست بە بواری بەرگری و سەربازییەوە. دەمەوێت ئەوەش بڵێیم کە من باوەڕم وابوو بەشێك لە بایەخ و گرنگیدانەکە پەیوەست دەبێت بە پرسی پەیوەست بە ژیریی دەستکرد و پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەم وڵاتانەوە لە بواری تەکنەلۆژیاوە. پرسێکی دیکە کە گرنگی هەیە، بەلای ئەم وڵاتانەوە کە ترەمپ سەردانی کردن، پەیوەست بووە بە نەوتەوە. واتە ئەم وڵاتانە بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە قەناعەت بە دۆناڵد ترەمپ بهێنن، بەوەی کە دابەزینی نرخی نەوت -کە ئەمە خواستی دۆناڵد ترەمپە- هەمیشە دەرئەنجام و ئاکامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە بۆ خودی پیشەسازیی نەوت لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، واتە کارێکی باش بوو بۆ ئەوان کە کارێك بکەن کە ترەمپ واقیعبینانە بێت لەبارەی نرخی نەوتەوە بۆ ئەوەی لە سەرووی ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بمێنێتەوە.

*** ئێمە دەزانین کە دۆناڵد ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا تەنیا سەردانی عەرەبستانی سعودیەی کرد، بەڵام ئەمجارە لە پاڵ سعودیە هەردوو وڵاتی ئیمارات و قەتەریشی زیاد کرد، پێتان وایە هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

- بە تێڕوانینی من هۆکارەکە ئەوە بوو، کە ئەم دوو وڵاتەی دیکە (ئیمارات و قەتەر) سەرچاوەیەکی گەورەی دارایی و وەبەرهێنانن. با ئێمە لەم ڕووەوە ئەو ڕاستییە لەیاد نەکەین کە هۆشیاریی سیاسی دۆناڵد ترەمپ لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەڵاڵە بوو، کە لەو



ڕۆژگار و سەردەمەدا وڵاتانی عەرەبی ئابلۆقەی نەوتییان سەپاند و ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٣دا نرخی نەوت چوار هێندە گران بوو، دواتر و لە کۆتایی ئەو دەیەیەدا دووبارە ئەمە ڕووی دایەوە، بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێرانەوە. کەواتە لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی دۆناڵد ترەمپدا وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو دارایی و داهاتێکی کراوەیان هەیە، لە ڕووی ناوخۆییشەوە کۆت و بەندێکیان لەسەر نییە، کە ئەمە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووشدا ڕاست بوو.

*** بەڵام پێتان وایە ئەم بەراوردکردنەی دۆناڵد ترەمپ لە نێوان ڕۆژگاری ساڵانی حەفتاکان و ئەم بارودۆخەی لە ئێستادا لە نێوان ئەم وڵاتانەدا لە ئارادایە هەمان هەلومەرجن؟**

- نەخێر، من پێم وانییە هەمان هەلومەرج لە ئارادا بێت لە ئێستادا. مەبەستم ئەوەیە ئەگەرچی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پێی وایە کە ئەم وڵاتانە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی وەبەرهێنان و داراییین، بەڵام پێم وانییە ئەو دەرکی ئەوە بکات کە لە ڕاستیدا، وڵاتێکی وەك عەرەبستانی سعودیە، خواست و داواکارییەکی زۆری ناوخۆیی و دارایی لەسەرە و سەرچاوەگەلێکی لە بن نەهاتووی نییە بۆ ئەوەی لە دەرەوە وەبەرهێنانی پێبکات.

*** هەروەك ڕوونە کە لە ئێستادا شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس پتر چڕ بووەتەوە، بەڵام ئەوە بوو ئیدارەی ترەمپ توانی کارێك بکات حەماس، کەسێك لە بارمتەکان کە هاوڵاتییەکی ئەمریکییە ئازاد بکات، پێشتریش بە بێ ئیسرائیل ڕێککەوتنێکی لەگەڵ حوسییەکانی یەمەندا ئەنجام دا، لەم گەشتەیشیدا بۆ ناوچەکە سەردانی ئیسرائیل ناکات. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا جۆرێك لە بارگرژی و ساردی هەیە لە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا؟**

- پێم وایە جۆرێك لە بارگرژی هەیە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، بەڵام دۆناڵد ترەمپ لە هەر شتێکی دیکە زیاتر بایەخ بەوە دەدات کە خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بەدەست بهێنێت، لەسەر ئەوەی کە ناکۆکیی عەرەب و ئیسرائیل چارەسەر بکات. واتە لەم ڕووەوە ترەمپ دەیەوێت دانپێدانانی ئیسرائیل بە دەوڵەتی فەلەستینیدا مسۆگەر بکات، لە کاتێکدا کە ئیسرائیل بە سەرکردایەتیی سەرۆك وەزیرانەکەی (بنیامین نەتنیاهۆ) و حکومەتە ڕاستڕەوەکەی ئەمە ڕەت دەکەنەوە.

**ترەمپ دەیەوێت دانپێدانانی ئیسرائیل بە دەوڵەتی فەلەستینیدا مسۆگەر بکات**

لۆرانس ڕۆبین

پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی لە پەیمانگەی تەقەنیی جۆرجیا بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنەکانی کڕینی چەک ڕێگەیەک بوون بۆ بەدەستهێنانی دڵی ترەمپ

لۆرانس ڕۆبین پرۆفیسۆرە لە سکووڵی سام نون بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە پەیمانگەی تەقەنیی جۆرجیا و توێژەرە لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیدار بوون بە دەرئەنجامەکانی سەردانەکەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ناوچەی کەنداو و بە دیاریکراوی بۆ هەر سێ وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و قەتەر، کە ئاشکرایە ئەم سەردانە سەنگ و قورساییەکی گەورەی هەبوو، بەتایبەتی لە ڕووی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان و ئاوێتەبوونی زیاتریان لەم ڕووەوە، هەروەها هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی سەر وڵاتی سوریا.

# دیمانەی تایبەت



*** سەردانەکەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ ناوچەکەی کەنداو، بەرەوپێشچوونێکی گەورە و گرنگ بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەر سێ وڵاتی سعودیە و قەتەر و ئیمارات، ئێوە چۆن لە پاڵنەر و هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم سەردانە دەڕوانن؟**

- ئەوەی لە میانەی ئەم سەردانەدا تەواو ڕوون بوو، ئەوە بوو کە هۆکارە و پاڵنەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی داراییەوە، پتر لەوەی پەیوەست بوون بە کاروبارە سیاسییەکانەوە، واتە دەکرێت بەو شێوەیە گوزارشتی لێبکرێت کە زیاتر پەیوەندیدار بوون بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، واتە پاڵنەرەکەی گرێ درابوو بە بەرژەوەندییە جیۆ-ئابورییەکانەوە. هەروەها هەندێ پرسی سیاسییش هەبوون کە تاوتوێ کران، کە پرسی گرنگ بوون، ئەوە بوو لە پەراوێزی ئەم سەردانەشدا بڕیاری هەڵگرتن و لابردنی سزاکانی سەر سووریا درا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشهاتێکی گرنگ بوو.

*** تا چ ڕاددەیەك دەکرێت بڵێین ئەم سەردانە و ئەو ڕێککەوتن و بەرەوپێشچوونانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم وڵاتانەدا بەدی هاتوون، بوونەتە هۆی ئەوەی تەواوی ناوچەکە بگۆڕێن و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە؟**

- من پێم وایە دۆخەکە لە بەرەوپێشچووندایە. بە دڵنیاییەوە ئەوەی ڕووی دا گۆڕانکارییەکی گەورە بوو، بە بەراورد بە ڕابردوو، چەندین هۆکاریش هەبوون کە بوونە هۆی ئەوەی هەلومەرجەکە بەم ئاراستەیەدا بڕوات. هەر وەك گرێدانەوە و ڕوونکردنەوەیەکی زیاتری وەڵامەکە

**ئەگەر مەودای بازرگانی بەرفراوانتر بکرێت، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی ناکۆکییەکان**

بە وەڵامی پرسیاری یەکەمەوە، ئەوا مایەی تاسان بوو کە جەختکردنەوەکە پتر لەسەر ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو پتر پرسەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیا و وەبەرهێنان بکەنە ئەولەوییەت، لە کاتێکدا چەندین پرسی دیکەش لە ئارادان. وەك هەوڵی خاوکردنەوەی هەندێ لە ناکۆکییەکانی وەك کێشەی نێوان ئێران و دراوسێکانی، یان ئیسرائیل و دراوسێکانی، کە ئەگەر ئەمانە بەدی بێن، ئەوا دۆخەکە سەقامگیرتر دەبن بۆ وەبەرهێنانی ئابووری و بۆ هەڵگرتنی هەنگاو بە ئاراستەی ئایندەدا. هەرچۆنێك بێت، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە هەوڵەکان بۆ ئەوەیە میراتی سەرۆك ترەمپ لە ناوچەکەدا بچەسپێنرێت.

*** ئەگەر بتوانین بڵێین کە سەردانەکەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سەرکەوتوو بووە، بەتایبەتی لە ئەنجامدانی چەندین یاداشتی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن، ئایا دەکرێت ئەمانە لە ئایندەدا بەردەوام بن، بەتایبەتی کە ئەگەر گۆڕانکاری لە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕوویدات؟**

- ئەوە ڕاستە کە بەردەوام لەم ڕووەوە بارگرژییەکی خامۆش لە ئارادا دەبێت. مەبەستم ئەوەیە ڕوون نییە، ئایا چەند ساڵێکی دیکە ترەمپ هەمان ئەو بایەخ و گرنگییە بەم پرسانە دەدات، یان کەسێکی دیکە جڵەوی دەسەڵاتی کۆشکی سپی دەگرێتەدەست، یان ئەوەتا هەندێ هێزی دیکە لە ناوچەکەدا دێنەئاراوە و سوود لە دۆخەکە وەردەگرن و ئەو کاتەش ئەمریکا هێندە خۆی لە بارودۆخەکەوە ناگلێنێت. پێم وایە ئەمە ترسێك، یان نیگەرانییەکی بەردەوامە. هەرچۆنێك بێت، گریمانەکە ئەوەیە کە ئەگەر مەودای بازرگانی بەرفراوانتر بکرێت، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی ناکۆکییەکان. بەڵام من پێم وانییە دۆخەکە بەم شێوەیە بێت. بەڵام بۆ ماوەیەك بارودۆخەکە بە هێمنی و هێوری دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کێشە هەر بەردەوام دەبن.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئەم سێ دەوڵەتەی کە سەرۆك ترەمپ سەردانی کردن، دیانەوێت و خوازیاری ئەوەن چی لە بەرانبەردا دەست بهێنن، بەتایبەتی کە ڕێککەوتنی گەورەیان ئەنجام داوە و وەبەرهێنانێکی زۆر لە نێو ئەمریکا دەکەن؟**

- من پێم وایە یەکێك لە دەستکەوتەکان بریتییە لە دەستراگەیشتن بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروەها ڕەنگە یەکێکی دیکە بریتی بێت لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی باشی بازرگانی. واتە بەشێکی ئەم پرسە پەیوەستە بەوەی کە ئەم نزیکبوونەوەیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەمە شێوازێکی دیپلۆماتی پیادە بکەن و ئەمەشیان پێ باشتر بێت لە هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئێراندا، ئەگەرچی هێشتا هەر گومانیان هەیە لە ئاست نیازەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. هەرچەندە بەلای منەوە هێشتا هەندێ مەسەلە بە ناڕۆشنی ماونەتەوە.

*** بەڵام پێت وانییە ئەم وڵاتانە ئومێد و چاوەڕوانییەکی زیاتریان هەبوویێت، واتە بە ئومێدی ئەوە نەبوون کە ڕێککەوتنی بەهێزی بەرگری و ئەمنی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واژۆ بکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە لەو ڕێککەوتنانەی کرینی چەك بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە کە وڵاتانی کەنداو ئەمە بە ڕێگایەك دەزانن بۆ بەدەستهێنانی دڵ و مەیلی ترەمپ، واتە پێیان وایە دەتوانن بەم شێوەیە خۆشحاڵی بکەن. لە دەرئەنجامدا هاوکارییەکی زیاتر لەگەڵ ئەمریکا بەدەست دەهێنن. ئەگەر بێمە سەر پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا من دڵنیا نیم لەوەی تا ڕادەیەك هەنگاو هەڵدەگیرێت بۆ ئەو ڕێککەوتنە بەرگرییەی هەمووان باسی دەکەن، گومانم هەیە لەوەی ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی خوازراو بێت. دواتر دەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت، کە دیوێکی دیکەی دراوەکە بریتییە لە چین، مەبەستم ئەوەیە کە زۆرێك لە وڵاتانی کەنداو خوازیاری ئەوەن کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چین باشتر و بەرەوپێشتر بچێت. واتە دەبێت هەڵسەنگاندن بکەن بۆ ئەوەی ئەم پرسە زیان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چیندا نەگەیەنێت.

*** ئێوە لە یەکێك لە وەڵامەکانتاندا باستان لە پێشهاتی هەڵگرتنی سزاکانی سەر سووریا کرد، ئایا ئەم سەردانە هیچ ئاکامێکی دەبێت**

**دیانەوێت شێوازێکی دیپلۆماتی پیادە بکەن و ئەمەشیان پێ باشترە لە هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئێراندا، ئەگەرچی هێشتا هەر گومانیان هەیە لە ئاست نیازەکانی ئێران لە ناوچەکەدا**

**زۆرێک لە وڵاتانی کەنداو خوازیاری ئەوەن کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چین باشتر و بەرەوپێشتر بچێت**

**ئێران خوازیاری ئەوە نییە دەست لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڵگرێت، لە کاتێکدا ئەوە داواکارییە سەقف بەرزەکەی ئەمریکایە کە داوا لە ئێران دەکات دەستبەرداری ئەم پرۆگرامە بێت**

**لەسەر گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران کە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بەڕێوە دەچێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە گفتوگۆکانی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە هەبێت، ئەوا ئەوەندەی من تێگەیشتبم ئەوەیە کە خەریکە هەندێ لە پرسەکانی تایبەتی بە بوارە تەکنیکییەکان گەڵاڵە دەبن. کە پێم وایە کێشەکان لێرەوە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن. تا ئێستا حەزەرێکی زۆر هەبووە، بەڵام ئاماژەی ئامادەییەش بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دراوە بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتن. لەم ڕووەوە ئێران پەیامی پەنهانی ناردووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە هێشتا ئالنگاریی گەورە ماون لە پەیوەندی بە داواکارییەکانی هەردوولاوە. ئێران خوازیاری ئەوە نییە دەست لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڵگرێت، لە کاتێکدا ئەوە داواکارییە سەقف بەرزەکەی ئەمریکایە کە داوا لە ئێران دەکات دەستبەرداری ئەم پرۆگرامە بێت. هەرچەندە ئاماژەی ئەوەش لە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەدی کراوە کە سەقفی داواکارییەکانی کەم بکاتەوە. هەرچۆنێك بێت، پێم وایە هێشتا کێشەی گەورە ماونەتەوە کە دەبێت یەکلایان بکەنەوە، بەتایبەتی لە هەفتەکانی داهاتوودا، چونکە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ خشتەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

*** بە بۆچوونی ئێوە سەرکردەکانی ئەو وڵاتانەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سەردانی کردن، چییان بە سەرۆکی ئەمریکا وتووە لە بارەی ئێرانەوە؟ ئایا پێت وایە هانیان داوە ڕێگاچارەیەکی نەرمتر بگرێتەبەر، یان بە پێچەوانەوە داوایان کردووە؟**

- پێم وایە بە هەردوو ئاراستەکەدا قسەیان لەگەڵ سەرۆك ترەمپ کردووە. چونکە ئەم وڵاتانە لەلایەك، نیگەرانن لە بارەی هەڵگیرسانی شەڕەوە، لەلایەکی دیکەوە، نایانەوێت ئێرانیش بە چەشنێك توانادار بێت کە چەکی ناوکی دروست بکات. لە هەمان کاتدا، عەرەبستانی سعودیەش بیر لە بەدەستهێنانی توانای ناوکی دەکاتەوە، ئەگەرچی توانایەکی ناوکیی مەدەنیش بێت و تەنیا بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی وزەش بێت. خۆ ئەگەر ئێران بتوانێت ڕێککەوتنێکی باشتر لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا واژۆ بکات، بە چەشنێك کە بواری پێ بدات کە دەسەڵات و کۆنترۆڵێکی زیاتری هەبێت بەسەر پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە، ئەوا ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی گۆڕینی بیرکردنەوەی عەرەبستانی سعودیە لە پەیوەندی بە هاوپەیمانبوونی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**ئەم وڵاتانە لەلایەک، نیگەرانن لە بارەی هەڵگیرسانی شەڕەوە، لەلایەکی دیکەوە، نایانەوێت ئێرانیش بە چەشنێک تواناداربێت کە چەکی ناوکی دروست بکات**






**فەلاح سەید مەولوود ئەلنەجاڕ**

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ گوڵان:

# هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین کانزا و بلۆکی کانزاییە کە دەکرێت وەبەرهێنانی گەورەی تێدا ئەنجام بدرێت

# کارگەی چیمەنتۆی دابین ڕۆژانە (٨,٠٠٠) تۆن چیمەنتۆ بەرهەم دەهێنێت

**فرەچەشنکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆی «دابین» لەم چوارچێوەیدایە، بەتایبەتی لە بواری وەبەرهێنان لە کەرتی کانزایی کە جگە لەم کارگەیە دوو کارگەی دیکەش بەدواداچوونی مەیدانییان بۆ کردووە، ئەمەش یەکەمین جارە لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانرێت کارگەیەك کە دۆستی ژینگە بێت لە ڕێگەی وەبەرهێنان بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازی دروست بکرێت. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ فەلاح سەید مەولوود ئەلنەجار بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ساز دا.**

*** با سەرەتای پرسیارمان لە کردنەوەی کارگەی چیمەنتۆی «دابین» دەست پێبکەین، کە هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بواری وەبەرهێنان لە کەرتی کانزایی، وەکو بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی کانزایی چۆن دەڕوانیتە ئەم دەستکەوتە؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی کە ئەرکی گەڕان و پشکنینە بەدوای سامانی کانزایی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ئەوەی سامانی کانزاییش بۆ بەرژەوەندیی گشتی و ئابووریی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی تێدا بکرێت. لە دەستپێکی دامەزرانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەکە کارکردن بووە بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان فرەچەشن و فرەڕەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەسترێت، کە دوو کەرتی ناجێگیر و ناسەقامگیرن لە بواری داهاتەکەیدا، لەم ڕوانگەیەوە گرنگییەکی زۆر دراوە بە کەرتی پیشەسازی و پیشەسازیی کانزاییش لەم چوارچێوەیەدا دێت، یەکێکیش لەو پڕۆژانەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لەسەر ڕووبەری ٦٥٢ هەزار مەتر چوارگۆشە لەلایەن هەردوو کۆمپانیای (دابین گرووپ) و (پاوەرچاینا) بەتێچوونی ٢٨٠ ملیۆن دۆلار دروست کراوە و دەستی بە بەرهەمهێنان کرد، کارگەی چیمەنتۆی دابین گرووپ بوو لە پارێزگای هەولێر، بێگومان ئەم پڕۆژەیە یەکێکە لەو پڕۆژانەی لەم کابینەیەدا بەردی بناغەی بۆ دانرا و بەرهەمەکانی بە کوالێتی و ستانداری جیهانی خرایە بازاڕەوە، کارگەکەش باشترین براندی ئەوروپایی و چینی تێیدا بەکار هێنراوە، تاوەکو کێبڕکێی بەرزترین و باشترین بەرهەمە باشەکانی چیمەنتۆ بکات لە بازاڕەکانی عێراق و ناوچەکەدا.

کارگەکە بە توانای شەش هەزار کلیکەر کە دەکاتە هەشت هەزار تۆن چیمەنتۆ لە ڕۆژێکدا و ساڵانەش زیاتر لە ٢،٠٠٠،٠٠٠ ملیۆن تۆن چیمەنتۆ بەرهەم دەهێنرێت، هاوکات کارگەکە وێستگەیەکی کارەباشی بە توانای ٥٢ مێگاوات کارەبا لەخۆ گرتووە و وەزارەتی کارەبا ناچار نابێت، بڕە کارەبایەکی زۆری بۆ دابین بکات، ئەمە وێڕای بوونی چوار سایلۆ بۆ هەڵگرتنی چیمەنتۆ.

*** ئێوە وەکو وەبەرهێنانی کانزایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان تا چەند کنە و پشکنینتان بۆ لایەنی جیولۆجیی ئەو ناوچەیە کردووە؟ ئایا لە بواری کەڵکی ئابووریدا ئەم کارگەیەی چیمەنتۆی دابین تا چەند سەرکەوتووە؟**

**لە دەستپێکی دامەزرانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کابینەکە کارکردن بووە بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان فرەچەشن و فرەڕەهەند بێت و تەنیا پشت بە نەوت و غاز نەبەستریت، کە دوو کەرتی ناجێگیر و ناسەقامگیرن لە بواری داهاتەکەیدا**

**لە قۆناغی یەکەم و ئێستایدا توانراوە لە کارگەکە هەلی کار بۆ ١٢٠٠ گەنج بڕەخسێنرێت لە خەڵکی ناوچەکە**

- وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی، پێشتر شارەزایی و پشکنینی تەواو بۆ شوێن و کەڵکی ئابووری دروستکردنی کارگەیەکی چیمەنتۆی لەم شێوەیە لەم شوێنەدا کراوە، بۆ نموونە بەردەکەی کە چیمەنتۆی لێ بەرهەم دەهێنرێت بە بەردی لایمستۆن بەناوبانگە و لەم ناوچەیەدا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن تۆن یەدەگی هەیە، بە واتا تاوەکو ٥٠ ساڵ لەتوانایدا هەیە ئەم کارگەی چیمەنتۆیە بەرهەمی هەبێت. هەروەها کارگەکە چوار سایلۆی هەڵگرتنی چیمەنتۆی هەیە بە تیرەی ١٨ مەتر و بەرزیی ٥٦ مەتر، کە بە جیا چیمەنتۆی جۆری پۆرتلەنتی ئاسایی و چیمەنتۆی سێمپتو هەڵدەگرێت، لەمەش گرنگتر کارگەکە دەکەوێتە ناوچەیەکی نزیك شاری هەولێر کە بۆ گواستنەوە و ناردنی بەرهەمەکەی بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان و خوارووی عێراق تێچوونێکی زۆری گواستنەوەمان بۆ دەگەڕێتەوە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەم کارگەیە توانای بەدەستهێنانی هەلی کاری بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوەتا لە قۆناغی یەکەم و ئێستایدا توانراوە لە کارگەکە هەلی کار بۆ ١٢٠٠ گەنج بڕەخسێنرێت لە خەڵکی ناوچەکە، سەرۆکی حکومەتیش زۆر گرنگی بە بابەتی دابینکردنی هەلی کار لە ڕێگەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران دەدات و تەنانەت یاسای بۆ بەکارهێنانی ڕێژەی کرێکاری بیانی لەناو ئەم گەورە کارگە و کەرتانەی گەشتیاریش داناوە. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە وەکو سامانە سرووشتییەکان لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین پرۆژە و توێژینەوەمان ئەنجام داوە لە بوارە جیاجیاکانی مەسحی جیولۆجی و پشکنینی کانزایی، چەند شوێنێکی شیاویش بۆ کارکردن تیایاندا دەستنیشان کراون، کە کەڵکی ئەنجامدانی وەبەرهێنانی تێدا هەیە لە هەرێمی کوردستان سێ کەرەستەی خاو هەیە کە کارگەی چیمەنتۆ پشتیان پێ دەبەستێت و لە هەرێمی کوردستاندا بە ڕێژەیەکی زۆر بوونی هەیە، ئەویش (لایمستۆن- بەردی کلس) و (خۆڵ – گڵەی) و (گەچ – Gypsum).

*** یەکێك لە کێشەکانی کارگە و کارخانەکان بابەتی ژینگەپارێزییە، هەموو ئەم کارگانە دووکەڵ و گازی ژەهراوییان هەیە، ئەمە وێڕای پاشماوەی ڕەقی کارگەکان، ئایا تا چەند ڕەچاوی ژینگەپارێزی دەکرێت بەتایبەتی کە کارگەکە کەوتووەتە نزیك شوێنێکی گەشتیاریی گەورەوە ئەویش ناوچەی بەنداوی گۆمەسپانە؟**

- تیمە تەکنیکی و شارەزاییەکانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی دیکەی دەستەی پاراستنی ژینگە و پارێزگا و یەکە ئیدارییەکان گرنگییەکی زۆر بە بابەتی ژینگەپارێزی دەدەن. جێگای



خۆشحاڵییە لەم کارگەیە گرنگیی زۆر بە ژینگەپارێزی دراوە و فیلتەری ئەو هەموو دووکەڵ و گازەش دانراوە کە لە ئاکامی پرۆسەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ دروست دەبێت، تەنانەت چارەسەری ئەو تۆزەش کراوە کە لەم کارگەیە بە هاوشێوەی کارگەکانی دیکەی چیمەنتۆ دروست دەبێت. ئەوەی جێگای دڵخۆشییە ئەوەیە کە کۆمپانیاکە بەڵێنی داوە، پۆندێك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات، تاوەکو قەرەبووی ئەو ئاوەش بکاتەوە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بەکاری دەهێنن، هەروەها ژمارەیەك لە قوتابخانەکانی گوندەکانی ناوچەکەیان نۆژەن کردووەتەوە. ئومێدەوارم لە بواری هاندانی رووواندنی درەخت فراوانکردنی پانتایی دارستانەکان کۆمپانیاکە هاوکار بێت، پاڵپشتی برا جووتیارەکانی ناوچەکەش بێت، بۆ گرنگیدان بە درەختی بەرز و میوەجات لە ناوچەکەدا، چونکە پانتایی سەوزایی و دارستانەکان رۆڵیان لە ژینگەپارێزی هەیە.

*** دواپرسیارمان با لەسەر ئەو کانزا و جۆرانەی بێت کە دوای پشکنین دەرکەوتووە کە لە هەرێمی کوردستان رێژەیان زۆرە و دەکرێت لە رێگەی وەبەرهێنانەوە کاری جددیی لەسەر بکرێت. ئایا دەکرێت بزانین تاکو ئێستا چ کانزایەك لە هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوە؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، دەبێت ئەو هەقیقەتە بزانین کە بوونی کانزا و وەبەرهێنان تێیدا دوو بابەتی جیاوازە، چونکە بوونی کانزا پەیوەندی بە جۆر و رێژە و بڕ و شوێنی کانزاکە و کەڵکی ئابووری و وەبەرهێنان تێیدا هەیە. ئاشکرایە کە لە جیهاندا زیاتر لە ٥٨ جۆری کانزا هەیە، دۆزینەوەی کانزا و وەرگرتنی سامبڵ و کارکردن لەسەری لە تاقیگەکان کارێکی قورسە کە پسپۆڕان و جیولۆجی و زەویناسەکان کاری لەسەر دەکەن، لە هەرێمی کوردستان بڕێکی زۆر لە کانزاکان بەدی دەکرێت، بەتایبەتی کانزا نافلزییەکان کە بەشێکی زۆری کەڤرە پیشەسازییەکان پێك دەهێنن و دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت، بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، هەندێك لە کانزا نافلزییەکان لە عێراقدا تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، وەکو مەرمەر و بازاڵت باراێت کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە پیشەسازییە تازە پێشکەوتووەکان، ئەمە جگە لەو کانزا فلزییانەی کە تاکو ئێستا لەبەر بوونیان لە شوێنە سنوورییەکان نەتوانراوە لێکۆڵینەوە و رووپێو و پشکنینی تێروتەسەلیان بۆ بکرێت، کە بتوانرێت بە شێوەیەکی ورد جۆر و بڕی یەدەگیان دیاری بکرێت. زانیارییە سەرەتاییەکان لەسەر کانزاکان لەهەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بەڵێن پێدەرن ئەگەر لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل و وردیان بۆ بکرێت بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاریی ورد و پێویستی زیاتر بۆ ئەوەی بتوانرێت پلانی کارکردنی بۆ دابڕێژرێت لە داهاتوودا، لەلایەکی دیکەوە چەند شوێنێکمان دیاری کردووە کە شیاون بۆ وەبەرهێنان و کارکردن تیایاندا لە بواری پیشەسازیی (چیمەنتۆ و کەرپووچ و گەچ و مەرمەر و...تادوایی). بە شێوەیەکی گشتی قسەکردن لەسەر کانزاکان باس و خواسێکی زۆر هەڵدەگرێت و لە دووتوێی ئەم دیدارەدا ناتوانین مافی خۆی بە تەواوەتی بدەینێ.

**کۆمپانیاکە بەڵێنی داوە، پۆندێک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات، تاوەکو قەرەبووی ئەو ئاوەش بکاتەوە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ بەکاری دەهێنن، هەروەها ژمارەیەک لە قوتابخانەکانی گوندەکانی ناوچەکەیان نۆژەن کردووەتەوە**

**هەندێک لە کانزا نافلزییەکان لە عێراقدا تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، وەکو مەرمەر و بازاڵت باراێت کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە پیشەسازییە تازە پێشکەوتووەکان**



# هەرێمی کوردستانی عێراق باشترین نموونەی خەباتی سەردەمییانەی کورد

لە گەرمەی هەڵکشانی ململانێیەکانی نێوان بەرژەوەندییەکانی هێزە زلهێزەکان لەسەر سامان و سەرچاوەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، زیادبوونی خێرایی ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان لایەنە هەرێمییە حوکمڕانەکان سەبارەت بە دابەشکردنی هەژموون و داگیرسانی پڵیتەی شەڕەکان بەوەکالەت، هەروەها گەشەسەندنی ئەو شەڕانە لەم ساڵانەی دواییدا و، هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادانی توندوتیژیی نێوان هێزەکانی گەلانی زیندوو لە لایەك و، ڕژێمە دیکتاتۆرە ستەمکارەکان لە لایەکی دیکەوە، لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا، هاوکات گەشەسەندنی دیاردەی میلیشیا چەکدارەکان لەژێر دروشمگەلی ئایدیۆلۆژی کە بوونەتە سووتەمەنیی شەڕەکان بەوەکالەت و، هاتنە کایەوەی دەسەڵاتەکانی دیفاکتۆ کە فەرمان لە حزبە ناشەرعییەکان، یان گرووپگەلێکی ملکەچنەکردوو بۆ یاسا و لە کۆنترۆڵ دەرچوو وەردەگرن، لە بەرانبەر دەرکەوتنی ئاراستەی سەرونەتەوەیی و نیشتمانییەکان کە توندڕەون لەپێناو ئایین و مەزهەب و تائیفە و عەشیرەت و دەرەنجامە کارەساتبارەکانیان، بەهۆی کوشتار و خوێنڕشتنی بێتاوانانەوە، ئەستەمە بتوانیت بستە زەوییەك لە ڕۆژهەڵاتە کارەساتبارەکەماندا بدۆزیتەوە، کە خاڵی بێت لەم قەیران و مەترسی و کارەساتانە، تەنیا یەك حاڵەتی جیاواز نەبێت، ئەویش هەرێمی کوردستان عێراقی فیدڕاڵە.

لەم چەند مانگەی دواییدا، یەك لەدوای یەك گەواهیگەلێکی زۆر هاتوونەتە ئاراوە لە بارەی ڕۆڵی پێشەنگی هەرێم لە ناوچەکەدا، وەك خاڵێکی درەوشاوە لەناو تاریکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش لەلایەن کەسانی دوورەوە پێش نزیکەوە، چونکە بابەت و توێژینەوەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان لە ئەمریکا و ئەوروپا، هەروەها نووسینی چەندین شرۆڤەکارانی عەرەب و جگە لەوانیش، دەریانخستووە چۆن پەیوەندییەکانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان لە کوردستانی عێراق پتەون، کە خاوەنی سرووشتێکی فرەیی مێژووییە. هەروەها ناوەڕۆکی ئاشتییانەی کێبڕکێی نێوان حزب و ڕەوتە سیاسییەکان و نەریتە دیموکراسییە پەیڕەوکراوەکان لە گواستنەوەی دەسەڵاتدا و، پەیوەندییە باشەکانی نێوان هەولێری پایتەختی هەرێم و بەغدای پایتەختی فیدڕاڵ، هەروەها ڕۆڵی هەرێم لە پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا، نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو عێراقیشدا.

ئەو گەواهییە ئەرێنییانە لەبارەی واقیعی ڕاستەقینەی هەرێم، مایەی شانازی و سەربەرزییە بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە گرەویان لەسەر ئەو ئەزموونە مێژووییە کرد و، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ بونیادنەرانیدا وەستان، بێگومانیش، دەبێتە مایەی نیگەرانی و بێزاری و دڵەڕاوکێ بۆ ئەوانەی دژی ئەزموونەکە وەستانەوە و، هەوڵیان دا بۆ زیندەبەچاڵکردنی دەستکەوتەکانی و دژایەتیی سەرکردەکانی هەرێمیان کرد، بە هەموو ڕێگا و شێوازێك، بە شێوەی چەکداری و پیلانگێڕیشەوە.

من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە هەست بە خۆشییەکی بێسنوور دەکەم کاتێك بە چاوی خۆم سەرکەوتنی ئەم ڕێڕەوە درێژە دەبینم کە سەرکردەی کۆچکردوو مستەفا بارزانی دەستی پێکرد و، لەپێش ئەویشدا شێخ عەبدولسەلام، دواجار جەنابی

**لەم چەند مانگەی دواییدا، یەک لەدوای یەک گەواهیگەلێکی زۆر هاتوونەتە ئاراوە لە بارەی ڕۆڵی پێشەنگی هەرێم لە ناوچەکەدا، وەک خاڵێکی درەوشاوە لەناو تاریکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**چەندین شرۆڤەکارانی عەرەب و جگە لەوانیش، دەریانخستووە چۆن پەیوەندییەکانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان لە کوردستانی عێراق پتەون**

سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



سەرۆک مسعود بارزانی بە شایستەیی درێژەی پێدا، چونکە ئەمە بەرهەمی ڕووبارێك خوێن و فرمێسك و دەیان هەزار شەهید و نموونەکانی قارەمانێتی و خۆڕاگریی پێشمەرگە ئازاکانە.

بەڵام بۆچی هەست بە خۆشی دەکەم؟ یەکەم، چونکە من و هاوتەمەنەکانم لە ڕێگەی ناوی بارزانییەوە ناسنامەی خۆمان ناسی، دووەم: وەك نوێنەری پارتی چەپی دیموکراتی کوردی سەرۆکایەتیی یەکەم شاندم کرد، بۆ لای بارزانی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول و ئیدریسی کوڕی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە ساڵی ١٩٦٧دا، ڕێککەوتنێکمان بەست بۆ پشتیوانیکردنی شۆڕش و پتەوکردنی کاری هاوبەش و هەماهەنگی و لەگەڵ شۆڕشدا ماینەوە و، ئەوەی لە تواناماندا بوو پێشکەشمان دەکرد، تا ڕووداوی کارەساتەکە لە ساڵی ١٩٧٥، دوای کۆچی دوایی سەرکردەش، پەیوەندییەکانمان دەستپێکردەوە، لە میانەی دیدارمدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی لە تەرابلوس – لیبیا، لە ساڵی ١٩٨٣، لەسەر هەماهەنگی بەردەوام بووین، بە جۆرێك کە تا ئێستا نزیکەی ٢٥ ساڵم لە کوردستانی عێراق بەسەر بردووە، هەموو تواناکانی خۆم پێشکەش دەکەم بۆ سەرخستنی ئەزموونەکە و، هەست دەکەم هاوبەشێکم لە بونیادنان و پەرەپێدانیدا. هەر بۆیە بە هەموو هەستەکانمەوە گرەوم لەسەر سەرکەوتنی کردووە و، بە سەرکەوتنێکی کەسیی خۆمی دەزانم، چونکە بە قەڵەمەکەم ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە بومەتەوە کە ویستوویانە زیانی پێبگەیەنن. هەموو ئەمانە هەرگیز بەو مانایە نییە کە ئەزموونەکە ڕێڕەوێکی گرتووەتەبەر کە خاڵی بێت لە شکست و هەڵە.

کاتێك ئەم ئەزموونە مێژووییە بێهاوتایە دەخەینە ڕوو کە لە کوردستانی عێراقدا بەدەست هاتووە، ئەوا بە نموونەیەکی گونجاوی دادەنێین کە بزووتنەوەی کوردی لە پارچەکانی دیکەدا دەتوانێت سوود لە وانەکانی وەربگرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازیی بارودۆخ و هەلومەرجەکان، هەروەها ئەوەش کە هەر پارچەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە ڕووی مرۆیی، جوگرافی، کاتی و کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەمانەش ڕەنگدانەوەیان لە هاوسەنگیی هێز و شێوازەکانی خەبات و ئاستی مافەکان لە چوارچێوەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسیندا هەیە، کە ئەم شێوازە زۆرانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت: (سەربەخۆیی، فیدراڵیزم، ئۆتۆنۆمی، لامەرکەزی یان ئیدارەی خۆجێیی...).

ئاشکرایە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە شێوە گشتییەکەی، وێڕای جیاوازیی تایبەتمەندییەکانی، لە پەیوەندییە نێوخۆییەکانیدا بە دەست قەیرانێکەوە دەناڵێنێت، بەجۆرێك کە چوارچێوەیەکی ڕوونمان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نییە، بەڵکو بەداخەوە، هێشتا دوژمنایەتی لە نێوان هەندێك لە لایەنەکانیدا درێژەی هەیە، بۆیە پێویستییەکی زۆر بەپەلە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە هەیە، هەروەها دانانی بناغەیەکی دیموکراسی و برایانە بۆ پەیوەندییەکان لە ڕێگەی دانانی پرەنسیپ و بنەماکانی ڕێککەوتن، بێگومان هەرێم بەگشتی شایستەی ئەوەیە و توانای ئەوەی هەیە، ڕۆڵێکی ئەرێنی لەم بوارەدا بگێڕێت. جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بە هۆی ئەو پێگە و ڕێزەی کە هەیەتی، دەتوانێت براکان کۆبکاتەوە و ئاشتیان بکاتەوە.

**جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بە هۆی ئەو پێگە و ڕێزەی کە هەیەتی، دەتوانێت براکان کۆبکاتەوە و ئاشتیان بکاتەوە**

**کاتێک ئەم ئەزموونە مێژووییە بێهاوتایە دەخەینە ڕوو کە لە کوردستانی عێراقدا بەدەست هاتووە، ئەوا بە نموونەیەکی گونجاوی دادەنێین کە بزووتنەوەی کوردی لە پارچەکانی دیکەدا دەتوانێت سوود لە وانەکانی وەربگرێت**




ممدوح سینۆ حاجی جەمال

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# ئۆجەلان وەکو دامەزرێنەری پەکەکە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە کە بێ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتوو نابێت

# سەرۆک بارزانی بوو لە ساڵانی ٢٠١٢ و دواتریش هەوڵیدا پرۆسەی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و تورکیا دروست بکات

# بە بڕیار و دەستپێشخەریی سەرۆک بارزانی هەموو ئاوارە و پەنابەرەکان باوەشیان بۆ کرایەوە

**پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ سەرۆك بارزانی وەرچەرخانێکی گەورەیە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، چونکە مەرجەعی کورد و کوردستان ڕۆڵێکی کارای لە نێوخۆ و ناوچەکە و جیهاندا هەیە و، بەردەوام جەخت لەسەر ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلان دەکاتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر پرسی کورد لە باکووری کوردستان و پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ چەك دانانی پەکەکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ممدوح سینۆ حاجی جەمال ئەندامی پێشووی پەکەکە ساز دا.**

*** شاندی دەم پارتی پەیامی ئاشتیی ئۆجەلانیان لە ئیمراڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنا و، سەرۆك بارزانی پشتگیریی ناوەرۆکی پەیامەکەی ئۆجەلانی کرد، کە ئامانج لێی چارەسەری ئاشتییانەیە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا، ئایا چۆن سەردانی شاندی دەم پارتی بۆ لای سەرۆك بارزانی دەخوێنیتەوە؟**

- مێژوو و بەسەرهاتەکانی ڕۆژگار و چەندین ساڵەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، بۆ هەموو تاکێکی کورد و پارچەکانی کوردستان و دونیاش سەلماندی کە جەنابی سەرۆك بارزانی بەو کار و هەوڵانەی لە ڕووی مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان و ئاشتی و ئارامی، نەك تەنیا بۆ گەلی کورد و کوردستان، بەڵکو بۆ ناوچەکە و هەموو ئەو لایەن و وڵاتانەی پرسیان پێ کردووە، سەرۆك بارزانی بووەتە سیمبول و کەسایەتییەکی کاریگەر و میانڕەو و ئاشتیخواز، هاوکات لەو کاتەی کە هەرێمی کوردستان بووەتە خاوەن پەرلەمان و حکومەت و سەروەریی یاسا دەبینین لە زۆر لایەن و بواردا بەتایبەتی لە عێراقی فیدراڵدا دژایەتیی ئەم هەرێمە کراوە، بەتایبەتی بە بڕینی مووچە و بوودجە و شایستە داراییەکانی کە مافێکە بە یاسا ڕێك خراوە، هاوکات حکومەتی کوردستان لە شەڕی دژی داعش و پێشتریش بە هۆی کاری تیرۆریستی و شۆڤینی جگە لەوەی بە هەزاران ئاوارەی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەوە پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکانیش پەنایان هێنایە بەر هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی هیچ لایەن و ڕێکخراوێکی بیانی و نێودەوڵەتی هاوکاریی حکومەتی کوردستان بکات، ئەوە بە بڕیار و دەستپێشخەریی سەرۆك بارزانی هەموو ئاوارە و پەنابەرەکان باوەشیان بۆ کرایەوە، هەموو ئەوانە و حەکیمیی سەرۆك بارزانی بۆ ناوچەکە و هەموو دونیای دەریخست، سەرکردە و کەسایەتییەکی لەخۆبردە و مەرجەعی گەورەی گەلی کورد و

**چەکدارانی پەکەکەش گەیشتوونەتە ئەو قەناعاتە کە بێ ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت**

**ئۆجەلان ماوەی زیاتر لە (٢٥) ساڵە لە زیندانە و هەر بڕیار و پەیام و قسەیەکی کردبێت، سەرکردە سیاسی و سەربازی و چەکدارەکانی پەکەکە پابەندی بوون و لە قسەی دەرنەچوون**

کوردستانە، بێگومان نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە سەرۆک بارزانی بوو لە ساڵانی ٢٠١٢ و دواتریش هەوڵیدا پرۆسەی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و تورکیا دروست بکات، لەسەر بنەمای هەموو ئەو رووداو و پێشهاتانە سەرۆك هەوڵی داوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و کوردستان لە هەموو پارچەکان، ئەوە لە پرۆسەی ئاشتی ئەمجارەدا باوەڕ و تێگەیشتنی راستەقینەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانە گەیشتە ئەوەی کە دەبێت رۆڵی یەکەم و سەرەکی بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا وەکو مەرجەعی گەلی کورد و کوردستان دەبێت سەرۆك بارزانی رۆڵی خۆی بگێڕێت، هەر بۆیەش شاندی دەم پارتی کە سەردانی ئیمیرالییان دەکرد بۆ دیتن و گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان، ئەوە لە دواجار ئۆجەلان پەیامێکی هەبوو کە سەرەتا و راستەوخۆ پێش ئەوەی بدرێت بە هەر لایەنێك، ئەوە بە جەنابی بارزانی بدرێت تاوەکو بتوانێت بەو کاریزما و قورساییەی کە جەنابیان لە ناوچەکە و تورکیا هەیەتی، کار بۆ ئەوە بکات، پرۆسەی ئاشتی کە بڕیارە لە نێوان پەکەکە و تورکیا ئەنجام بدرێت، سەربکەوێت، چەکدارانی پەکەکەش گەیشتوونەتە ئەو قەناعاتە کە بەبێ رۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت.

*** ئۆجەلان بە فەرمی داوای کردووە کە پەکەکە چەك دابنێت و کۆتایی بە شەڕ بهێنێت. سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکە لە کۆنگرەکەیاندا بە زارەکی پێشوازییان لەم پەیامە کردووە. ئایا پەکەکە بە کردەیی ئەم پەیامەی ئۆجەلان جێبەجێ دەکات؟**

- لە دامەزراندنی پەکەکە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کە ماوەی زیاتر لە (٢٥) ساڵە ئۆجەلان لە زیندانە، هەر بڕیار و پەیام و قسەیەکی کردبێت، بەتایبەتی ئەو پەیامانەی راستەوخۆ بۆ پەکەکە بووە، سەرکردە سیاسی و سەربازی و چەکدارەکانی پەکەکە پابەندی بوون و لە قسەی دەرنەچوون، بەڵێ، لەگەڵ گەیشتنی پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ قەندیل بەبێ سێ و دوو پەکەکە رایانگەیاند کە ئەو بڕیارەی ئۆجەلان وەك سەرکردەیان و دامەزرێنەری پەکەکەیە و پابەندی دەبن و جێبەجێی دەکەن. هاوکات پەکەکە بە هەموو باڵ و گرووپەکانی پابەندی ئەوەش دەبن کە چەك دابنێن، ئەوە بوو لە (٥ بۆ٢٠٢٥/٥/٧) پەکەکە کۆنگرەی خۆی ساز دا و لەوێ بڕیاری دا کە پابەندی پەیامەکەی سەرکردەکەیان بن، بە مەرجێ لە ئێستادا یەکلایەنەش بێت، چەکەکانیان بێدەنگ دەکەن و بۆ چەکدانانەکەش یەکجارەکی دەبێت، دەوڵەتی تورکیاش هەنگاوی پراکتیکیی خۆیان بهاوێن و پێشەکی دەبێت ئەو مەرجانە جێبەجێ بکەن، یەکەم: بڕیار و یاسایەك هەیە بە ناوی هیوا هەڵبوەشێتەوە کە بەو بڕیارە ئۆجەلان و هاوڕێ و لایەنگرانیان زیندانین. دووەم: ژمارەیەك زیندانی هەن کە پەکەکە و لایەنگرانیان کە ژمارەیان دەگاتە (٤٠٠٠) کەس دەبێت ئازاد بکرێن. سێیەم: دەبێت ئەو بڕیارەی کە پەکەکەی پێکراوە بە تیرۆریست هەڵبوەشێتەوە. بێگومان ئەگەر نیازی ئەردۆگان ئەوە بێت کە پرۆسەی ئاشتی سەر بکەوێت، دەبێت ئەو مەرجە سەرەتاییانە جێبەجێ بکات، لە پاش ئەمە پەکەکە بە چاودێریی نێودەوڵەتی و ئەمریکا چەکەکانی دادەنێت، ئێستاش کە بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەیان داوە، ئەوە مانای چەك دانانیش دەگرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئۆجەلان زۆر بە راستی لەگەڵ ئەوەیە کە کێشەی باکووری کوردستان بە چەك و شەڕ کۆتایی نەهاتووە و دەبێت رێگای ئاشتی و مەدەنییانە بگرنەبەر، هەر بۆیە دڵنیایی دەدەم کە پەکەکە لە ماوەیەکی نزیکدا چەکەکانی دادەنێت و بە هەموو جۆرێك ناچێتە ناو چوارچێوەی شەڕ، چونکە لە ئێستاشدا سوپای تورکیا بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە و قەندیل لە هێرشی سەربازی و ئۆپەراسیۆن بەردەوامە، کە دەبێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتییەکە ئەو پێشێلکارییانە نەمێنێت.

*** با بێینە سەر کاریگەریی دەم پارتی لەناو کوردی تورکیادا، ئایا کوردی تورکیا دەم پارتی بە نوێنەری خۆیان دەزانن؟ ئایا رۆڵ و کاریگەریی دەم پارتی و سەلاحەدین دەمیرتاش بۆ پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**ژمارەیەک زیندانی هەن کە پەکەکە و لایەنگرانیان کە ژمارەیان دەگاتە (٤٠٠٠) کەس دەبێت ئازاد بکرێن**

**دڵنیایی دەدەم کە پەکەکە لە ماوەیەکی نزیکدا چەکەکانی دادەنێت و بە هەموو جۆرێک ناچێتە ناو چوارچێوەی شەڕ**

**لە ئێستاشدا هێرشی سەربازی و ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر قەندیل بەردەوامە، کە دەبێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتییەکە ئەو پێشێلکارییانە نەمێنێت**

**سەلاحەدین دەمیرتاش، کەسایەتییەکی سیاسی و رۆشنبیری گەلی باکووری کوردستانە و جەماوەر و دەنگ و رەنگ و کاریگەری خۆی هەیە**

- ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و بۆی هەیە هەندێ لایەن و چەکدارانی پەکەکەش تا ئاستێك قبووڵیان نەبێت، چونکە دەم پارتی ئێمە بڵێین و نەڵێین، ڕێکخراوێکی مەدەنیی بەتوانا و بەهێزە لە ئێستادا و لەو کاتەوەش کە دروست بوون، کار و هەوڵیان بۆ جەماوەر و گەلی باکووری کوردستان بووە و توانیویانە لە هەموو ئەو کۆمەڵە و گرووپ و لایەنانەی دیکەی باکووری کوردستان جەماوەری زیاتر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەر ئەمەشە وای کردووە بە ژمارەیەکی باش لە پەرلەمانی تورکیا کار بکەن و لەسەر ماف و داواکاریی باکووری کوردستانیش بە دەنگ بن و پرۆژەیان هەیە، بەڵام پێویستە دەم پارتی بۆ زیاتر گەشەکردن و هاتنەدی مافی کوردان لە تورکیا لەگەڵ کۆمەڵە و لایەنە کوردییەکانی دیکە ڕێککەوتن بکەن، ئەو کات جەماوەریان زۆر زیاتر دەبێت، سەبارەت بە سەلاحەدین دەمیرتاش، کەسایەتییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری گەلی باکووری کوردستانە و جەماوەر و دەنگ و ڕەنگ و کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە جەماوەر و سەرکەوتنی دەم پارتی بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە ئەگەر بە ئاشکراش نەبێت، بە نهێنی پەیوەندییان لەگەڵ پەکەکە و قەندیل هەیە.

*** ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە تورکیا پێویستی بە دەنگی کوردە بۆ دووبارە بوونەوەی بە سەرۆك کۆمار و دەبێت دەستووری تورکیا هەموار بکاتەوە، لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری و بازرگانی هەیە، ئەمە بێجگە لە شکۆی سەرۆك بارزانی کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئێستادا وەك مەرجەعی هەموو کورد سەیر دەکرێت. ئایا مەرجەعییەتی سەرۆك بارزانی تا چەند دەبێتە زامنی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کورد لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان؟**

- پێشەکی لە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و هەنگاونان بۆ هەمواری دەستووری تورکیا بەتایبەتی لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، ئەوە جەنابی سەرۆك بارزانی وەکو دەزانین کاریگەری و قورساییەکی زۆری لەسەر تورکیا بەتایبەتی لەسەر ئەردۆگان هەیە، هاوکات ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییە گەورەیەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەیە، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و کارکردن بۆ هەمواری دەستوورەکە، چونکە لە کاتێکدا ئەردۆگان بیەوێت ببێتەوە بە سەرۆك کۆماری تورکیا، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێویستی بە دەنگی خەڵکی باکووری کوردستان و کورد هەیە، ئەو دەنگانەش بەدەست نایەن، ئەگەر هەمواری دەستوور نەکرێت و ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردی تێدا بەرجەستە نەکرێت. هەر چەندە ئەو پرۆسەیە لە تورکیا زەحمەتی و کاتی زۆری دەوێت، بەڵام لە کاتێکدا تورکیا بیەوێت پرۆسەی ئاشتی سەرکەوێت، دەنگی کورد بۆ خۆیان ڕاکێشن، دەبێت دەستوورەکە هەموار بکرێت.

*** ئەگەر چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا سەرکەوتوو بوو، پەیوەندی لەسەر هەموو ئاستەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارە کوردییەکانی تورکیا دەچێتە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو، کە ئاسانتر کوردی تورکیا دێنە هەرێم و کوردی ئێرەش ئاسانتر دەچێتە شارەکانی تورکیا، ئایا ئەمە نابێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی پرسی کورد بگاتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر؟**

- سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا وا دەکات سنووری نێوان پارچەکانی کوردستان زۆر کەم ببێتەوە و هاتوچۆی ڕۆژانە لە نێوان خەڵکی باشوور و ڕۆژئاوا و باکوور زیاتر دەبێت، چونکە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی پارچەکانی کوردستان لەوەدایە کە پرۆسەی ئاشتی سەر بکەوێت. ئەو گوندانەی کە لە باشووری کوردستانن زیانیان بەرکەوتووە، زیاتر لە (٦٠٠)گوندن و تەنیا (٢٠٠) گوندی لە سنووری ئامێدییە کە بە هۆی شەڕ و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا چۆڵ کراون، هەموو ئەم گوندانە ئاوەدان دەبنەوە و خەڵك و خاوەن زەوی و باخ و ڕەزەکان دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

**ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانییە گەورەیەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەیە، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و کارکردن بۆ هەمواری دەستوورەکە**

**لە کاتێکدا ئەردۆگان بیەوێت ببێتەوە بە سەرۆك کۆماری تورکیا، ئەوە بە دڵنیاییەوە پێویستی بە دەنگی خەڵکی باکووری کوردستان و کورد هەیە**

**لە کاتێکدا تورکیا بیەوێت پرۆسەی ئاشتی سەرکەوێت و دەنگی کورد بۆ خۆیان ڕاکێشن، دەبێت دەستوورەکە هەموار بکرێت**

**ئەو گوندانەی کە لە باشووری کوردستانن زیانیان بەرکەوتووە، زیاتر لە (٦٠٠)گوندن و تەنیا (٢٠٠) گوندی لە سنووری ئامێدییە کە بە هۆی شەڕ و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا چۆڵ کراون**

## مەلا ئەبوبەکر شێخ ئەحمەد ئاقوبانی

وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی چوار خولەفا لە قەزای پیرمام بۆ گوڵان:

# میللەتی کورد خاوەن مێژوویەکی پرشنگداری ئیسلامییە و کەس بۆی نییە مێژووی میللەتێکی دیکەی بەسەردا بسەپێنێت

### بۆ هیچ لایەن و گرووپێکی ئیسلامیی نەهاتووە لێژنەی فەتوای هەبێت و فەتوا بدات

**بۆ ئەوەی بزانین ئیسلام بۆچی دابەشی سەر عیبادات و سیاسەت دەکرێت، یان بۆچی هەندێ کەس و گرووپ بە ناوی ئیسلامییەوە دەیانەوێت خۆشەویستیی خاك و وڵات لەناو گەلی کورد بێ بەها بکەن، لەسەر ئەم پرسانە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەلا ئەبوبەکر شێخ ئەحمەد ئاقوبانی، شارەزا و پسپۆڕ لە شەریعەتی ئیسلامی و تەریقەت و وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی چوار خولەفا لە قەزای پیرمام ئەنجام دا.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی و عیبادەت تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئەوەی ئێمە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی تێگەیشتووین، لە کاتێکدا ئایین بکەینە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، یان بۆ دروستکردنی هێز، ئەوە خودای پەروەردگار پێی ڕازی نییە و لەگەڵیشیدا نییە، چونکە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ)، خوای گەورە ڕۆژانە داوامان لێ دەکات لە نوێژەکانماندا لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بەردەوام بین، لەسەر ڕێگای ڕاست بین و لەسەر ڕێگا خوار و پێچ و پەناکان نەڕۆین، چونکە ئەو ڕێگا خواروخێچانە جیاوازی و کێشەتان لە نێوان دروست دەکات. لە کاتێکدا ئیسلامی بەشێکی لێ جیا بووەوە بە ناوی گرووپ، یان حزبێك، ئەو کاتە

له كاتێكدا ئیسلامی بەشێكی لێ جیا بووەوە بە ناوی گرووپ، یان حزبێک، ئەو كاتە لە بازنەی ئیسلامی دەچێتە دەرەوە

ئەگەر كەسێک، یان گرووپێک، حزبێک بە ناوی ئیسلامی دروست بكات، ئەوە واتە پەیرەو و پرۆگرام و بەرنامەی ئیسلامی بەلاوە ناوە

لە قورئانی پیرۆزدا سوێند بە وڵات خوراوە كە (سوێند بە مەككە خوراوە) وەكو دەفەرموێت: (والتين و الزيتون و طور سينين و هذا البلد الامين)

ئەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە بە بیر و باوەڕی دەرەكی و دوور لە ڕەزامەندیی خوا، لە بەرنامەكانیاندا كار لەسەر ئەوە دەكەن، كە تاك خاک و نیشتمانی خۆی خۆش نەوێت و ئینتیماشی بۆی نەمێنێت



لە بازنەی ئیسلامی دەچیتە دەرەوە، هەر بۆیە پەروەردگار دایناوە کە دینی ئیسلامی ئادەمیزاد لەسەری بڕوات و کەسێك جگە لە ئیسلام شتێکی دیکە بە ئایین و دینی ئیسلامی دابنێت، ئەوە قبووڵکراو نییە، واتە ئەگەر کەسێك، یان گرووپێك، حزبێك بە ناوی ئیسلامی دروست بکات، ئەوە واتە پەیڕەو و پڕۆگرام و بەرنامەی ئیسلامی بەلاوە ناوە، چونکە خوای گەورە ئایینی ئیسلامی داناوە بۆ عیبادات و بەندایەتیی خۆی و پێکەوەژیان و خزمەتکردنی ئادەمیزاد. بە شێوەیەکی گشتی ئایینی ئیسلام نابێت دابەشی سەر عیبادات و سیاسەت بکرێت، هەر کاتێك ئەو دابەشکردنە لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی دروست بێت، ئەوە کێشە و پشێوی دێتەدی و ئایینەکە دەکرێتە ئامراز بۆ ئەو لایەن و گرووپانە کە بە ناوی ئیسلامی سیاسی کار دەکەن، تاوەکو بگەنە دەسەڵات و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان.

*** لە هزری ئیسلامی سیاسی دەرکەوتووە بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، لە کوردستانیش دەبینین کە لەو مەدەرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پڕۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئەگەر لە ئیسلامی ڕاستەقینە گرووپ و حزب و بیر و باوەڕێك بە ناوی ئیسلامی دروست بوو، ئەوە ئیخوان موسلیمین بێت، یان هەر لایەن و گرووپێکی دیکەی ئیسلامی سیاسی بن، ئەوان لەسەر بەرنامە و پڕۆگرامێکی تایبەت بە خۆیان دەڕۆن، کە لەو بەرنامەیاندا خاڵێکی تێدایە کە ئەویش ئەوەیە کە گرنگی بە خاك و نیشتمان و نەتەوە نەدرێت، کە ئەمەش جیاکارییە لە بەرنامەی خوای پەروەردگار کە قورئانی پیرۆزە و پێچەوانەی فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامیشە (د.خ)، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا سوێند بە وڵات خوراوە کە (سوێند بە مەککە خوراوە) وەکو دەفەرموێت: (وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ (١) وَطُورِ سِينِينَ (٢) وَهَٰذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ (٣)). خوای گەورە لەگەڵ ئاسایش و هێمنی و بەرقەراریدایە و سوێند دەخوا بەو شارەی کە هێمن و دوور لە شەڕ و ئاشووبە، بەڵام ئەو بیروباوەڕانەی کە لە هەندێ گرووپ و لایەن بە ناوی ئیسلامی هەیە و لە وڵاتمان پەیدا بوون کە بایەخ و گرنگی بە خاك و وڵات و نیشتمان و پیرۆزییەکانی نادەن، ئەو لایەن و گرووپانە دوورن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەر چەندە بە ناوی ئایینەکەش هاتبن و ئیدیعا دەکەن. هەروەها پێغەمبەر محەمەد ئەلموستەفا (د.خ) کاتێك لە شاری مەککە کە شوێنی لەدایکبوون و ژیانی بوو، لە لایەن خەڵکەکەی دەرکرا، کە لەشار دەرچوو بەرانبەر مەککە ڕاوەستا و فرمێسك لە چاوەکانی هاتەخوار و فەرمووی: (مەککە خۆشەویسترین شوێنی ژیانمە، خوایە لەو شارە خۆشەویست و ئەمینە دەرکرام، لە شارێکی ئەمین و خۆشەویست جێگام بکەوە»، کە ئەویش مەدینە بوو. هاوکات لە شوێنێکی دیکە فەرموویەتی: (خۆشەویستیی وڵات بەشێکە لە ئیمان)، بەڵام ئەو گرووپ و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە بە بیر و باوەڕی دەرەکی و دوور لە ڕەزامەندیی خوا، لە بەرنامەکانیاندا کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە تاك خاك و نیشتمانی خۆی خۆش نەوێت و ئینتیماشی بۆی نەمێنێت کە هەموو ئەوانە لەلایەن ئیسلامییەوە جێگای نابێتەوە و قبووڵکراو نییە، چونکە خاك نەبێت مرۆڤەکان لە کوێ و چۆن عیباداتی خوای گەورە بکەن؟ لە لایەکی دیکەوە وڵات و نیشتمان وەکو دایك وایە کە دایکیش زۆر خۆشەویستە لای مرۆڤەکان. هەروەها پێویستە هەموو کەسێك بەرگری لە وڵات و نیشتمان و ئەو خاکەی بکات کە لەسەری دەژی و لە لای خوای گەورە و پێغەمبەری ئیسلامیش ئەوەیە کە ئەوەی خاك و نیشتمانی خۆی خۆش نەوێت، ئەوە ئیمانیشی بە ئیسلام تەواو نییە. پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکی دەفەرموێت (هەر کەسێك لەسەر بەرگری لە خاك و وڵات و کەرامەت و ماڵ و موڵکی، خۆی بە کوشتن بدات، ئەوە بە شەهید هەژمار دەکرێت).

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە و هەیە، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبە؟**

- ئێمە وەکو میللەتی کورد پێشتر و لەگەڵ هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشەوە لە زۆر لایەنەوە دژایەتیمان کراوە، کە ئەو دژایەتی و دوژمنایەتییەش لەسەر موسڵمانبوونمان

**پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت (هەر کەسێک لەسەر بەرگری لە خاک و وڵات و کەرامەت و ماڵ و موڵکی، خۆی بە کوشتن بدات، ئەوە بە شەهید هەژمار دەکرێت)**

**میللەتی کوردی موسڵمان ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بە ئاشتی و لێبوردەیی لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە وەرگرتووە**

**یەکێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە (جابانی کوردی) بووە و زۆر خۆشەویست و دڵسۆزی بووە، لە میللەتی کورد بووە**

نەبووە، بەڵکو هەر هەمووی لەسەر بیروباوەڕی نەتەوایەتی و نیشتمانەکەمان بووە، هاوکات هەموو ئەو شۆڕشانەی بۆ ڕزگاریی نیشتمانیمان کراون، لە لایەن شێخ سەعیدی پیران، شێخ سەعید نەورۆسی، شێخ ئەحمەد بارزانی، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ مەحموودی حەفید و قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی، هەر هەموویان مەلا و شێخ و خاوەن تەریقەتی ئیسلامی بوون کە شۆڕشەکانیان بۆ مافی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کورد بووە و، هەموو سەرکردەکان کەسایەتی و پیاوی دیاری ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بوون. ئەو هەوڵدانە خراپە سەدان ساڵە بەرانبەر گەلی کوردی موسڵمان کاری بۆ دەکرێت کە سڕینەوەی مێژووەکەیەتی، بەتایبەتی لە دوای پەیدابوونی گرووپ و لایەنی سیاسی بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، بەڵام هەوڵەکان یەك بست بڕیان نەکردووە، چونکە گەل و میللەتی کوردی موسڵمان ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بە ئاشتی و لێبوردەیی لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە وەرگرتووە، هاوکات یەکێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە (جابانی کوردی) بووە و زۆر خۆشەویست و دڵسۆزی بووە، لە میللەتی کورد بووە، هەروەها لەناو گەلی کورد چەندین زانا و بلیمەت و پیاوی ئایینی ئیسلامی زۆر دیار و گەورە هەبوون، کە کاریگەرییان لەسەر گەیاندنی پەیامی ئەو ئایینە و قورئانی پیرۆز هەبووە، هەر بۆیە ئەو بیروباوەڕە سیاسییانەی بە ناوی ئیسلامی کار بۆ سڕینەوەی مێژووی پرشنگداری گەلی کوردی موسڵمان دەکەن، لە ئایینی ئیسلام تێنەگەیشتوون.

*** ئایا لە ئایینی ئیسلامدا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا چۆن سەیری دەکرێت، کە ئیسلامی سیاسی لە بەرنامەیاندایە، ئەو تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئایینی ئیسلام بۆیە هات تاوەکو خۆشگوزەرانی دروست بکات و هەموو خاوەن مافێك بە مافی خۆی بگات، بۆیە پێش هاتنی ئیسلام بە «چەرخی جاهیلی» ناویان دەبرد، چونکە زوڵم و ستەم و توندوتیژی هەبوو، بەهێزەکان بێهێزەکانیان دەخوارد و ڕێز لە ئافرەتان نەدەگیرا و کچان زیندە بەچاڵ دەکران. ئاینی ئیسلامی پیرۆز هات، بۆ ئەوەی ئەو خوار و خێچییانە ڕاست بکاتەوە و هەموو میللەت و نەتەوەیەك بە میللەتی کوردەوە بە ماف و هەقی خۆی بگات، بەڵام بەداخەوە کە ئەو گرووپ و لایەنانەی ئێستا بە ناوی ئیسلامی دروست بوون، خەڵك هان دەدەن بۆ تەقینەوە و بۆ کاری توندوتیژی و نانەوەی ئاشووب و شەڕ و شەڕانگێزی، کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام توندتیژی نییە و جێگای نابێتەوە، هەر بۆیە ئیسلام دینی پێکەوەژیان و برایەتی و یەکتر قبووڵکردن و ئاشتی و لێبوردەیی و دادپەروەرییە و دوورە لەو توندوتیژییەی کە ئێستا هەندێ گرووپ و لایەن لە ژێر پەردەی ئیسلامی وەکو داعش کاری پێ دەکەن، گرووپ و لایەنی دیکەش زۆرن و لە وڵاتی ئێمەش چەندین ساڵە پەیدا بوون کە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان دوور لە بنەماکانی ئیسلام بە ناوی ئایینەکە پشتگیری لە توندوتیژی و ئاژاوە و شەڕ دەکەن.

*** فەتوادان لە ئیسلامدا زۆر گرنگە، ئایا نابێت حکومەت لە ڕێگای زانا و موفتییەکان فەتوا بدات؟ کەچی ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات. ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- هەر لایەنێك بە ناوی ئیسلامی سیاسەت بکات، یان هەر کەس و بانگخوازێك فەتوا بدەن، ئەوە یەکێکە لە پیلان و دەسیسە ژهراوییەکان بۆ ناو کۆمەڵگە، تاوەکو ئاژاوە و پشێوی دروست بکەن. چونکە بۆ هیچ کەس و لایەنێك نییە تەنانەت مامۆستای ئایینیش کە فتوا بدات، بەڵکو دەبێت موفتی فەتوا بدات، واتە ئەو کەسەی کە دەگاتە شارەزایی و پسپۆڕی لە هەموو لایەن و بوارەکانی ئیسلام، ئەویش پاش پرسکردنی بە کەسانی شارەزا و زانای دیکەی ئیسلامی، ئینجا فەتوا بدات، چونکە فەتوادان ئیمزاکردنە لە جیاتی خوای گەورە، لە لایەکی دیکەوە لە هەرێمی کوردستان حکومەت لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجومەنێکی باڵای لە زانا و شارەزا و پسپۆڕانی ئایینی ئیسلامی و موفتی دامەزراندووە، کە تەنیا بۆ ئەو ئەنجومەنی فەتوایە هاتووە کە فەتوا بدات، کە فەتواکەش بگونجێت و نەبێتە هۆکاری پشێوی و توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگەدا، چونکە فەتوادانێکی نەگونجاو کاولکاری و مەترسیی گەورە دروست دەکات.

**پێش هاتنی ئیسلام بە «چەرخی جاهیلی» ناویان دەبرد، چونکە زوڵم و ستەم و توندوتیژی هەبوو، بەهێزەکان بێهێزەکانیان دەخوارد و ڕێز لە ئافرەتان نەدەگیرا و کچان زیندە بەچاڵ دەکران**

**هەر کەس و بانگخوازێک فەتوا بدەن، ئەوە یەکێکە لە پیلان و دەسیسە ژهراوییەکان بۆ ناو کۆمەڵگە، تاوەکو ئاژاوە و پشێوی دروست بکەن**

**ئەو هەوڵدانە خراپە سەدان ساڵە بەرانبەر گەلی کوردی موسڵمان کاری بۆ دەکرێت کە سڕینەوەی مێژووەکەیەتی، بەتایبەتی لە دوای پەیدابوونی گرووپ و لایەنی سیاسی بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە**

# پەڕتووکە دڵخوازەکەی (سەرۆک بارزانی) وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی

## سێ قوربانییەکە: (شێخ سەعیدی بەرزنجی)، (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی) و(شێخ چاری زەوبەعی)

ڕۆژی (٩)ـی نیسانی (٢٠٢٥)، پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ جاری حەڤدەهەم کرایەوە، سەرۆك مەسعود بارزانی وەك یەکەم کەس هەم پێشانگاکەی کردەوە، هەم زۆربەی بڵاڤۆکەکانی کتێبی لەم پێشانگایەدا بە مەبەستی دەستخستنی ئەو پەڕتووکەی کە دڵخوازیەتی. بەسەر کردەوە، لە نێوانیاندا ڕێی کەوتە (ناوەندی بڵاوکردنەوەی تەفسیر)، لەوێ چاوی بەم پەڕتووکە کەوت: سێ قوربانییەکە، (شێخ سەعیدی بەرزنجی)، (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی) و (شێخ چاری زەوبەعی).

کاتێك (سەرۆك مەسعود بارزانی) لە (نووسینگەی تەفسیر) چاوی بەم پەڕتووکە کەوت، ڕاستەوخۆ وتی: «دەمێکە بەدوای ئەم کتێبەدا دەگەڕێم!»، لەوێوە ناوی کتێبەکە و بابەتەکانی ناوی تەواوی سۆشیاڵ میدیای تەنی، بۆیە لەبەر ئەوەی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، ئەمە ستافی نووسینگەی تەفسیری هان دا، بیر لەوە بکەنەوە بۆ سەر زمانی کوردی پەرچڤە بکرێت، ئەوانیش بە دەستخۆشییەوە، و بەهۆی ئەو متمانەیەی — لە بواری وەرگێڕاندا- بە بەندەیان هەبوو، داوایان کرد وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی، منیش لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەرمگێڕا، ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ و لە زووترین کاتدا ئەوان چاپ و وەشانی دەکەن.

پەڕتووکی «الضّحايا الثّلاَث - سێ قوربانییەکە»، نووسراوی: «عەبدولمونعیم ئەلغولامی»یە، و بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٥ ز) لە چاپخانەی هەدەف لە شاری مووسڵ چاپ کراوە، بۆ جاری دووەم ساڵی (٢٠٢٥ ز) نووسینگەی تەفسیر لە شاری هەولێر بە لێکۆڵینەوەی مێژوونووس (سەعد سەعید دێوەچی) چاپێکی نوێ و بێ هەڵە و پەڵەیان کردووەتەوە.

نووسەر(عەبدولمونعیم ئەلغولامی)، لەم پەڕتووکەدا باس لە سێ کەسایەتی دەکات کە هەموو ژیانیان لە بەرهەڵستیکردنی ستەمدا بەسەر بردووە، ئەم سێ کەسەش تەنیا لە تامەزرۆییان بۆ سەرخستنی هەق و ڕاستی، هەروەها ئەو ئایینپەروەری و نەتەوەپەروەرییەی لە هزریاندا هەبووە. کۆیان دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە (شێخ سەعیدی بەرزنجی)، (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی) و (شێخ چاری زەوبەعی).

دووانی یەکەم، لەم سێ کەسایەتییە. لە ڕێبەرە گەورە و دیارەکانی ڕەوتی سۆفیگەری و بزاڤی نیشتمانیی کوردین لە سەردەمی خۆیاندا، (شێخ سەعید) ساڵی (١٩٠٨ ز) شەهید بووە، (شێخ عەبدولسەلام) ساڵی (١٩١٤ ز) لە سێدارە دراوە، ئەوەی جێگەی هەم پێکەنین و هەم گریانە ئەوەیە کە ئەم دوو کەسایەتییە گەورەیە بوونەتە قوربانی لەسەر دەستی ئەو بزاڤەی کە دروشمی «ئازادی، برایەتی، یەکسانی»یان، بەرز کردووەتەوە، کە ئەویش بزاڤی یەکێتی و گەشەپێدان (ئیتیحاد و تەرەقی) ئەو سەردەمەیە!

> کاتێک سەرۆک مەسعود بارزانی لە (نووسینگەی تەفسیر) چاوی بەم پەڕتووکە کەوت، ڕاستەوخۆ وتی: «دەمێکە بەدوای ئەم کتێبەدا دەگەڕێم!»، لەوێوە ناوی کتێبەکە و بابەتەکانی ناوی تەواوی سۆشیاڵ میدیای تەنی

> پەڕتووکی «الضحايا الثلاث - سێ قوربانییەکە»، نووسراوی: «عەبدولمونعیم ئەلغولامی»یە، و بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٥ ز) لە چاپخانەی هەدەف لە شاری مووسڵ چاپ کراوە



د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا

بۆ گوڵان نووسیویەتی




کە خاوەنی دەسەڵاتێکی فرە ڕەها بوون لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا، ئەمانە هەرکەس دژیان وەستابێ، تەواوی ژەهری ڕقی خۆیان ڕشتووە بە سەریدا، بەتایبەتی دژی ئەو کەسانە بوون کە لە بەرانبەر شەپۆلی بە تورك کردنی ئەواندا وەستابێتەوە، ئەم دوو کەسایەتییەش هەر بەم هۆیەوە بوونە قوربانیی ڕقی ناخیان.

نووسەر(عەبدولمونعیم ئەلغولامی) ساڵی (١٨٨٩ ز) لەدایکبووە و لە بنەماڵەی (غوڵامی)یە، کە دێرینترین بنەماڵەی نیشتەجێی شاری مووسڵن، باوکی و باپیرانی بە بنەماڵە و بە درێژایی مێژوو، موفتیی مەزهەبی شافعی بوون.

لە ماڵی خۆیان و قوتابخانەکانی ئەو سەردەمەدا خوێندوویەتی و لە نەوجەوانیدا تەقلی بزاڤی (کۆمەڵەی ئالا) بووە، کە کاریان کردووە دژی «کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی»ی ڕەگەزپەرست، تا دواتر وەك نووسەر و مێژوونووسێك دەرکەوتووە، لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەدا، وەك ڕۆژنامەی «صدى الأحرار»، و ڕۆژنامەی «تغلبي»، و بڵاوکراوەی: (أبو وائل)دا، کە ئەمەیان هەر لە شاری مووسڵ دەرچووە، نووسینی بڵاو کردوونەتەوە، کە زیاتری بابەتەکانی (کەسایەتی ناسی) بووە و، خاوەنی زیاتر لە (١٠) کتێبی چاپکراوە، تا دواجار لە ساڵی (١٩٥٦) خانەنشین بووە و لە ساڵی (١٩٦٧) ژیانئاوایی کردووە.

لێکۆڵەر ومێژوونووس، سەعد سەعید دیوەچی، ساڵی (١٩٥٣ ز) لە شاری مووسڵ، لەدایکبووە. ساڵی (١٩٧٦ ز) کۆلێژی ئەندازیاری لە شاری مووسڵ تەواو کردووە. ساڵی (١٩٨١ ز) ماستەری لە ئەندازیاری خاکناسی لە زانکۆی نیوکاسڵ لە ئینگلتەرا بەدەست هێناوە، جگە بەشداریی لە دەیان کۆنفرانسی زانستی، نووسەری سەروو (١٥) پەرتووکە لە پسپۆرییەکەی خۆیدا، و لە ژیاندایە.

وەرگێڕ: د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا لەدایکبووی (١٩٨٢)، ئەحمەدئاوا، هەورامان – باشووری کوردستان.

ماستەر لە قورئانناسی – زانکۆی سلێمانی، ماستەرنامەکەی توێژینەوەی ئەندێشە میانڕەوانەکانی: (دکتۆر مستەفا زەڵمی)یە. دکتۆرا لە قورئانناسی – زانکۆی سلێمانی و تێزی دکتۆراکەی توێژینەوەی بیروڕا و ئەندێشە ئایینییە کوردەوارییەکانی (دکتۆر مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیانی مەهابادی)یە.

خاوەنی (٣٥) بەرهەمی چاپکراوە لە پسپۆرییەکەی خۆیدا.

**(شێخ سەعید) ساڵی (١٩٠٨ ز) شەهید بووە، (شێخ عەبدولسەلام) ساڵی (١٩١٤ ز) لە سێدارە دراوە، ئەوەی جێگەی هەم پێکەنین و هەم گریانە ئەوەیە کە ئەم دوو کەسایەتییە گەورەیە بوونەتە قوربانی لەسەر دەستی ئەو بزاڤەی کە دروشمی «ئازادی، برایەتی، یەکسانی»یان، بەرز کردووەتەوە، کە ئەویش بزاڤی یەکێتی و گەشەپێدان (ئیتیحاد و تەرەقی) ئەو سەردەمەیە**

# ئیکۆفیمینیزم

چەمکی «فیمینیزم» بەو فۆڕمە ڕۆژئاواییەی کە هاتە ئاراوە، بریتی بوو لە هەموو هەوڵێکی تیۆری و کردەیی بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی سیستمی باو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، کە تەنیا پیاوان وەك سەنتەر و مرۆڤ دادەنێت، ژنانیش لە پلەی دووەم، یان لە پلەیەکی خوارتردا دادەنێت و، سنوور و کۆت و بەندیشیان دەخاتە بەردەم، بەمەش هەموو شارستانیی و ژیارەکان وەك بەرهەمی دەستی پیاوان دەبینێت.

ئەم بزاڤە دواتر و لە ناوەڕاستی دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا زیاتر پەرەی سەند، بۆ ڕوانین لە ڕەگەزی مێ وەك جۆری کۆمەڵایەتی، نەك وەك ڕەگەزێك کە کۆمەڵگە ئەو سیفەتەی لەسەر دەسەپێنێت، بەمەش «ئیکۆفیمینیزم» هاتە ئاراوە، وەك پێکەوە گرێدانی بنەماکانی فیمینیزم و بزووتنەوەی سەوزەکان.

ئیکۆفیمینیزم وەك زاراوە و چەمك، چەترێکە بۆ زۆر تێگەیشتنی جیاجیا تەنانەت دژ بە یەکدیش لە خودی چەمکەکە، بەڵام لەگەڵ گشت ئەو جیاوازییانەشدا دەتوانرێت بگوترێت کە ئیکۆفیمینیستەکان لەسەر چەند بنەمایەك و لە چەند خاڵێکدا کۆك و تەبان، وەك:

یەکەم: بڕوابوون بەوەی کە کۆنترۆڵکردنێکی بی پاساو هەیە لەلایەن پیاوانەوە بەسەر ژنان و ئەو توێژە لاوازانەی کە پشتگوێ خراون، تەنانەت وەك ئەوەی هەندێك لە مرۆڤەکانیش دەیکەن، بەرانبەر بە گیانلەبەران و ڕووەك و سرووشت.

لێرەوە ئیکۆفیمینیزم وەك بزاڤێك دێتە ئاراوە بۆ کۆتاییهێنان بە ستەم لەسەر بنەمای ڕەگەز و سڕینەوەی گشت ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە، یان دەبنە هۆکار بۆ ژێردەستەکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان، لێرەشدا ئیکۆفیمینیزم هەوڵ دەدات، تەکنۆلۆژیا بخرێتە بەرژەوەندیی ژنان بە جۆرێك ببێتە مایەی یەکسانی لە مووچە و کار و بەرهەمهێنان.

دووەم: بڕوابوون بە بوونی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لە نێوان ژنان و ژینگە و سرووشت، وەك ئەوەی ئیکۆفیمینیستەکان بڕوایان وایە ناسنامەی دێرینی سرووشت ناسنامەیەکی دایکانە بووە، دواتر ئەوە شۆڕشی پیشەسازی و کەلتووری بازاڕی ئەورووپای نوێ بووە، ئەم ناسنامە دایکانەی ژینگە و سرووشتی شێواندووە.

سێیەم: هەوڵدان بۆ نەهێشتنی سیستمی بێ پاساوی خۆ بە گەورە زانینی ڕەگەزێك و بنیادنانەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی بە ڕەفتاری دادپەروەرانە، بە جۆرێك ژنانیش بتوانن بەشدار بن لە دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی ئەو پلە و پۆستانەی کە پێشتر تەنیا بە دەست پیاوانەوە بووە.

لێرەوە ئیکۆفیمینیزم پێی وایە کە بابەتەکانی پەیوەست بە ژینگە و سرووشت و مەترسییەکانی سەریان بابەتگەلێکی نزیکترن لەوان و ئەوان باشتر جێدەستیان دیار دەبێت، لەو بوارانەدا ئەگەر دەرفەت و هەلیان بۆ بڕەخسێت.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

**بنەماکانی ئیکۆ فیمینیزم:**

بە بۆچوونی خاتوو کارین جەی وارین (١٩٤٧ - ٢٠٢٠) بنەما سەرەکییەکانی ئیکۆ فیمینیزم بریتین لە:

یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی جیاکاری و لایەنگریی ڕەگەزی.

دووەم: بوونی گوفتار و ڕەفتاری ئاکاری و ئەخلاقییانە.

سێیەم: بایەخدان بە فرەدەنگیی ژنان.

هەرچەندە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا نووسین لە بارەی ئیکۆ فیمینیزمەوە زیاتر و زیاتر بوون، بەڵام دەکرێت بگوترێت کە زۆربەیان لە نزیکی سێ تەوەردا کۆك بوون:

یەکەم: هەوڵدان بە هەموو ڕێگەیەك بۆ سەلماندنی پەیوەندیی نێوان ژنان و ژینگە.

دووەم: ڕەخنەگرتن لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ڕۆژئاوای لایەنگر بۆ ڕەگەزی نێر لە بارەی ژن و ژینگە.

سێیەم: داهێنانی ڕێگەچارەی جێگرەوە بۆ ئەو ڕاوبۆچوونە تاك لایەن و لایەنگرانانە.

**هەڵسەنگاندنی ئیکۆ فیمینیزم**

بەپێی زۆربەی توێژینەوەکان ئەم ڕەخنانەی لای خوارەوە هەن لە بارەی ئیکۆ فیمینیزمەوە:

یەکەم: هێشتا نەیتوانیوە ببێتە ئایدیۆلۆژیایەکی جیهانی و پرۆژەیەکی کرداریی سەرکەوتوو.

دووەم: هێشتا وەك کاردانەوەیەکی کاتیی دەردەکەوێت دژ بە بەرەوپێشچوونی پیشەسازی.

سێیەم: هێشتا توێژێکی کەمی وەك دەستەبژێر لە کۆمەڵگە پشتگیری دەکەن.

چوارەم: هێشتا کاری سەرەکییان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە بێ ئەوەی ئەنجامێکی بەرچاوی هەبێت.

پێنجەم: هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ڕازی نین لە بۆچوونی ئیکۆ فیمینیستەکان، بەتایبەت ژنانی دانیشتووانی ڕەسەنی وڵاتانی باشووری گۆی زەوی، کە پێیان وایە ئیکۆ فیمینیستەکانی ئەورووپا دەستیان بەسەر تێکستە ئایینییەکان و کەلتووری ئەواندا گرتووە و لە بەرگێکی فەلسەفیدا بە جیهانی دەدەنەوە.

شەشەم: هێشتا نەیتوانیوە ئەو فرەدەنگیی و فرەڕەنگییە لە خۆیدا بەدی بهێنێت، کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەتایبەت نەیتوانیوە ئەندامێتی و پاڵپشتیی ژنان لە دەرەوەی ئەورووپا و ئەمریکا بەدەست بێنێت.

ڕێگەی سێیەم:

ڕێگەی سێیەم فەلسەفەیەکی مامناوەندیی پێشنیاز ئامێزە لەنێوان ئەوانەی مرۆڤ سەنتەریی پیادە دەکەن و بەرژەوەندیی مرۆڤ دەخەنە پێش پاراستنی ژینگە و سرووشت و، ئەوانەش کە وەك ئیکۆ فیمینیستەکان سرووشت سەنتەریی پیادە دەکەن و پاراستنی ژینگە و سرووشت دەخەنە پێش بەرژەوەندیی مرۆڤ، ڕێگەی سێیەم بە جۆرێك کە مرۆڤ باڵادەست دەکات، بەڵام بە مەرجی پابەندبوون بە چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان پێشکەوتن و پاراستنی ژینگەدا.

# کەرکووکییەکان هەڵسەنگاندنی دۆخی شارەکە لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن



کەرکووک وەك شارێکی کوردستانی کە هەمیشە زۆرینەی دانیشتووانی کورد بووە، لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعس و تەنانەت لە دوای ڕزگارکردنی عێراق و دامەزرانی دەوڵەتی فیدراڵیش بەردەوام هەوڵی تەعریبکردنی دراوە و تا ئێستاش ئەو سیاسەتە چەوت و ناڕەوایە بەردەوامە و تەنیا لە قۆناغێکدا سەقامگیری و ئاساییشی بەخۆیەوە بینیوە، کە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی باری ئەمنیی کردووە و پارێزگاری پێکەوەژیان لە شارەکەدا بووە، لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دۆخێکی چاوەڕوان نەکراو لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت و ئەمڕۆش کەرکووکییەکان بە گرنگییەوە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڕوانن و هەڵسەنگاندنی دۆخی کەرکووك لە دوای ئەم هەڵبژاردنە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





محەمەد ئەیاد :

**لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئێمە دراوسێی سووننەکان بووین، ئێستا دراوسێی شیعەکانیشین، شیعە لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان دەنگ و نوێنەریان هەیە، لەبەر ئەوە کورد و سەرکردایەتیی سیاسی دەبێت بۆ ئەم هەڵبژاردنە دیدگایەکی نوێ بخەنەڕوو**



هەرمن ئەحمەد:

**هیواخوازم حزبە کوردستانییەکان لە کەرکووک هاوپەیمانێتییەکی شەفاف و بەهێز دروست بکەن، بۆ ئەوەی بەسەر ئەو خاڵە ناکۆک و لاوازانەی کە پرۆسەی پێکەوە ژیان و خزمەتکردنی شاری کەرکووکیان پەکخستووە سەربکەون**

بەگوێرەی ڕاگەیێندراوی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ی وەکو ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق دیاریکرد، کە نزیکەی ٢٠ ملیۆن هاووڵاتی بەشداریی تێدادەکەن.

محەمەد ئەیاد کادری لقی زانکۆی کەرکووکی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: «بارزانیی نەمر و جەنابی سەرۆك بارزانیش جەختیان لەوە کردۆتەوە کە کەرکووك چەقی پرسە چارەنووسسازەکانی کوردە، چونکە پرسی کورد ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە کەرکووکەوە هەیە و ئەم ناوچانە قووڵایی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانن. کاتێك لە قووڵایی ستراتیژیدا باسی هەڵبژاردن دێتە گۆڕێ باسەکە بێگومان زۆر گرنگە چونکە دیمۆگرافیای ئەم ناوچەیە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئێمە دراوسێی سوونەکان بووین، ئێستا دراوسێی شیعەکانیشین، شیعە لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان دەنگ و نوێنەریان هەیە، لەبەر ئەوە کورد و سەرکردایەتیی سیاسی دەبێت بۆ ئەم هەڵبژاردنە دیدگایەکی نوێ بخەنە ڕوو، هاوکات بە گوڕوتینەوە بەشداریی فیعلی تێدا بکەن.

ئەم هەڵبژاردنەش بێگومان کاریگەریی لەسەر ئاییندەی کورد لە کەرکووك دەبێت، چونکە یەکەمین هەڵبژاردنە کە لە دوای پرۆسەی سەرژمێری ساڵی ٢٠٢٤دەکرێت، سەرژمێرییەك کە لەساڵی ١٩٥٧ ەوە ئەنجام نەدرابوو».

گوتیشی: «وەك دەبینن پرۆسەی تەعریب و بە عەرەبکردن تا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە و بە سەدان هەزار دۆنم زەویی کورد هێشتا داگیرکراوە، لە کاتێکدا پەرلەمان یاسای بۆ دەرکردووە کە ئەم زەوییە کشتوکاڵییانە بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان کە کوردن، دادگا داویەتیەوە بە کورد، بەڵام سەربازی عێراقی یەخەی کورد و خاوەن زەوییەکان بەر نادات، ئەگەر کورد نوێنەری ئازا و زیرەك و نیشتمانپەروەر بۆ بەغدا بنێرێت بێگومان پارێزەری ئەو مافانەی کورد دەبن کە لە دەستووردا هاتووە.»

هەرمن ئەحمەد، نووسەر و چالاکی سیاسییە و سەبارەت بە هەمان پرس ڕای وایە: «هەر کاتێك کە پرسی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق دێتە ئاراوە من یەکسەر خەمێك دامدەگرێت و هۆشم دەڕوات بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە شاری کەرکووك خەمەکەشم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە هۆی ئەو ململانێ نێوخۆییەی حزبە کوردستانییەکان کە لەو شارەدا هەیە هەڵوێستی کوردانی خستۆتە نێو بازنەی حزبایەتی نەك نەتەوایەتی، پرسیارێك کە هەمووکات دەکرێت ئایا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هیچ لە کۆی ئەو نادادپەروەرییەی کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد و نەتەوە ڕەسەنەکانی کەرکووکدا دەیکات دەگۆڕێت؟ وەك خۆم هیچ کاتێك بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق گەشبین نەبووم، پێموایە هەڵبژاردن وەك فەرزێکی دیموکراسی دەکرێت نەك بە ئەقلیەتێکی دیموکراتخوازی، هیواخوازم حزبە کوردستانییەکان لە کەرکووك هاوپەیمانێتییەکی شەفاف و بەهێز لە نێوانیاندا دروست ببێت، بۆ ئەوەی بەسەر ئەو خاڵە ناکۆك و لاوازانەی کە پرۆسەی پێکەوە ژیان و خزمەتکردنی شاری کەرکووکیان پەکخستووە سەربکەون، پێموایە دەبێت سەردەمی ناکۆکی تێپەڕێت، چونکە تەحەدییەکانی دەرەکی زۆر گەورەترن و پلانی خراپ لە ئارادایە بۆ ئەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاراستەی ئەو سیستەمە داڕێژن کە وڵاتانی زلهێز نەخشە و پلانیان بۆ داناوە، کوردیش لەم نێوەندەدا پێویستە ژیرانە لەگەڵ دۆخی ناوچەکە و ناوخۆی عێراق مامەڵە بکات، هەر بۆیە هێز لە یەکگرتندایە تا بەسەر کۆی ئەو پلانە ناوخۆیی و دەرکییانە سەرکەوین تا هەرێمی کوردستان و کەرکووك پارێزراو بێت».

مەریوان جەلال ڕەشید، چاودێری سیاسی لە کەرکووك سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: «عێراق بەگشتی و کەرکووك بە تایبەتی لە پێش ڕووداوێکی گرنگدایە و لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی گرنگە کە ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، کە وا بڕیارە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوە بچێت .

دیارە هەڵبژاردن تاکە ئامرازی دیموکراسییە بۆ پێدانی دەسەڵات بە فەرمانڕەواکان و کۆڵەگەیەکی گرنگی هەموو حوکمڕانییەکی دیموکراسی دروستە، چونکە سەرچاوەی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی شەرعییەتی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵگەدا، هەروەك چۆن بنەمای بەرجەستەکردنی چەمکی سەروەری خەڵك پێکدەهێنێت، واتا مافی خەڵك، کە دوای ئەوە سەروەری بە تەنیا سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، ئەویش بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان لە ڕێگەی هەر کەسێك کە هەڵیدەبژێرن بۆ جێبەجێکردنی کاروباری دەسەڵاتی سیاسی».

ئەو چاودێری سیاسییە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «کەوایە هەڵبژاردن گرنگە و بەشداری کردنی خەڵکیش لەم پرۆسەیە گرنگترە و شەرعییەتەکەی بەهێزتر دەبێت، بۆیە لەم سەروبەندەدا پێویستە

کەرکووکییەکان بۆ سەلماندنی خۆیان و زامنکردنی مافەکانیان بە حەماسێکی باشتر و کاریگەرتر بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکەن، لە مەش پێویستتر ئەوەیە ئایا لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی لە کەرکووک چۆن بەپیری ئەم پرۆسەیەوە دەڕۆن و چۆن بەشدار دەبن، بە یەك لیست یان وەکو پێشوو بە لیستی جیاجیا خۆیان ئامادە دەکەن، کە ئەمەش زۆر کاریگەرە و زۆر پێویستە هەر زوو بڕیار لەسەر ئەم هەڵوێستە بدەن، کە دەکرێ ناوی بنێین هەڵوێستی نەتەوەیی، چونکە دۆخی کەرکووك خراپە و شارەکە لە بەردەم مەترسیی گەورەی تەعریبێکی مەترسیداردایە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەیە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئاستی باڵا لەم پرسە بڕوانن و تێیدا بەشدار بن.

بە بڕوای من یەك لیستی گرنگە و ئەگەر ئەوەش نەکرا لایەنە سیاسییەکان بە دوو لیستی جیاواز کە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بەسەر دوو لایەندا یان دوو بەرەدا دابەش بن، ئەوەش دەکرێ و ڕەنگە بۆ ئەم سیستەمە نوێیەی هەڵبژاردن باش بێت و لەم ڕێگەیەوە کورسیی زیاتر بەدەست بهێنین، هەڵبەت ئەم بابەتە بۆ پسپۆڕانی بواری هەڵبژاردن بەجێ دێڵین، بەڵام پرسی کەرکووك پرسێکی تایبەتە و بارودۆخی خەڵکەکەشی ناسەقامگیرە، کەرکوکییەکان پێویستییان بەهاندان و حەماسێکی زۆر زیاترە و تەکنیکی هەڵبژاردنیش ئەوە دەخوازێ.

بۆیە باشترە زۆر ژیرانە و کوردانە بڕوانینە ئەم هەڵبژاردنە و کورد بۆ جارێکی دیکە بیسەلمێنێت ئەم شارە کوردستانییە و دەنگ و ڕەنگ و کورسییەکان بەشێکن لەو بەڵگە و گەواهیدانەی کوردستانی بوونی کەرکوکی دڵی کوردستان.»

ئەمیر بەهجەت بەرپرسی ناوچەی ڕۆژئاوا / یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بەمجۆرە باس لە پرسی کەرکووك و هەڵبژاردن دەکات و دەڵێت: « ئەمڕۆ لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراق لە بەردەم قۆناغێکی نوێ و سەرەکی لە پرسی دیموکراسیدا وەستاوین. ئەم هەڵبژاردنە تەنیا مانۆڕێکی سیاسی تێپەڕ نییە، بەڵکو دەرفەتێکی ڕاستەقینەیە بۆ دیاریکردنی ئایندەی پارێزگاکەمان و دەنگ و پێگەی ئێمە لە بەغدا و لە بڕیارەکانی دەوڵەتی عێراق دەچەسپێت.

بەداخەوە ئەو ڕووداوانەی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویاندا، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی نەرێنی لە بوارەکانی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست ببێت، بەعەرەبکردن و هاوردەکردنی عەرەبی شیعە بۆ کەرکووك و دەوروبەری، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش لە ئێستادا دۆخێکی ناهەمواری لە سنووری پارێزگای کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکان دروست کردووە».

گوتیشی: « ئەم چەشنە هەڵبژاردنانە نوێنەرایەتیی ئامرازی سەرەکی خەڵك بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی دەکەن. ئەوان ئەو ئامرازانەن کە ئێمە لە ڕێگەیانەوە شەرعیەت بەو کەسانە دەبەخشین کە نوێنەرایەتیمان دەکەن و دەنگ و داخوازی و داواکارییەکانمان بە پەرلەمان دەگەیەنن.

کەرکووك بە فرەچەشنی نەتەوەیی و کولتووری و مێژووی قوربانیدانی، ئەمڕۆ پێویستی بە ئامادەبوون و بەشدارییەکی بەهێز و کاریگەری هاووڵاتییانە لە پرۆسەی دەنگدان. بایکۆتکردنی هەڵبژاردن یان بێباکی تەنیا خزمەت بەو کەسانە دەکات کە دان بە کوردستانی بوونی کەرکووك دانانێن، ئەوانە هەمیشە هەوڵی کپکردنی دەنگی کورد و پەراوێزخستنی تاکی کورد لە ناوچەکەدا دەدەن.

شکستی بەشداریی کورد تا ڕادەی پێویست دەبێتە هۆی ئاژاوەی سیاسی و نوێنەرایەتی، هاوکات ڕێگە بۆ ئەو لایەنانە دەکاتەوە کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی ڕاستەقینەی دانیشتوان ناکەن و بڕیارەکانی پەرلەمانی داهاتوو بێ توانا دەکات، لە ڕەنگدانەوەی خواستەکانی بەشێکی زۆری دانیشتوانی کەرکووك. کاتێك کورسییەك بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، کەسێکی دیکە تێیدا دادەنیشێت. ئەگەر بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانمان دەنگمان بەرز نەکەینەوە و دەنگ هەڵنەبڕین کەسێکی دیکە دێت و بەناوی ئێمەوە قسە دەکات».

هەروەها دەڵێت: «خەڵکی خۆشەویستی کەرکووك، بۆ بەرگریکردن لە مافەکانمان و پاراستنی دەستکەوتەکانمان دەنگمان چەك و ئامرازی بەکۆداچوونەوەی تەعریب و داگیرکاری دەبێت، دەبێتە هۆکاری بە دەستهێنانی گەشەپێدان و سەقامگیریی بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

با هەموومان پێکەوە بوەستین، دەست لە دەست، بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و هۆشیارییەوە بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکەین. با بیسەلمێنین کە کەرکووك شاری خەڵکە ڕەسەنەکەیەتی کە زۆرینەیان کوردن، ناکرێ دەنگی کوردەکانی ئەوێ بێدەنگ بکرێت یان پشتگوێ بخرێت.

با بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان نەك لە پێناوی مەزهەب و حزبێکدا، بەڵکو لە پێناوی کەرامەتی خۆمان و داهاتووی منداڵەکانمان. بژی کەرکوکێکی ئازاد و یەکگرتوو، بژی گەلی کوردی سەربەرز».



مەریوان جەلال :

**پێویستە کەرکووکییەکان بۆ سەلماندنی خۆیان و زامنکردنی مافەکانیان بە حەماسێکی باشتر و کاریگەرتر بەشداریی لەم هەڵبژاردنەدا بکەن**



ئەمیر بەهجەت:

**کەرکووك بە فرەچەشنی نەتەوەیی و کولتووری و مێژووی قوربانیدانەکانی، ئەمڕۆ پێویستی بە ئامادەبوون و بەشدارییەکی بەهێز و کاریگەری هاووڵاتییانە لە پرۆسەی دەنگدان**



سازگار ئەحمەد ڕەحیم:

# چێژی پارە لەوە دایە بە ڕەنج و ماندووبوون و شەونخونی بە دەستی بێنیت

**سازگار ئەحمەد ڕەحیم خانمە شێفێکی دەستڕەنگین و پڕ وزە و بە ئەزموونە، لە پاڵ ئەرکی دایکایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ ڕۆژانە خواردنە کوردەوارییەکان بۆ کڕیارەکانی ئامادە دەکات، لە ئێستادا لە ناو ماڵەکەی خۆیدا چێشتخانەیەکی گەورەی بۆ ڕایی کردنی کارەکانی تەرخان کردووە.**
**سازگار ئەحمەد ڕەحیم ساڵی ١٩٨٠ لە پێنجوێن لە دایکبووە، لە ئێستادا نیشتەجێی شاری سلێمانییە و دەرچووی قۆناغی ئامادەییە. لە دیدارێکدا ئەزموونی کارکردنی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان باس دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«ئێمە وەك خواردنی دایـــــکی لانۆ ماوەی چوار ساڵە دەستمان بەم کارە کردووە، سەرەتا لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە فێرکاری خواردن دروستکردنم بڵاودەکردەوە، بەڵام دواتر بینیمان بینەرەکانمان دەیانەوێت داوای خواردن بکەن، لێرەوە بیرۆکەی ئەوەمان بۆ هات کە دەست بە دروستکردنی خواردن بۆ کڕیارەکانمان بکەین، بینیم پێشوازییەکی گەرم لە کارەکانم دەکرێت، ئەوەش بووە هاندەرێکی باش بۆ من، لە ئەنجامدا گەشتین بەم ناوبانگەی ئێستامان کە ماوەی چوار ساڵە بە خۆشحاڵییەوە بەردەوامین لە پێشکەش کردنی کارەکانمان بۆ موشتەرییە ئازیزەکانمان.

هۆکاری دەستپێکردنم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو کەسانی چوار دەورم خواردنەکانی منیان زۆر بە دڵ بوو ئەوەی جارێك خواردنی دەستی منی بخواردایە تامەکەی لە یاد نەدەچوو، پێشنیاری زۆر گەورەم بۆ دەکرا کە چێشتخانەم بۆ بکەنەوە لە سلێمانی و لە دەرەوەی ولاتیش، بەڵام قبوڵم نەدەکرد، دوای چەند ساڵێك پێشنیاری ئەوەم بۆ کرا کە لە وڵاتی چین چێشتخانەم بۆ بکەنەوە دواجار قبوڵم کرد و خۆم و خێزانەکەم ڕۆشتین و لەوێش پێشوازییەکی زۆر گەرممان لێ کرا و ماوەی ساڵێك ماینەوە، بەڵام هاتنی نەخۆشی کۆرۆنا لە بەردەوام بوونمان ڕێگر بوو، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەماندا و هاتینەوە بۆ سلێمانی و لێرە ئەم پەیجەمان دروستکرد و بەردەوام بووین».

ئەو خانمە شێفە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «شوێنی کارەکەمان لە ماڵی خۆماندایە، چێشتخانەیەکی گەورەمان تایبەت کردووە بە کارەکەمان و لەوێ ئامادەکاری بۆ دروستکردنی خواردنەکانمان دەکەین، لە ڕاستیدا هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە چێشتخانەیەکی گەورە و تایبەتی خۆمان بکەینەوە، تاوەکو خەڵك سەردانمان بکەن و لە نزیکەوە ئامادەکردنی خواردنەکانمان ببینن، پشت بە خودا بۆ داهاتوو ئەوەش لە پرۆژەماندایە.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا چۆن توانیوتە هاوسەنگی لە نێوان بەڕێوەبردنی ماڵ و ئەرکی دایکایەتی و کارەکەتدا ڕابگریت؟ ئەو گوتی: «بەڕاستی ئەرکێکی قورسە کە بتوانیت هاوسەنگی رلە نێوان ماڵ و منداڵ و کارەکەت ڕابگریت، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە بەهۆی هاوکاری هاوسەر و منداڵەکانم وام کردووە کە ئەو هاوسەنگییە هەبێت، ئەگەر ئەوان نەبن منیش ناتوانم بەردەوام بم لە کارەکانم چونکە هاوکارێکی زۆر باشن، هەر کاتێکیش زۆر هیلاك بم و بێزار بم ئەوان هانم دەدەن بۆ بەردەوام بوونم لە کارەکەم.»

**هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە چێشتخانەیەکی گەورە و تایبەتی خۆمان بکەینەوە، تاوەکو خەڵک سەردانمان بکەن و لە نزیکەوە ئامادەکردنی خواردنەکانمان ببینن**

سەبارەت بە بەربەست و ڕێگرییەکانی سەرەتای دەرکەوتنیشی، گوتی: «سەرەتای دەرکەوتن بەڕاستی قورسە چونکە یەکەم ئەزموونی کارکردنم بوو، لە بەرامبەردا خێزان و چوار دەورەکەم زۆر پشتگیرییان دەکردم و بەردەوام دەستخۆشییان لێدەکردم، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە دەرکەوتنەکەم بەلاوە ئاسایی بێت، چونکە دەرکەوتن سروشتی کارەکەمە و پێویستە خەڵك بمناسێت، لە ڕێگەی دەرکەوتنمەوە کەسی زۆرباشم ناسی ئەمەش بۆ من گەورەترین دەستکەوت بوو.»

**دەرکەوتن سروشتی کارەکەمە و پێویستە خەڵک بمناسێت، لە ڕێگەی دەرکەوتنمەوە کەسی زۆرباشم ناسی ئەمەش بۆ من گەورەترین دەستکەوت بوو**

گوتیشی: «پێویستە هەموو ئافرەتێك کارێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، گرنگ نییە گەورە بێت یان بچووك هەموومان لە بچووك دەستمان پێکردوە و بە هەوڵ و ماندوو بوون گەشتووین بە باشترین ئاستی کارکردن، بەڵام بەڕاستی چێژی پارە لەوە دایە پارەیەکی حەڵاڵ کە بە ڕەنج و ماندووبوون و شەونخونی بە دەستی بێنیت، کە هەستێکی زۆر خۆشە و لێرەوە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو ئافرەتانە دەخوازم کە خاوەن کاری خۆیانن. هەموومان دەزانین کە ژیان قورسە و پێویستی بە هەوڵدانە ئامانجی من لەم کارە باشترکردنی ژیانی خێزانەکەم و کەمکردنەوەی ئەرکێکی بچووکە لەسەر شانی هاوسەرەکەم، ئامانجی سەرەکیشم ناساندن و پێشکەشکردنی خواردنەکانمە بە خەڵك تا لە تام و چێژی خواردنەکانم بێ بەش نەبن، هیوادارم ڕۆژێك بتوانم شوێنێکی تایبەتم بە خواردنەکانی دایـــــکی لانۆ هەبێت و هەموو کەسێك بتوانێت سەردانمان بکات.»

**لێرەوە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو ئافرەتانە دەخوازم کە خاوەن کاری خۆیانن**



پەرێز ئازاد:

# کارکردن عەیب نییە سەربەرزییە



**زۆرن ئەو ئافرەتانەی کە قەدەری ژیان ناچاری کردوون ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزان و دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی ئەندامانی خێزان لە ئەستۆ بگرن، هاوکات لە پاڵ ئەو ئەرکە قورسەدا بۆ منداڵەکانیان هەم دایك بن و هەمیش باوك بن. پەرێز ئازاد خانمێکی بوێر و بە توانا و دایکێکی بەهێز و سەرکەوتووە، لە هەمان کاتیشدا خاوەنکار و بزنسی خۆیەتی و توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێت و گرەو لە نائومێدبوون بباتەوە.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

پەرێز ئازاد فرۆشگایەکی پێداویستی ڕۆژانەی هەیە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین کەلوپەلەکانی دەفرۆشێت و لە پاڵ کارەکەیدا لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە وەکو بلۆگەرێك ڕێکلام بۆ کاڵا جۆراوجۆرەکان دەکات و ڕێنمایی بەسوودیش بە بینەرەکانی دەبەخشێت. پەرێز دانیشتووی شاری کۆیەیە و ساڵی ١٩٨١ لە دایکبووە، مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و دایکی دوو منداڵە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی چیرۆکی سەرکەوتنەکانی بۆ خوێنەران دەکات.

«سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا فرۆشگایەکی خنجیلانەم هەیە و کەلوپەلی هەمەجۆری ئەوروپی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین دەفرۆشم و بینەرم لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە و بە دایکی پەیڤین و داریا ناسراوم، هەروەها مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی دەوامی ئێوارانم، سەرەتا وەکو شێفێك دەرکەوتم چونکە شارەزاییم لە لێنانی هەموو خواردنە کوردەوارییەکان هەیە.

بەهۆی بارودۆخێکی خێزانیم ناخۆشی و سەختی زۆرم لەو ژیانەدا تێپەڕاندووە، خێزانەکەم بەردەوام هانیانداوم تاوەکو کاربکەم و بژێوی منداڵەکانم دابین بکەم، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنم بە دەستهێنا سەرەتا لە ماڵەوە دەستم بە کارکردن کرد و کارکردن عەیب نییە بەڵکو مرۆڤ بە کارکردن سەربەرز دەبێت، دواتر دوکانێکم دانا و ئێستاش موشتەری خۆمم هەیە».

پەرێز ئازاد سەبارەت بە هۆکاری کارکردنی دەڵێت:» هۆکاری کارکردنم چیرۆکێکی گەورەی لە پشتە، من بۆ منداڵەکانم هەم دایکم و هەمیش باوکم، ماوەی دە ساڵە هاوسەرەکەم بەهۆی وەستانی دڕکەپەتکی لە جێگەدا کەتووە و دەست و قاچی ئیش ناکات، تەنیا سەری دەجوولێت، لەبەر ئەوە هاتمە ناو مەیدانی کار و شان بە شانی پیاوان ڕاوەستاوم و ڕێچکەی ئیشکردنم گرتۆتەبەر.

بە خۆشحاڵییەوە ماوەی سێ ساڵە ئەم کارە دەکەم، ڕۆژانە لایف ستایلی ڕۆژانەم لەگەڵ بینەرەکانم دابەش دەکەم و لە پەیجەکەم کە سەد هەزار بینەری تێپەڕاندووە، ڕێنمایی بەسوود و فێرکاری خواردن و کاری دەستی بڵاودەکەمەوە، هاوکات فرۆشگاکەشم بەڕێوە دەبەم، لە پاڵ ئەو کارانەدا وەکو بلۆگەرێکی متمانەپێکراو کاری ڕێکلام دەکەم، بەڵام ڕێکلام بۆ هیچ کاڵایەك ناکەم چ خواردن بێت یان پاککەرەوە بێت، هەتا بۆ خۆم ئیشی پێ نەکەم و بەکاری نەهێنم لێی دڵنیا نەبم».

ئەو خانمە خاوەنکارە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «جێی شانازییە ئافرەت لەسەر پێی خۆی بێت و پشت بە تواناکانی ببەستێت و چاوی لە دەستی هیچ کەس نەبێت، سەرەتای کارکردنم زۆر زەحمەت بوو چونکە هیچم نەبوو و لە سفرەی بەتاڵەوە دەستم پێکرد و چەند جار کەوتم و هەستامەوە، دوای توانیم جارێکی دیکە هەستمەوە سەرپێ و بە سەربەرزانە بەبێ ئەوەی تەنازول بۆ هیچ کەسێك بکەم بەبێ ئەوەی داوای پەرداخە ئاوێك لە کەس بکەم، هاندانەکانی دایکم بووە هێزێکی گەورە و توانیم دواجار لەسەر پێی خۆم بوەستم، هەروەها منداڵەکانیشم زۆر هاوکار و یارمەتیدەرم.»

هەروەها گوتی: «هەمیشە بە خانمان دەڵێم ئەگەر دەتانەوێت ببنە حاوەنکار و لەسەر پێی خۆتان ڕاوەستن بە مەردی بە سەربەرزی کاربکەن، چاوتان لە شتی حەرام نەبێت، چونکە هەوڵدان و کارکردن شەرفێکی گەورەیە. ئامۆژگاریشم بۆ ئەو ئافرەتانەی کە پێویستیان بە کارکردنە و تاوەکو ئێستا ئەو هەنگاوەیان نەناوە، لێرەوە پێیان دەڵێم بە ڕەنجی شانی خۆت بژی لە منەتی بەرامبەر باشترە، هیوای سەرکەوتنیش بۆ هەموو ئەو ئافرەتانە دەخوازم کە دێنە ناو ئەو بوارە و بە ماندوو بوونی خۆیان سەرکەوتن بە دەست دێنن.

ئافرەتان لە تێکەڵبوونیان بە مەیدانی کار و پارە پەیداکردن ڕووبەڕووی چەندین لەمپەر و کۆسپ دەبنەوە، بەڵام تا ئاستێك توانیویانە ئازایانە کۆت و بەندەکانی دابونەریت بشکێنن، بەوەش هەم بژێوی خۆیان پەیدا دەکەن هەم بەشدار و هاوبەشن لە دابینکردنی بژێوی خێزان».

**جێی شانازییە ئافرەت لەسەر پێی خۆی بێت و پشت بە تواناکانی ببەستێت و چاوی لە دەستی هیچ کەس نەبێت**

**سەرەتای کارکردنم زۆر زەحمەت بوو چونکە هیچم نەبوو و لە سفرەی بەتاڵەوە دەستم پێکرد و چەند جار کەوتم و هەستامەوە**

**ئافرەتان لە تێکەڵبوونیان بە مەیدانی کار و پارە پەیداکردن ڕووبەڕووی چەندین لەمپەر و کۆسپ دەبنەوە، بەڵام تا ئاستێک توانیویانە ئازایانە کۆت و بەندەکانی دابونەریت بشکێنن**

## یەکبوون:

# مەرج نییە ساڵانە هونەرمەند بەرهەمی هەبێت



(یەکبوون) خانمە گۆرانیبێژێکی باکووری کوردستانە، لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ یەکەمجار هاتووەتە ناو جیهانی هونەرەوە. لە بەرهەمەکانیدا ڕەسەنایەتی بەدی دەکرێت و سەرەڕای گۆرانیگوتن، شارەزاییی لە ئامێرە موزیکییەکانیشدا هەیە، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە شارەکانی کوردستانی باشوور ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد، لە دەرفەتێکدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.

*** دۆخی هونەری کوردی لە باکوور و باشووری کوردستان چۆنە؟**

- بێگومان ئاستەنگی زۆرمان دێتە پێش لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێشەنگترین و زیندووترین شت لە هونەری کوردیدا مۆسیقایە. ئەوەیە کە هەمیشە خۆی پەرە پێدەدات و نوێ دەبێتەوە. دوای هەموو ئەو ستەم و ئازار و تواندنەوە و قڕکردنەی کە بەرامبەر گەلی کورد کرا، مۆسیقای کوردی وەک قەڵایەکی بەرگری ڕووبەڕووی ئەوە بووەوە، ڕەگوڕیشەی کۆمەڵگە و کەلتووری کوردی بە پێوە هێشتەوە، و گەیاندییە ئەمڕۆ. بەڕای من، ئەگەر مۆسیقا لە هونەری کوردی دەربهێنین، ئەو قەڵایە دەڕووخێت، هەمیشە ئەمە لە خۆم دەپرسم ئەگەر مۆسیقای کوردی نەبوایە ئاخۆ هەستم بە چی دەکرد؟ واتە مۆسیقا ئەوەندە کاریگەرە کە بەڕای من دەتوانێت گەلی کورد پێکەوەگرێ بدات و ڕەگوڕیشەی ئەم گەلە بەپێوە بهێڵێتەوە.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە وەک هونەرمەندێکی ژن ڕووبەڕووت دەبنەوە؟**

- ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی من دەبنەوە هەمان ئەوانەن کە ڕووبەڕووی هەموو هونەرمەندە ژنە کوردەکانی دیکەش دەبنەوە. ئەوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە. چۆن ژنێک دەتوانێت لەسەر شانۆ دەربکەوێت و لە بەردەم هەموو ئەو خەڵکەدا گۆرانی بڵێت هیوادارم هەموو خێزانەکانمان ڕێگە بۆ کچەکانیان بکەنەوە، ئەوکاتە ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندە ژنە کوردەکان زۆر کەم دەبنەوە، و دەتوانن هونەرەکەیان باشتر پەرە پێ بدەن و کەلتووری کوردییش ئەوکاتە دەگاتە ئاستێکی بەرزتر.

*** مەرجە هەموو ساڵێک بەرهەمێکت هەبێت؟**

- نەخێر، مەرج نییە هەموو ساڵێک گۆرانیبێژ ئەلبوومی گۆرانیی هەبێت، من لەگەڵ ئەوە دام کەی گۆرانیبێژ دەرفەتی بۆ گونجاو خۆی ئامادەکرد، ئەو کاتە ئەلبوومی گۆرانی تۆمار بکات، نەک پەلە بکات.

*** مۆدێرنیتە (نوێگەری) لە هونەری کوردیدا چۆن دەبینن؟**

- بەداخەوە زۆربەی هونەرمەندانی کورد ئاگاداری هونەری میللی و کلاسیکیی میللەتەکەی خۆیان نین، ئەو کەسانەی کە لەسەر مۆسیقای کوردی کار دەکەن، بنکەیەکی هونەریی بەهێزیان نییە، هەر لەبەر ئەمەشە کاتێک دەیانەوێت شتێکی مۆدێرن بخەنەڕوو، ئەو ڕەنگ و نەخشە تایبەتمەندییە کوردییانە بە ڕوونی تێیدا دەرناکەوێت. ئەگەر بتەوێت شتێکی مۆدێرن یان نوێ دابهێنیت بەڵام کەلتووری خۆتی تێدا جێ نەکەیتەوە، ڕەنگە دوای ماوەیەک لە مۆسیقاکەت، لە کەلەپوورەکەت، لە کەلتوورەکەت دوور بکەویتەوە. لەم ڕووەوە، مۆدێرنیتە کاریگەرییەکی نەرێنی نیشان دەدات، بەڵام ئەمەش لەبەر خودی مۆدێرنیتە نییە، بەڵکو ئەو کەسانەی گرنگی بە مۆسیقای کوردی دەدەن، دەبێت بەباشی لە ڕەسەنایەتیی مۆسیقای کوردی تێبگەن، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، جەختی لەسەر بکەنەوە و بیکەنە بنکە و بنەما بۆ خۆیان، ئەگەر ئەو بنکەیە هەبێت، مۆدێرنیتە هێز و توانایەکی گەورەیە، ڕێگە لە بەردەم مۆسیقادا دەکاتەوە و مۆسیقا هەمیشە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە و زیاتر بەرەوپێشی دەبات.

*** بێجگە لە زمانی کوردی بە زمانی بیانی سترانت هەیە؟**

– من توانام هەیە بە زمانیکی دیکە ستران بڵێم، بەڵام تاوەکو ئیستا تەنیا بە زمانی کوردی گۆرانیم گوتووە، هەروەها جارجارە گۆرانیی ئینگلیزی دەڵێم، بەڵام لە ئەلبوومەکانمدا تۆمارم نەکردوون، تەنیا لە هەندێک ماڵپەری وەکو فەیسبووک یان یووتووب بڵاوم کردوونەتەوە، حەز لە ستایلی جۆراجۆر دەکەم، بەردەوام گوێبیستی ستایلی جۆراجۆر دەبم، هەرکە بزانم ستایلکیش گۆرانییەکانم بەرەوپیشەوە دەبات، ئەوا هەوڵ دەدەم کە کاری لەسەر بکەم.

*** ئایا هونەرمەندانی کورد توانیویانە فۆلکلۆر بپارێزن؟**

- کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە لەڕووی ئابووری و کەلتووری و هونەرەوە سەرکوت کراوە و نەیتوانیوە بە شێوەیەکی سەربەستانە خۆی لە ناو ژیاندا دەربخات. هەمیشە لەژێر کاریگەریی کەلتوورە باڵادەستەکاندا ماوەتەوە. لەبەر ئەم هۆکارە، کەلتووری کوردی، فۆلکلۆری کوردی، تا هاتووە زیاتر ون بووە و لەدەست چووە.

لە بواری کەلتوور و هونەریشدا، پرۆسەیەکی گەورەی تواندنەوەی کەلتووری ئەنجام دراوە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی فۆلکلۆری کوردی لاواز بمێنێتەوە، یان کز بووە و لە گەشە وەستاو. ئێستا، زۆرێک لەو کەسانەی کە لەسەر هونەر و فۆلکلۆری کوردی کار دەکەن، مۆسیقاژەن، گۆرانیبێژ، دەچنە سەر شانۆ، و هونەرەکەیان پێشکەشی گەل دەکەن.، کاتێک مرۆڤ قسەیان لەگەڵ دەکات، ئەو کەموکوڕییەیان بە ئاسانی تێدا دەبینێت، لەبەر ئەوە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە فۆلکلۆری کوردی لەژێر مەترسییەکی گەورەدایە. کەلتوور و فۆلکلۆر، زمان و ژیان، هەمووی پێکەوە بەستراونەتەوە و تێکەڵاوی یەکترن. تواندنەوەی کەلتووری (ئاسیمیلاسیۆن) شتێک دروست دەکات کە فۆلکلۆری کوردی پاشەکشە دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی فۆلکلۆری کوردی لە ناو کۆمەڵگەدا وردە وردە بچووک ببێتەوە تاکوو ون دەبێت و لەناودەچێت.



تەها قادر:

# دەیان گۆرانیبێژ بێ ئەوەی خاوەن بەرهەمێکی خۆیان بن بەرهەمی هونەرمەندانی دیکە دەڵێنەوە



هونەرمەند تەها قادر گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ و خاوەن جەماوەرێکی تایبەتە و تا ئێستە خاوەن چەندان بەرهەمی تایبەت بە خۆیەتی و گۆرانییەکانی دەنگدانەوەیەکی باشیان هەبووە، تەها قادر خەڵکی شاری سۆرانە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە، خاوەنی چەندین گۆرانی و ڤیدیۆکلیپە و ماوەی ساڵانێکە خەریکی کاری هونەرییە .

*** زۆربەی هونەرمەندان لە لایڤ موزیكدا دەردەكەون، هەندێك لە هونەرمەندە كۆنەكانیش دەڵێن هونەرمەند ئەو هونەرمەندەیە كە لە لایڤ موزیكدا دەربكەوێت، تۆ چی دەڵێیت؟**

- بەخۆشحاڵییەوە ئێستە لە زۆربەی شوێن و شار و شارۆچكەكان لایڤ موزیك دەكرێت، پرۆڤەیەكی باشیشە بۆ هونەرمەندەكە، ئێستەیش سەردەمی پێشان نییە ساڵی جارێك كۆنسێرتێك بكەیت، ڕۆژانە دەكەویتە بەر دیدی خەڵك و لە جەماوەرەكەت نزیك دەبیتەوە، ئێستەیش ئەوسەردەمە نییە لە جەماوەرەكەت دوور بكەویتەوە، دەبێت لێیان نزیك بیت، هەروەها سوودێكی بزنسی باشی هەیە بۆ ئەوەی بتوانی كارەكانت زۆر باشتر بكەیت و چیتر بە دوای سپۆنسەردا نەگەڕێیت .

*** لە هەندێك وڵاتدا كۆنسێرتی كوردی قەدەغە دەكرێت، بەڵام ئێوە لە لایڤ موزیكەكانتاندا گۆرانیی وڵاتانی دراوسێ دەڵێنەوە، بۆچی تەنیا گرنگی بە گۆرانیی كوردی نادەن؟**

- بڵێیت و نەڵێت ئێمە تێكەڵین بە كەلتووری ئەوان، ئەوانیش تێكەڵن بە كەلتووری ئێمە، بەدەیان گۆرانیمان هەیە كراونەتە توركی و عەرەبی و كوردستان شوێنێكی گەشتیارییە، بۆیە لە لایڤ موزیكەكان تەنیا میوانی كوردمان نییە، میوانی عەرەب و تورك و فارسمان هەیەو كوردیش بە میواندۆست ناسراوە، ئێمەش وەك ڕێزێك بۆ ئەو میوانە كە جەماوەرمانە، جاروبار گۆرانی توركی و عەرەبی و فارسییش دەڵێین.

*** خەڵك زۆر ڕوو لە هونەری گۆرانی دەكات، ئایا دروستە بە هەموویان بڵێین هونەرمەند؟**

- هونەر وشەیەكی زۆرگەورەیە، گۆرانیگوتن بەشێكە لە هونەر، كابرا ئەكتەرە سینەماكارە ئارتیستێكە شێوەكارێكە، بەهەمان شێوە كاری هونەری دەكات . ئێستە بە دەیان گۆرانیبێژمان هەن بەبێ ئەوەی خاوەن بەرهەمێكی خۆیان بن هەر لەسەر بەرهەمی هونەرمەندەكانی دیكەن، من خۆم گۆرانیی هونەرمەندەكانی تر دەڵێمەوە، بەڵام دەبێت ئەرشیفێكی خۆشم هەبێت، دەنگخۆشی بەشێكی گرنگە، بەڵام گۆرانیبێژ هەیە ئێستە لەوانەیە ڕەقەمیش بێت شەش مانگ سەر دەكەون و لایڤ موزیكیان قەرەباڵغ دەبێت، كەچی دواتر دێنە خوار، چونكە هەر گۆرانیی كەسانی دیكە دەڵێتەوە.

*** دەڵێن هونەرمەندان بۆیە لە لایڤ موزیكدا گۆرانییە كۆنەكان دەڵێنەوە، چونكە ئەوان هونەرێكی پتەو و بەهێزیان پێشكەش كردووە؟**

- لە هەموو دنیادا وایە، گوێ بدەرە ئاهەنگێكی عەرەبی ئەوەندە گۆرانیی كۆنەكان دەڵێنەوە، گۆرانیی نوێ ناگوترێتەوە، چونكە چێژەكەی جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە ئێستە كازم ساهیر دوا ئەلبوومی ڕەوحەیە و شتێكی زۆر جوان و تایبەتی پێشكەش كردووە، بەڵام خەڵك لە كۆنسێرت داوای گۆرانییە كۆنەكانی لێ دەكاتەوە، بۆیە بۆ ئەوانیش وایە تەنیا بۆ گەنجەكان وانییە.

*** ئەو هونەرەی پێشكەشی دەكەیت تاچەند لە ئاستی حەزەكانتدایە؟**

- هەمیشە كەسێكی بەتەماح بووم و هەوڵم داوە باشتر و نایابتر پێشكەش بكەم، بەڵام خۆشت دەزانیت توانا دەور دەبینێت و لە بارودۆخێكی باشدا نین بەگشتی، بەڵام هەر لە هەوڵی خۆمان نەوەستاوین، هەوڵمان داوە باشتر پێشكەش بكەین.

*** بۆچی هونەرمەندان دوای ماندووبوونێكی زۆر و بەدەستهێنانی جەماوەرێكی باش و هونەرێكی جوان، لەناكاو دەڵێن واز لە هونەر دێنین، تۆش یەكێكی لەوان؟**

- تەنیا دڵشكانێك بوولەسەر چەند لایەنێك، هەندێك پەیج پێڕەحمانە سۆشیال میدیا بەكار دێنن لەپێناو ئەكتیڤ بوونیان و ئامادەن هەزار بوختانت پێ بكەن، ئێمە دەبێت فێر بین كە هونەرمەندی خۆمان خۆش بوێت، ژیانی تایبەتی هونەرمەندیش پەیوەندیی بە هیچ كەسێكەوە نییە.

*** بۆچی ئەوەندە لە سۆشیال میدیا هێرش دەكرێتە سەر تۆ و هونەرەكەت، ئایا ناحەزت هەیە؟**

- خەڵك كۆمێنتی ناشیرین بۆ هەموو شتێك دەنووسن، باوەڕ بكە وەرە تەنانەت ئەگەر كارێكی خێرخوازییش بكەیت و پۆستی بكەیت، خەڵك هەر كۆمێنتی ناشیرینت بۆ دەنووسێت، من لەگەڵ كۆمێنتی خەڵكدام وەك ڕەخنە، بەڵام هەركەسێك بێڕێزی بكات ئەوا خۆی بێڕێزە، من یەكێكم لەو هونەرمەندانەی هەمیشە هێرش دەكەنە سەرم و وەڵامدانەوەی منیش تەنیا بەكارەكانم ئەو لایڤ موزیكانەیە كە دەیكەم، ئەو جەماوەرە زۆرەی كە لەلایڤەكانمدا ئامادەن، هەروەها بەو كلیپانە كە بەخێرایی دەچنە ناو خەڵك وەڵامیان دەدەمەوە.



چیمەن عەلی:

چیمەن عەلی بەهێزترین کچە یاریزانی کوردستان:

# هەمیشە دڵخۆشم و سوپاسگوزارم بۆ خودای مەزن کە هێزێکی نائاسایی پێ بەخشیوم



**وەرزشی هێزی لەش و لەشجوانی یەکێکە لەو وەرزشانەی کە لە ئێستادا لە شارەکانی کوردستان بووەتە یەکێك لەم وەرزشانە کە ئافرەتانی کوردستان ڕوو لەم یارییە وەرزشییە دەکەن، ئافرەتان دەیانەوێ لە ڕێگەی وەرزشەوە هەم بەهێز دەربکەون و هەمیشە خاوەن لەشولارێکی تەندروست بن، ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا ئەم یارییە ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە ڕێژەیەکی زۆر ڕووی تێبکەن و لە پاڵەوانیتییەکاندا کێبڕکێ لە سەر ئەنجامی گەورە بکەن، لە ئێستادا ژمارەیەك هۆڵی وەرزشی لە ناو سەنتەری شاری هەولێر هەیە و ئافرەتان ڕوو لەم سەنتەر و هۆڵە وەرزشییانە دەکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزش، یەکێك لەو خانمە ڕاهێنەرانەش «چیمەن عەلی»یە کە ماوەی چەند ساڵێکە یاریزان و ڕاهێنەری لەشجوانییە، چیمەن لەدایکبووی شاری ڕوانسەری هەورامانی تەختە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێك لە بەهێزترین ئافرەتانی کوردستانە و لە پلانیدایە بەشداریی پاڵەوانێتیی بەهێزترین ئافرتانی جیهان بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

■

*** چۆن بوو ئەم وەرزشەت هەڵبژارد؟**

- بەهۆی ئەو حەز و خۆشەویستییە زۆرەی کە بۆ ئەم وەرزشە هەمبوو.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- نا بە هیچ شێوەیەك، زۆر ئارامم دەکاتەوە.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی لە کامیاندا سەرکەوتووتریت؟**

- هەردووکیان وەکو یەکن، بەڵام پێموایە لە قورساییدا باشترم.

*** هەست ناکەی ئەم وەرزشە لە ئاستی کچان لە شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە ؟**

- بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان هێشتا وەرزش لای کچان زۆر بەناوبانگ نییە و ژمارەی ژنە خۆبەخشەکانیش لەم بوارەدا زۆر کەمە. نزیکەی

٩٠٪ی کۆمەڵگە پێیان وایە نابێت کچان وەرزش بکەن و ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان تەنیا وەك ئەنجامدانی کارەکانی ماڵەوە ببینن. بەڵام من باوەڕم وایە کە ژن دەتوانێت وەرزشێك هەڵبژێرێت بۆ پاراستنی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی خۆی، لە هەمان کاتدا ڕۆڵە تەقلیدییەکانی لە ماڵەوە بەجێ بهێنێت. ژن بوونەوەرێکی بەتوانا و ماندوونەناسە و نابێت هیچ بەربەستێك لە گەشەکردنی بەهرەکانیدا ڕێگریی بکات.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

–هەرچەندە ئەم وەرزشە لە زۆر ڕووەوە بە وەرزشێکی پرۆفێشناڵ و بەسوود و کەم مەترسی دادەنرێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لە کوردستان ئەو گرینگییەی وەرنەگرتووە کە شایەنیەتی. ئەم بێباکییە بووەتە هۆی پشتگوێخستنی ئەو توانا گەورەیەی کە لە نێو گەنجان و بەتایبەت کچاندا هەیە بۆ ئەوەی لەم بوارەدا سەرکەوتوو بن. لە کاتێکدا بە پاڵپشتییەکی دروست، ئەم وەرزشە دەتوانێت جێگەیەکی تایبەت لە نێو وەرزشە بەناوبانگەکانی هەرێمدا بدۆزێتەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتانی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

– بۆ ڕاکێشانی خانمان بۆ ئەم وەرزشە، هەنگاوی یەکەم پاڵنەر و هاندانی بەردەوامە. ئەو ترس و گومانانەی کە لە مێشکی زۆرێك لە ژناندا هەیە سەبارەت بە ئەگەری زیانەکان دەبێت بە پێشکەشکردنی هۆشیارییەکی دروست نەهێڵرێن. دەبێت نیشانیان بدرێت کە نەك هەر ئەم وەرزشە زیانیان پێ ناگەیەنێت، بەڵکو بە مەشقی بەردەوام، دەتوانن خۆیان لە زۆرێك لە برینداربوونی جەستەیی و فشاری دەروونییش بەدوور بگرن. تەندروستیی جەستەیی و دەروونی مافی هەموو ئافرەتێکە و وەرزشکردن دەتوانێت کلیلی گەیشتن بەم هاوسەنگییە بێت.

*** پلان و بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

– پلانی من بۆ داهاتوو ئەوەیە کە بتوانم هێز و ئیرادە و توانای وەرزشوانانی ژنی کورد پیشانی جیهان بدەم. من دەمەوێت لە هەموو تەحەددیاتەکاندا بەهێز دەربکەوم و خۆم بە باشی تاقی بکەمەوە و تەنانەت ژمارەی پێوانەیی جیهانی گینێسیش تۆمار بکەم. ئامانجم ئەوەیە ناوبانگێکی درێژخایەن و شایستە بۆ خۆم لە دونیای وەرزشدا بەجێ بهێڵم، هانی ژنان بدەم بۆ بەشداریکردن لە وەرزشدا، هەروەها بە سەرکەوتن و شانازییەوە لە مەیدانەکە دەربکەوم لە هەموو ئەو پێشبڕکێیانەی کە بەشدارییان تێدا دەکەم، ئەم ڕێگەیە بۆ من تەنیا وەرزشکردن نییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ سەلماندنی توانای ئەو ژنانەی کە دەیانەوێت بدرەوشێنەوە.

*** بەنیازیت بەشداریی پاڵەوانێتیی جیهان بکەیت، ئایا چاوت لە چ ئەنجامێکە؟**

– چاوەڕێم حکومەت و کۆمەڵگە بە گشتی وەك هاوەڵانی سەرەکیم پشتیوانم بن، تا بتوانم هێز و ئیرادە و شکۆمەندیی ژنانی کوردستان پیشانی جیهان بدەم.

*** گرنگی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

– کێشەی بنەڕەتی ئەوەیە کە هەندێك کەس ئەم وەرزشە بە قورس و مەترسیدار دەزانن و پێیان وایە بۆ ئەوەی ئەنجامەکان بەدەست بهێنن، دەبێت هۆرمۆنەکان بخۆن و خۆیان بخەنە بەر زیانی جەستەیی گەورە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە بە پلانی ورد و پابەندبوون بە پرەنسیپە تەکنیکییەکان و لە ژێر چاودێریی ڕاهێنەرانی بەئەزموون‌دا، ئەم وەرزشە بە تەواوی سەلامەتە و نەك هەر پێویستی بە هیچ ماددەیەکی زیانبەخش نییە، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی وەرزشوانان.

*** خەونی وەرزشیت چییە لەم یارییە؟**

– خەونی وەرزشی من ئەوەیە کە بتوانم لە ڕێگەی هەوڵی بەردەوام و ڕاهێنانی بەردەوام و کۆڵنەدانێکی زۆرەوە ڕیکۆردی جیهانیی گینس تۆمار بکەم. ئەم ئامانجە گەورەیە پاڵنەری سەرەکیی منە لە هەموو ڕاهێنانێکدا و پاڵنەرێکی بەهێز دابین دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنی و زیادکردنی هێزی جەستەیی و شکاندنی سنووری ئەوەی کە دەکرێت. من پێم وایە بە پاڵپشتیی ڕاهێنەری شارەزا و ئاسانکاریی گونجاو دەتوانم ئەم دەستکەوتە مێژووییە بەدەست بهێنم.

*** هیچ یانەیەك داوای یاریکردنی لێ نەکردوویت؟**

– هەرچەندە داواکاریی زۆرم بۆ ڕاهێنەرایەتی پێگەیشتووە و تواناکانی وانەوتنەوەم بەرز نرخێندراون، بەڵام هێشتا هیچ پشتگیرییەکی دارایی و فەرمی پێشکەش نەکراوە بۆ بەشداریکردنم لە پێشبڕکێکان، یان هەوڵە ڕیکۆرد شکێنەکان. هیوادارم بە زیادکردنی هۆشیاریی گشتی و نیشاندانی توانای بەرزی ئەم بوارە بۆ ژنان، بوارەکە ئامادە بێت بۆ ڕاکێشانی سپۆنسەری پیشەیی.

*** وەکو ڕاهێنەرێك بە نیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە هەولێر دروست بکەی؟**

– وەك ڕێبەر و ڕاهێنەرێك خولیای گەورەم هەیە بۆ پشتگیریکردنی کچانی ئاواتخواز. ئەگەر کچان خاوەنی ئیرادەی بەهێز و خۆبەخشانە بن، من بە خۆشحاڵییەوە بەرپرسیاریتی ڕاهێنان و ڕێنماییکردن و پشتگیریکردنیان لە ئەستۆ دەگرم.

*** وەك بەهێزترین ئافرەتی کوردستانی چ هەستێکت هەیە؟**

– هەمیشە دڵخۆشم و سوپاسگوزارم بۆ خودای مەزن کە هێزێکی نائاسایی پێ بەخشیووم، ئەم نیعمەتە ئیلاهییە سەرچاوەی هیوا و کۆڵنەدانمە لە ڕێگەی وەرزشدا، وا دەکات بتوانم بەسەر تەحەددیاتەکاندا زاڵ بم و بەدوادادچوون بۆ ئامانجە گەورەکانم بکەم.

*** ئەگەر شتێکت لە کۆتاییدا ماوە؟**

– خۆشحاڵم کە دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا تا ئامانج و تێڕوانینەکانم لەگەڵ گوڵان باس بکەم، هیوادارم چیرۆکەکەم پریشکی هیوا و پاڵنەر لە دڵی ژنانی کوردستاندا هەڵگیرسێنێت. سوپاس بۆ پشتگیریتان، من بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم کە ناوم ببێتە هێمای ئیرادە و دەسەڵاتی ژنانی کورد لە گۆڕەپانی جیهانیدا.

# بەرازیل ڕاهێنەرێکی ئەوروپی دەستنیشانکرد

کارلۆ ئەنچێلۆتی دواجار بە فەرمی وازهێنانی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتیی یانەی ڕیاڵ مەدرید ڕاگەیاند، ڕاهێنەرە ئیتاڵیەکە دوای وازهێنانی لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانە شاهانەکە بە شێوەیەکی فەرمی پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی بەرازیلی گرتە ئەستۆ.

یەکێتیی تۆپی پێی بەرازیل لە ڕاگەیێندراوێکی فەرمیدا لەگەڵ کارلۆ ئەنچێلۆتی گەیشتنە ڕێککەوتن و ئەو ڕاهێنەرە تاوەکو مۆندیالی ٢٠٢٦ ڕاهێنەرایەتیی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان دەکات.

کارلۆ بڕیارە ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە وەکو ڕاهێنەری نوێی بەرازیل دەست بە پۆستە نوێیەکەی بکات.

هەڵبژاردەی بەرازیل سەرقاڵی پاڵاوتنەکانی مۆندیالی داهاتووە و لە کۆی ١٤ یاری لە ئەمریکای باشوور خاوەنی ٢١ خاڵە و لە پلەی چوارەمی کۆمەڵەی ئەمریکای باشوور دێت، بەرازیل چوار یاری ماوە و یاریی داهاتوو لە دەرەوەی یاریگای خۆی ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی ئیکوادۆر دەبێتەوە.

کارلۆ ئەنچێلۆتی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٣ وەکو ڕاهێنەری یانەی ڕیاڵ مەدرید دەست نیشانکرا و بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕاهێنەرایەتیی یانە ئیسپانیەکەی کرد پاشان لە ساڵی ٢٠٢١ دووبارە گەڕایەوە و بووە بە ڕاهێنەری یانە ڕیاڵ و لە ماوەی ڕاهێنەرایەتی لەگەڵ ئەو یانەیەش توانی ١٥ نازناو بەدەست بهێنێت.




# لیڤەرپوول ئەستێرەیەکی بۆندیسلیگای کردووتە ئامانج

یانەی لیڤەرپوول دەیەوێت ڕیزەکانی یانەکەی بۆ وەرزی نوێ ڕێکبخاتەوە و جێرمی فریمپۆنگ ئەستێرەی هۆڵەندی یانەی بایەر لیڤەرکوزن دەگوازێتەوە ڕیزەکانی یانەکەی.

فریمپۆنگ لە هاوینی ساڵی ٢٠٢١ لە ڕیزی یانەی سێڵتیك بە بڕی ١١ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە بایەر لیڤەرکوزن کرد و گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەو یانەیە لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٨ تەواودەبێت.

بە گوێرەی زانیارییەکانی سکای سپۆرتس لیڤەرپوول گفتوگۆکانی لەگەڵ جێرمی فریمپۆنگ بەردەوامە و ئارنە سلۆت دەیەوێت یاریزانەکە بگوازێتەوە.

تاوەکو ئێستا لیڤەرپوول گفتوگۆکانی لەگەڵ بایەر لیڤەرکوزن بۆ گواستنەوەی فریمپۆنگ دەست پێنەکردووە، چەند یانەیەکی دیکەش ئارەزووی گواستنەوەی دەکەن، بەڵام لیڤەرپوول چانسی لە هەموان زیاترە.

فریمپۆنگ دەیەوێت لیڤەرکوزن جێبهێڵێت و پێشتر یانەکەی لە بڕیارەکەی ئاگادار کردووە. ئەستێرە ٢٤ ساڵانەکە لەم وەرزەدا بەشداری ٤٨ یاریکردووە و توانی پێنج گۆڵ بکات و دوازدە گۆڵیش درووست بکات.





# گۆڵپارێزی بەرشلۆنە بڕیاری لە دەستی خۆی نییە

دوای تەواوبوونی یاریی کلاسیکۆ چیزنی گۆڵپارێزی پۆڵەندی یانەی بەرشلۆنە بە گریانەوە یاریگای جێهێشت، دوای یارییەکە باس لەوە کراوە ئەم وەرزە یانەکەی جێدەهێڵێت بۆیە گریاوە، بەڵام ئەم گۆڵپارێزە باس لە گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ یانەکەی دەکات.



گۆڵپارێزە پۆڵەندییەکە دوای یارییەکە لە لێدوانێکیدا گوتی: بەرپرسانی بەرشلۆنە بە شێوەی زارەکی ئۆفەری نوێکردنەوەی گرێبەستەکەیان تاوەکو تەواوبوونی ساڵی ٢٠٢٧ پێشکەش کردووە، بەڵام ئەو دەیەوێت لەگەڵ خانەوادەکەی ڕاوێژ بکات و دواتر بڕیار لەسەر چارەنوسی دەدات.

چیزنی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: بە شانازییەوە خێزانەکەم بڕیار لەسەر چارەنووسم دەدات، بۆیە دەبێت ڕاوێژی لەگەڵدا بکەم و دواتر بڕیاری کۆتایی لەسەر چارەنوسم لەگەڵ بەرشلۆنە دەدەم پێشتریش، کە بڕیاری گەڕانەوەمدا ڕاوێژم لەگەڵ خێزانەکەم کرد.

چیزنی گۆڵپارێزی پێشووی هەڵبژاردەی پۆڵەندا وەرزی ڕابردوو بە یەکجاری وازهێنانی لە یاریکردن ڕاگەیاند، بەڵام دوای دوو مانگ لە بڕیارەکەی پاشگەزبووەوە دوای ئەوەی بەرشلۆنە گرێبەستێکی پێشکەش کرد و گەڕایەوە یاریکردن.



# ئازاد هەمزە پاڵەوانی لەشجوانیی کوردستان ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بوو

ئازاد هەمزە یەکێك لە یاریزانە پاڵەوانەکانی شاری هەولێرە و دانیشتووی قەزای خەباتە، لە ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوێد بەشداریی لە پاڵەوانی پاڵەوانەکانی جیهانی lron) (World Open Regional کرد و توانی لەم پێشبڕکێیە ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، ئەو لە نێوان ٥٦ وڵات تاکە یاریزانی کوردی کوردستان بوو کە توانی بەشدار بێت و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە

ئازاد هەمزە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم پاڵەوانێتییە بۆ یاریزانانی پاڵەوانە، ئەمساڵیش زیاتر لە ٥٧ وڵاتی جیهان بەشداریی ئەم کێبڕکێیەیان کردبوو لە وڵاتی سوێد، منیش وەکو یاریزانێکی کورد توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، لە سەر هەموو یاریزانە یەکەمەکان یەکەم بوو، جگە لەوەش ئێستا ناونووس کراوم بۆ بەشداری لە پاڵەوانێتیی دووەم کە هەر سەر بەم پاڵەوانێتییە و زۆر ئاست بەرزە و پڕۆکارتی تێدایە، ئەگەر بتوانم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، کارتی یاریزانی نێودەوڵەتی و پیشەگەریم پێ دەدرێت، بە پشتیوانیی خودای گەورە ئەو ئامانجەکەم بەدی دەهێنم، هەموو ئەرکی بەشداریکردنیشم لە سەر ئەستۆی خۆم بووە، هەوڵ دەدەم ناوی خۆم و کوردستان بەرز بکەمەوە لە پاڵەوانێتییەکاندا.



# ئافرەتانی هەولێر چاوی لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لە تیپە بەشداربووەکانی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، ئەمساڵ یانەکە بە ئاستێکی بەرز دەرکەوتووە لە یارییەکانی خولەکەدا، یانەکە بە سەرپەرشتیی مامۆستا «مەزن محەمەد»ی ڕاهێنەر دەیەوێت نازناوەکە بگەڕێنێتەوە پایتەختی کوردستان، لە ئێستادا تیپەکە بە بارودۆخێکی باشدا تێپەڕ دەبێت و چاوی لەوەیە ببێتە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە مەزن محەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەکۆی گشتی ئاستی تیپەکەمان زۆر باشە و بەهیوای ئەوەم بەرپرسانی وەرزشی چاوێك بەم تیپەدا بخشێننەوە، کە چەندین ساڵە تیپێکی بەهێز و ژمارەن و خاوەنی چەندین نازناون، هەر چەندە یاریزانەکانمان لە ئاستێکی بەرزدان، بەڵام ئەوانیشن کێشەیان هەیە و داواکاریی خۆیان هەیە، زەحمەتە جارێکی دیکە دروست ببێتەوە ئەگەر پشتگوێ بخرێن، سوپاسی سەرۆك و سەرپەشتیاری تیپەکە دەکەین کە بەردەوام پاڵپشتی یانەکە بوون»، مەزن محەمەد گوتیشی: «بە هیوای ئەوەین بتوانین ئەم نازناوە بگەڕێنینەوە هەولێری پایتەخت و ناوی ئافرەتانی هەولێر بە گەورەیی بهێڵینەوە، ئەوەشی لە توانامان بێت بۆ سەرکەوتنی تیپەکە ئەنجامی دەدەین».



# بەردەڕەش خەونەکەی هاتە دی

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی بەردەڕەشی سەر بە پارێزگای دهۆك، دوای چەندین ساڵ لە بەدی نەهێنانی خەونەکەیان، ئەم وەرزە کارگێڕیی تیپەکە بە کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرز و لاوەوە توانیان خەونی گەیشتنیان بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بکەنە ڕاستی و، تیپەکە بۆ جارێکی دیکە بگەڕێننەوە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، هەرچەندە بەردەڕش بە یەکەمی کۆمەڵەکەی سەرکەوت بۆ یاریی کۆتایی و، شان بە شانی یانەی شێخان هەمان دەڤەر خۆیان گەیاندە یاری فیناڵ و سەرکەوتن بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، لە سەر یاریگەی یانەی ئاکرێ بە ئامادەبوونی هاندەرانی وەرزشی هەردوو یانە یاریی کۆتایی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان لە نێوان هەردوو یانەی بەردەڕەش و یانەی شێخان بەڕێوە چوو، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو یانە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و یارییەکەش بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر بە سوودی یانەی بەردەڕەش بە کۆتایی هات، گۆڵەکەش یاریزانی یانەکە «ئیهاب مەحمود» تۆمارکردی و یانەکە بووە پاڵەوانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان و پلێتی سەرکەوتنی بۆ گەیشتن بە خولی پلە یەکی کوردستان بەدەست هێنا. هەر چی یانەی شێخانیش بوو دەبێت یارییەکی دیکەی یەکلاکەرەوە لەگەڵ یانەی حاجیاوا ئەنجام بدات، کە ئەویش لە یانەی سەنگەسەری بردووەتەوە و گەیشتووەتە ئەم قۆناغە. ئێستا شەڕی بەدەستهێنانی پلێتێکی دیکە لە نێوان هەردوو یانەدا دەبێت. خولی پلە دووەکانی کوردستان بە بەشداریی بیست یانەی شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوو.



# ئایا پەستی دەبێتە ئەگەری خەمۆکی؟

پەستی و خەمۆکی بە باوترین ٢ گرفتی دەروونی لە سەرتاسەری جیهان هەژمار دەکرێن و پەیوەندیی نزیکیان بەیەکەوە هەیە. بە پێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، هۆکاری هەر دوو حاڵەتی پەستی و خەمۆکی دەگەڕێتەوە بۆ: بۆماوە (جینەکان)، هۆکاری بایۆلۆژی، دەوروبەر، لەگەڵ فاکتەرە دەروونییەکانی وەکو سترێس، گۆڕانی گەورەی نێگەتیڤ لە ژیاندا یان زەبری دەروونی. ئایا پەستی دەبێتە ئەگەری خەمۆکی؟ بەگشتی ئەگەر پەستی بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام بێت، ئەوا ئەگەری پەرەسەندنی بۆ خەمۆکی زۆر کەم دەبێتەوە، بەڵام بەردەوامبوونی پەستی لەبەر بوونی هۆکارێکی بەردەوامی وەکو نەخۆشییەکی درێژخایەن، ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکی بەرزدەکاتەوە.پەستیی بەردەوام وا لە تووشبوو دەکات کە لەبەر زیاد نیگەرانی، خۆ بەدوور بگرێت لە دەوروبەر و خەڵك Avoidance کە لەوانەیە هاندەر بێت بۆ سووککردنی پەستی، دەرەنجام ئەگەری خەمۆکی دێتە پێشەوە. لە لایەکی تر، پەستی هۆکارە بۆ شڵەژانی باوڕبەخۆبوون و بەهای کەسی لەگەڵ تووشبوون بە شەکەتی Exhaustion کە هاندەری ترن بۆ زیادبوونی ئەگەری خەمۆکی.



# ئایا زیاد خواردنی میوە هاندەرە بۆ قەڵەوی؟

پسپۆرانی خۆراك و تەندروستی جەخت دەكەنەوە كە خواردنی میوەی جۆراوجۆر بە ڕێژەیەكی مامناوەندی كە ٢٥-٣٠٪ی خۆراكی ڕۆژانە پێكبهێنێت، بەشێكی گرنگ و پێویستە لە خۆراكی هاوسەنگ و تەندروستدا و هەرگیز نابێتە ئەگەری زیادبوونی كێشی لەش. میوەكان دەوڵەمەندن بە ماددەی خۆراكیی گرنگ بەتایبەتی ریشاڵ، ڤیتامین، لەگەڵ ماددە دژەئۆكسانەكان كە بایەخێكی تەندروستیی بەرزیان هەیە. وەكو هەموو خۆراكێكی تر، زیاد خواردنی میوەكان بەتایبەتی ئەو جۆرانەی كە كالۆری زیاد لەخۆدەگرن هاندەرە بۆ زیادبوونی كێش و قەڵەوی، چونكە میوەكان بەگشتی ڕێژەیەكی بەرزی شەكرە سادەكان لەخۆدەگرن لە جۆری گلوكۆز، فركتۆز، سوكرۆز. جگە لە زیادبوونی كێشی لەش یان قەڵەوی، زیاد خواردنی میوە لەوانەیە كە ببێتە ئەگەری چەند گرفتێكی تەندروستی تری وەكو:پەیدابوونی بەرگریی خانەكانی لەش دژ بە هۆرمۆنی ئینسولین و ئەگەری نەخۆشیی شەكرە، زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر Fatty liver، كلۆربوونی ددان، هەروەها كەمیی كالسیۆم و ئۆمیگا٣ و ڤیتامینەكانی B12 و D.



# چۆن پێست لە ماددە زیانبەخشەكانی ئارایشت دەپارێزیت؟

هەندێك جۆری ئارایشت ماددەی زیانبەخش لەخۆدەگرن كە كاریگەریی نەرێنی دەكەنە سەر پێست، بۆنموونە فۆرمەلدیهاید، SLES، پارابینەكان Parabens، ترشی گلایكۆلیك، ترشی سالیسیلیك، بۆیەی جۆراوجۆر لەگەڵ چەند ماددەیەكی تر كە هۆكارن بۆ: گیرانی كونەكانی پێست و پەیدابوونی زیپكە و زیوان، وشكبوونی پێست، لۆچبوونی پێشوەختە یان زووپیربوونی پێست، سووتانەوەی چاوەكان، وشكبوون و قلیشانی لێوەكان، زیاد هەستیاربوونی پێست، گەورەبوون و بەرجەستەبوونی كونەكانی پێست، هەروەها هەستەوەریی پێست بە شێوەی سووتانەوە و خورشت و سووربوونەوە. ڕێنمایی بۆ پاراستنی پێست لە ماددە زیانبەخشەكانی ئارایشت: دڵنیابوون لە هەڵبژاردنی ئارایشتی گونجاو كە ماددەی زیانبەخشی تێدا نەبێت، شووشتنی دەموچاو بە ئاو و سابوون و بەكارهێنانی شێداركەرەوەی پێست Moisturizer پێش ئارایشت كردن، بەكارهێنانی ئاوێتەی دژەخۆر پێش ئارایشت، پاككردنەوەی ئارایشت بە باشی پێش نووستن، هەروەها پاك ڕاگرتنی هەموو پێداویستەكانی ئارایشت.



# گوێزی هیندی بۆ پاراستنی پێست

گوێزی هیندی Coconut جگە لە چێژ و بۆنە خۆشەکەی، بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە. گوێزی هیندی، ڕێژەیەکی بەرزی چەوری و بڕێکی کەمی کاربۆهیدرات تێدایە و دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، لەگەڵ گەلێك ڤیتامین و کانزا و ماددەی دژەئۆکسان. گوێزی هیندی بەتایبەتی زەیتی گوێزی هیندی سوودی زۆری بۆ تەندروستیی پێست هەیە وەکو: دواخستنی پیربوونی پێست یان پاراستنی پێست لە لۆچبوونی پێشوەختە، پاراستنی ڕێژەی شێداریی پێست و پاراستنی لە وشکبوون، ڕێگرتن لە هەوکردنەکانی پێست بە بەکتریا و ڤایرۆس و کەڕوو، پاراستنی پتەوی (تۆن) و نەرمکردنی پێست، کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی تیشکی خۆر لەسەر پێستدا، سووککردنی نیشانەکانی ئەکزیما، هەروەها هاندانی زووتر چاکبوونەوەی برینەکان. سوودە تەندروستییەکانی تری گوێزی هیندی: هاندانی کۆنترۆلکردنی کێشی لەش، کۆنترۆلکردنی ئاستی شەکری خوێن و خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، پاراستنی تەندروستیی ئێسك و ددانەکان،پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بەتایبەتی خۆپاراستن لە قەبزی، ڕێکخستنی پەستانی خوێن، بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش،لەگەڵ پاراستنی لەش لە کەمبوونەوەی ڕێژەی شلە.



# هاندەرەکانی بەرزبوونەوەی شەکری خوێن

ئەگەرچی نەخۆشیی شەکرە و جۆری خۆراك هۆکاری سەرەکین بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، بۆنموونە زیاد خواردنی خۆراکی کاربۆهیدراتی بەتایبەتی شەکر و شیرینی، بەڵام چەند هۆکارێکی تریش دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن وەکو: کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش De-hydration لە ئەنجامی کەم خواردنەوەی شلەمەنی یان زیاد ئارەقەکردن و حاڵەتی تر، زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند جۆرێکی دەرمان بەتایبەتی دەرمانە سترۆیدییەکان یان سپرای لووت ئەگەر دەرمانی ستیرۆیدی یان کۆرتیزۆنی لەخۆبگرێت، زیاد ئەنجامدانی مەشقی بیناکردنی ماسوولکەکانی لەش Anabolic exercises بەتایبەتی مەشقی هەڵگرتنی قورسایی، کەم نووستن کە دەبێتە هۆی تێکچوونی مامەڵەی دروستی لەش لەگەڵ هۆرمۆنی ئینسولیندا، خۆربردن کە هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی هۆرمۆنەکانی سترێس بەتایبەتی کۆرتیزۆل کە ئاستی شەکری خوێن بەرزدەکاتەوە، هەروەها تووشبوون بە سترێس بەتایبەتی سترێسی درێژخایەن کە وا لە کۆگاکانی شەکر لە جگەر و ماسوولکەکان دەکات تاکو زیاد شەکر بڕژێننە ناو خوێن، بەمەشەوە ئاستی شەکری خوێن بەرزدەبێتەوە.



# سوودەکانی شیردانی سروشتی بۆ تەندروستیی دایک



ئەمە سەلمێنراوە کە شیردانی سروشتی Breastfeeding سوودی زۆری بۆ تەندروستیی کۆرپە و دایك هەیە. سوودەکانی شیردانی سروشتی بۆ تەندروستیی دایك: کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك تا ڕێژەی ٦٪ بۆ هەر ساڵێك شیردانی سروشتی، کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی هێلکەدان و منداڵدان، هاندانی دەردانی هۆرمۆنی ئۆکسیتۆسین Oxytocin کە هاندەرە بۆ گەڕانەوەی قەبارەی منداڵدان بۆ پێش دووگیانی، کەمکردنەوەی ئەگەری خەمۆکیی چلە، خۆپاراستن لە ئەگەری هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان، هەروەها خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بۆنموونە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی (ئەدیلەید) ی باشووری ئوستراليا هاتووە کە شیردانی سروشتی بۆ ماوەی ٦ مانگ، دایك لە تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەپارێزێت، چونکە هاندەرە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن و کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆل، لەگەڵ ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و هۆرمۆنی ئینسولین و کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش کە هەنگاوی ئەرێنیی ترن بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان.




# کۆمپیوتەرێکی بچووک بەڵام بەهێز

لـە دنیـای تەکنەلۆژیـای نوێـدا قەبـارەی بچـووك و کارایـی مـەزن بـە تایبەتمەندییـە سـەرکەوتووەکان دەژمێردرێـن، بـۆ نموونـە کۆمپیوتـەری جـۆری HIGOLE GOLE 2 Pro Mini PC کـە لەلایـەن کۆمپانیـای HIGOLE بەرهـەم هاتـووە لەڕیـزی ئامێـرە سـەرکەوتووەکان هەژمـار دەکرێـت. کۆمپیوتـەری ناوبـراو شاشـەکە لەمسـیە ٥.٥ ئینجـە، بـەڵام سیسـتەمی کارپێکردنـی ویندۆز ١١ پـرۆی لەسـەر دانـدراوە. بـۆ کەسـانی پیشـەیی، یاریکردنـی ئەلکترۆنـی و ئەوانـەی بـە دوای کۆمپیوتەرێکـی بچـووك بـۆ کار و سـەرگەرمی دەگەڕێـن گونجـاوە. پرۆسێسـەرەکەی Intel Celeron N5095، دەتوانێـت کارەکانـی ڕۆژانـە وەك دەسـتکاریکردنی دۆکیومێنـت، پەخشـکردنی ڤیدیـۆی 4K، و تەنانـەت گەیمینگـی سـووك بـە ئاسـانی جێبەجـێ بـکات. پەیوەنـدی لەگـەڵ دوو مۆنیتـەر، Wi-Fi 5، و پۆرتـی USB-C فرەکارکرد هەیـە.

کێشـەکەی نزیکـەی ٣٠٠ گـرام دەبێـت. و قەبـارەی ١٤٢×٩١×١٩ میلیمەتـرە، ئـەم مینـی کۆمپیوتـەرە بـە ئاسـانی لـە نێـو جانتـادا جێدەبێتـەوە. ڕامەکـەی ١٦ گیگابایـت هاردەکـەی لـە جـۆری SSD و٥١٢ گیگابایتـە، پاترییەکـەی تـا پێنـج کاتژمێـر شـەحنی دانابەزێـت.






## لەگەڵ ڕۆبۆتی ژیری دەستکرد شەترەنج بکە




# ستۆدیۆی داهێنان لە بۆکسێکدا

بۆ دروستکەرانی ناوەڕۆک کە بەدوای ئامێری فرە مەبەستدا دەگەڕێن، کیتی داهێنەری ماژوولاری MasterHUB شۆڕشێکی داهێنەرانەیە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ بەرهەم هاتووە. ئەم کیتە ماژوولارە، کۆمەڵێك ئامێری توانای ڕێکخستنی هەیە یارمەتی فیلمسازان، وێنەگران و گرافیك کاران دەدات تا ستۆدیۆی خۆیان دروست بکەن. لە پایەی هەڵگری مۆبایل و کامێراوە بگرە تا مایکرۆفۆنی بێتەل، ڕووناکی LED و تەنانەت گیمباڵی بچووکیش. ئامێری ناوبراو هەموو شتێکی لە پاکێجێکدا کۆکردووەتەوە. بە بەرنامەی تایبەت، دەتوانیت ڕێکخستنەکانی ڕووناکی و دەنگ کۆنترۆڵ بکەیت یان تەنانەت فیلمەکان ڕاستەوخۆ دەستکاری بکەیت. ئەم کیتە بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆك لە گەشت، ماڵ، یان ستۆدیۆیەکدا گونجاوە و ڕێگەت دەدات بە بۆکسێکی بچووك، ڤیدیۆی پیشەیی دروست بکەیت. چ یوتیوبەر بیت چ بتەوێت پۆدکاستێك دەست پێ بکەیت. نزیکەی یەك کیلۆ دەبێت (بەپێی ماژوولەکان) و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت. ماژوولەکان بە بەستنەوەی موگناتیسی و USB-C بە یەکەوە دەبەسترێن لەگەڵ هەموو سیستەمەکانیش دەگونجێت.



# شەحنکەرەوەی خێرا بۆ ژیانی خێرا

سەردەم خێرایە و دەبێ ئامێرەکانی سەردەمیش خێرا بن، بۆ نموونە شەحنکردنەوەی ئامێرەکان دەبێ بە خێرایی بکرێن. پاوەربانکی جۆری CUKTECH 20 Power Bank 140W وەك پاوەربانکێکی بەهێز و خێرا سەیر دەکرێت. ئەم پاوەربانکە بە هێزی دەرچوونی ١٤٠ واتە، مۆبایل و لاپتۆپ و ئامێرەکانی گەیم بە خێرایی شەحن دەکاتەوە. شاشەیەکی هەیە کە زانیاریی تایبەت بە شەحن و دۆخی باتری و هێز نیشان دەدات. بۆ گەشت و گەڕان و سەیران لە چیا و ئەو شوێنانەی وزەی کارەبایان نییە زۆر گونجاوە.

کێشەکەی ٥٠٠ گرام دەبێت قەبارەی ١٥×٥×٣ سانتیمەترە، تواناکەی ٢٥,٠٠٠ میلی ئەمپێرە. لەیەك کاتدا دەتوانێت سێ ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە. لە هەموو کەش و هەوایەکدا دەگونجێت و بەکەمتر لە دوو کاتژمێر شەحن دەبێتەوە.

شەترەنج یارییەکی جیهانییە و بردنەوەی یارییەکە لەسەر بیرکردنەوە و ئاستی وردبوونەوەی کەسەکان دەکەوێت، شانس و بەخت لە یارییەکەدا ڕۆڵی نییە. لەم دواییەدا ڕۆبۆتێك بەناوی AI Chess Robot بەرهەم هاتووە کە پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات و یاری دەکات. ڕۆبۆتەکە لەلایەن کۆمپانیاکانی Square Off و Phantom بەرهەم هاتووە. ئەم ئامێرە کە لە ساڵانی دواییدا ناوبانگی زۆری پەیدا کردووە، تەختەیەکی شەترەنجی فیزیکییە کە دانەکان بە قۆڵی ڕۆبۆتی یان مەگنەتی شاراوەی خۆی دەجووڵێنێت. بە زیرەکی دەستکرد، ئەم ڕۆبۆتە دەتوانێت وەك مامۆستایەکی شەترەنج لەگەڵت یاری بکات. ئەم ئامێرە بۆ ئۆگرانی شەترەنج، منداڵانێك کە دیانەوێت فێر بن، ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشە. ڕۆبۆتی شەترەنجی دەستکرد نەك تەنها یارییەك، بەڵکو ڕاهێنەرێکی زیرەکە لە ماڵەکەتدا.

کێشەکەی نزیکەی ٢.٥ کیلۆگرام و قەبارەی تەختە ٥٠x٥٠x٥ سمە، ئەم ڕۆبۆتە لەسەر مێز بە باشی جێگەی دەبێتەوە. ژیریی دەستکرد یارمەتیت دەدات ستراتیژی نوێ فێر ببیت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ڤیدیۆکانم لە مۆبایلەکەم زۆر جێگا داگیر دەکەن و کۆمپیوتەرەکەم ناناسێتەوە بۆ گواستنەوەیان. چۆن دەتوانم ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز، سەرەتا، کێبڵی USB ـەکەت بگۆڕە چونکە زۆرجار کێشەکە لە کێبڵەکەیەوە. گەر باش نەبوو، هەوڵبدە لە ڕێکخستنەکانی مۆبایل لە بەشی «USB Connection» مۆدی «File Transfer» هەڵبژێریت. ڕێگەیەکی دیکە، بەکارهێنانی خزمەتی هەوری وەک Google Photos یان iCloud ـە بۆ پاشەکەوتکردنی ڤیدیۆکانت و گواستنەوەیان بۆ ناو کۆمپیوتەر. هەروەها دەتوانیت مایکرۆ SD کارت بەکاربهێنیت یان ئەپی وەک SHAREitr و AirDroid تاقی بکەیتەوە بۆ گواستنەوەی داتاکان.




# سکاینەری سێ ڕەهەندی ڕاستی دەکاتە دیجیتاڵ

کۆمپانیای Creality، کە بە هۆی پرینتەرەکانی سێ ڕەهەندی ناسراوە، لەم دواییەشدا سکاینەرێکی سێ ڕەهەندی 3D بە ناوی Creality scanner بەرهەم هێناوە. ئەم سکاینەرە کارئاسانییەکی زۆر بۆ نەخشەساز و هونەرمەندانی بواری گرافیك و پەیکەرسازی و ئەندازیاران دەکات. سکانەرە سێ ڕەهەندییە کێشی کەمە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت.، وردبینییەکی زۆری هەیە تا کەمتر لە یەك ملم. بە ئاسانی لە ڕێگای ئەپ و پرۆگرامەکانەە بەکار دەهێندرێت.
کێشەکەی ٣٧٠ گرامە. هەتا دوو کاتژمێر کارکردن شەحنی دانابەزێت.

# ئۆتۆمبیلی فڕۆکی جۆری PAL-V Liberty

فڕۆکەی جۆری PAL-V Liberty ئامێرێکی فڕۆکەی هایبریدە لەلایەن کۆمپانیای هۆڵەندی PAL-V International بەرهەم هاتووە. ئەم ئامرازە دەتوانێت هەم بە زەویدا بڕوات و هەم بە ئاسماندا بفڕێت، و بۆ گواستنەوەی کەسی و خزمەتگوزاری تاکسی ئاسمانی بەرهەم هاتووە.

جۆری وزەی کارکردن: هەم بەنزین دەخوات و هەم بەباتریش کار دەکات.

توانای تانکی بەنزین: نزیکەی ١٠٠ لیتر هەڵدەگرێت.

ماوەی فڕین: سێ هەتا چوار کاتژمێر (بەپێی کێش و بارودۆخ) لەو ماوەیەشدا دەتوانێ (٥٠٠ کیلۆمەتر) بڕوات.

بەکارهێنانی سووتەمەنی لە فڕیندا: نزیکەی ٢٠-٢٥ لیتر لە کاتژمێرێکدا.

کێشی بەبێ نەفەر نزیکەی ٦٦٤ کیلۆگرامە و دوو کەس هەڵدەگرێت. واتە ٢٥٠ کیلۆ.





## ماڵپەڕی زیرەکی دەستکرد بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژە و کارەکان

ماڵپەڕی trello.com ماڵپەڕێکی خزمەتگوزارییە بۆ ڕێکخستنی کار و پڕۆژەکان دیزاین کراوە بە سیستەمی بۆرد، لیست و کارت. ئەم پلاتفۆرمە ئەزموونێکی سادە و کاریگەری هەیە کە بنەمای خۆی لەسەر شێوازی کەنبان داناوە. لەو ماڵپەڕەدا دەتوانیت:

بۆردی جیاواز دروست بکەیت بۆ پڕۆژەکانت. کارەکان دابنێیت لە لیستی جیاوازدا (وەک «پێویستە بکرێت»، «لە کاردایە»، «تەواو بووە»). بۆ هەر کارێک بەدوادەچوون، تێبینی، فایل و بەرواری کۆتایی دابنێیت. ئەندامانی تیمەکەت زیاد بکەیت و ئەرکیان پێبسپێریت و ئاگادارکردنەوە وەربگریت کاتێک گۆڕانکارییەک ڕوودەدات.

ماڵپەڕی ئاماژە بۆ کراو ماڵپەڕێکی بنەڕەتییە و بەخۆڕاییە.

## پرۆگرامێک بۆ سێ ڕەهەندی و ئەنیمەیشن

پرۆگرامی Blender پرۆگرامێکی بەهێزی سەرچاوە کراوەیە (Open Source) و بەخۆڕاییە بۆ دروستکردنی مۆدێلی سێ ڕەهەندی، ئەنیمەیشن، شێوسازی واتە (simulation) ڕێندەرکردن، ڤیدیۆ ئیدیتکردن و گرافیکی کۆمپیوتەری. ئەم پرۆگرامە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێشکەوتووە:

- مۆدێلکردنی سێ ڕەهەندی بە ئامرازی جۆراوجۆر.
- تێکسچەر دانان و ماتریاڵ دروستکردن.
- ڕێندەرکردنی وێنە و ڤیدیۆی واقیعی.
- ئەنیمەیشن و دروستکردنی کارەکتەر.
- شێوسازی (simulation) بۆ ئاو، ئاگر، دووکەڵ، قژ، جلوبەرگ...هتد.
- مۆنتاژی ڤیدیۆ و ئیفێکتی دانان دوای بەرهەمهێنان.

هەرچەندە فێربوونی Blender کەمێک کاتی دەوێت، بەڵام کۆمەڵگایەکی گەورەی هەیە لەگەڵ دەیان هەزار فێرکاری لە یوتیوب و ماڵپەڕەکان. ئەم پرۆگرامە پاڵپشتی ویندۆز، ماک و لینوکس دەکات.

پرۆگرامەکە بۆ نەخشەسازان، بەرهەمهێنەرانی فیلمی ئەنیمەیشن، بەرهەمهێنەرانی فیلم ئەرکی گرافیکی بەکار دێت.





# ڕەنگی شین لە دیکۆریماڵدا



شین تەنیا ڕەنگێکی گونجاو نییە بۆ دیکۆری ماڵ، بەڵکو هەڵبژاردنێکی نائاساییە کە توانای بەرزکردنەوەی جوانییەکانی هەر شوێنێکی هەیە بەبێ هیچ ئەرك و ماندووبوون.
ڕەنگی شین بە بوونی چەندین سێبەری جیاواز، چەندین شێوازی بەکارهێنانی هەیە لە چوارچێوەی دیکۆردا. دەتوانیت وێنای دیوارێکی بۆیاخکراو بە ڕەنگی شینی ئاسمانیی ناسك بکەیت لە ژووری دانیشتندا، یان پەردەی مەخمەڵیی گرانبەها بە ڕەنگی شینی تۆخ لە ژووری نووستن، کە وا دەکات شوێنەکە لە واحەیەکی پڕ لە ئارامیدا داپۆشێت.
دەکرێت لە ڕێگەی بۆیاخکردنی یەکێك لە دیوارەکانی هەر ژوورێکی ماڵەوە بە مەبەستی جیاکردنەوەی، ڕەنگی شین لە چوارچێوەی دیکۆری ماڵدا بەکار بهێنرێت، یان پارچە مۆبیلیاتی تایبەت، قەنەفەیەکی ڕووپۆشکراو بە مەخمەڵی شین لە ناو هۆڵدا جوان دەبێت، هەروەها دانانی ئێکسسواراتی گڵێنی شینیش هەمان هەستت پێ دەبەخشێت
شین و سپی، کاتێك تێکەڵ بە یەك دەبن، تێکەڵەیەکی هەمیشەیی پێك دەهێنن کە پاکی و جوانیی لێ دەبارێت و کارلێکی هاوئاهەنگیی نێوان ڕووناکی و ڕەنگ پیشان دەدات.

# سپیکردنەوەی دەموچاو بە هەندێک پێکهاتە کە پێست ڕووناکتر و نەرمتر دەکەن





هەموومان خەون بە پێستێکی نەرم، یەکڕەنگ، گەشاوە، و پڕ لە ژیانەوە دەبینین. بەڵام لەگەڵ سەرقاڵییەکانی ژیان و گۆڕانی کەشوهەوا و بەرکەوتن بە تیشکی خۆر و تۆز و خۆڵ، پێستمان دەست دەکات بە لەدەستدانی درەوشانەوە سرووشتییەکەی، و جیاوازیی ڕەنگ لە نێوان دەموچاو و مل، یان نێوان دەستەکان و دەموچاودا دەردەکەوێت.
دەموچاو زۆرترین بەشە کە بەر خۆر و هۆکارە کەشوهەواییەکان دەکەوێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە نیشانەکانی تۆخبوون و پەڵە بە خێرایی لەسەری دەردەکەون.
تێکەڵەی ماست و ئاردی برنج: کەوچکێکی گەورە ئاردی برنج، کەوچکێکی گەورە ماستی سرووشتی بهێنە، پێکهاتەکان تێکەڵ بکە تاکو هەویرێکی نەرم پێك دێت.
بە جووڵەی بازنەیی سووك بیدە لە دەموچاوت و بۆ ماوەی ٢٠ خولەك وازی لێ بهێنە، پێش دواتر بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.
سوودەکان: ئاردی برنج دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکان و کاردەکات بۆ سپیکردنەوە و نەرمکردنی پێست.
ماست ترشی لاکتیکی تێدایە، کە پێست بە هێمنی پاك دەکاتەوە «توێخی مردووی لێ دەکاتەوە» شێداریی پێ دەبەخشێت.
ئەم پێکهاتەیە هەفتەی دوو بۆ سێ جار بە بهێنە.



# چۆن ڕەنگی گونجاوی برۆ بۆ ڕەنگی قژت هەڵدەبژێریت؟

ئەگەر قژت هەر ڕەنگێك بیت، هەڵبژاردنی ڕەنگی برۆ هیچی کەمتر نییە لە گرنگیی هەڵبژاردنی ڕەنگی بۆیاخی قژ، چونکە برۆکان چوارچێوەی سەرەکیی دەموچاون و لە ڕێگەیانەوە دەتوانیت بەپێی ستایلی تایبەتی خۆت سیمای ڕوخسارت بە شێوازێکی نەرم و مێینانە دەربخەیت. ئەمەش ڕێبەری تەواوە بۆ گونجاندنی ڕەنگی برۆ لەگەڵ ڕەنگی قژت:

ئەگەر قژێکی زەردی سرووشتیت هەیە، یان قژت بە ڕەنگی زەرد بۆیاخ کردووە، ڕەنگێکی برۆ هەڵبژێرە کە دوو پلە تۆختر بێت لە ڕەنگی قژت، بەڵام ڕوو مەکەرە قاوەیی تۆخ تاکو دیمەنەکە دەستکرد دەرنەکەوێت. ڕەنگە نموونەییەکان بۆ تۆ بریتیین لە: زەردی خۆڵەمێشی.

بۆ قژی قاوەیی کاڵ، برۆ بە ڕەنگی قاوەیی مامناوەند یان تۆخ دەگونجێت، بەڵام ئەگەر خاوەنی قژی قاوەیی تۆخ یان ڕەشیت، پلە ڕەنگەکانی وەك قاوەیی تۆخ یان قاوەیی خۆڵەمێشی هەڵبژێرە.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر خاوەنی قژی سووری سرووشتی یان بۆیاخکراویت، ڕەنگە نموونەییەکان بۆ تۆ بریتیین لە: ڕەنگی قاوەیی سوورباو، قاوەیی شوکولاتەیی، یان ڕەنگی زەنجەبیلیی کاڵ.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

# بیرۆکەکانی خاتوونێکی داهێنەر لە دوای سەدەیەک دەردەکەون



زۆر جار داهێنەران و بیرمەندان، دەگەنە چەندین بیرکردنەوە داهێنان بە ئەزموونی خۆیان، کەچی دوای ئەوەی بیرۆکەکانیان بڵاو دەکەنەوە، نابنە جێگەی بڕوای کەسانی دیکە و بیرۆکەکانیان ڕەت دەکرێتەوە، ئەمەش وا دەکات کە ئەو کەسە داهێنەرە سڵ بکاتەوە و وزەی نەمێنێ، نموونە ئەم خاتوونەیە(سیسیلیا پەین)کە لە ساڵی ١٩٠٠ لەدایك بووە. سیسیلیا ئەستێرەناسێك بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی پێکهاتەی ئەستێرەکان ڕەت کرایەوە، چونکە پێچەوانەی ژیریی زانستی ئەو سەردەمە بوو، دواتر سەلمێندرا کە بۆچونەکانی هەمووی ڕاست بوون.

# ٧ ڕۆحی سەرکێشی شاخەوانی

ئەوانەی کاری سەرکێشی دەکەن، ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، بەم چەشنەی ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە، بەڵام کۆڵیش نادەن، وەك ئەو پیاوەی ناوی «بیر گریلس» ـە و بە پیاوە سەرکێشەکە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٩٦، Bear Grylls پشتی شکا دوای ئەوەی لە بەرزایی ١٦،٠٠٠ پێ بەهۆی دڕانی پەرەشوتەکەی بەربووەوە، ئەوکات دکتۆرەکان گوتیان سەختە دووبارە لەسەر قاچەکانی بڕوات، کەچی دوو ساڵ دواتر بەسەر چیای ئەڤرێستدا هەڵگەڕا، تا ئێستاش بە پێچەوانەی پێشبینی دکتۆرەکانەوە کاری شاخەوانی دەکات و بە شاخەوانی حەوت ڕۆح ناسراوە.







# ئێسکە پەیکەری دەیناسووڕەکان هێندی مرۆڤێکن



ئەوەی وێنەکە ئێسکی بەبەردبووی گەورەترین بوونەوەرە کە تا ئێستا لەسەر زەوی ڕۆیشتبێت، لەلایەن جووتیارێکی ناوچەکەوە لە بیابانەکانی ئەرجەنتین دۆزراوەتەوە، بە گوێرەی قەبارەی ئێسکی ڕانی دایناسۆرەکە، درێژی ئەو ئاژەڵە نزیکەی ٤٠ مەتر و بەرزییەکەی بە ٢٠ مەتر مەزەندە دەکرێت، کە نزیکەی بەرزی باڵەخانەیەکی حەوت نهۆمییە. بڕوا وایە کێشەکەی نزیکەی ٧٧ تەن بوبێت کە دەکاتە ١٤ فیلی ئەفریقی، ئەمەش وای کردووە حەوت تەن قورستر بێت لە ڕیکۆردی پێشتر کە لە بەبەردبووی دایناسۆرەکانی ئەرجەنتین دۆزرابووەوە. زانایان پێیان وایە ئەو بەبەردبووانە دەگەڕێنەوە بۆ جۆرێکی نوێی «تایتاناسۆر» کە کۆمەڵێك دایناسۆری گیاخۆرن لە کۆتایی سەردەمی Cretaceous period ژیاون. پێشبینی دەکرێت ئەم دایناسۆرە زەبەلاحە ٩٥ بۆ ١٠٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لە دارستانەکانی پاتاگۆنیا سوڕابێتەوە، ئەمەش بەپێی تەمەنی ئەو چینە بەردانەی کە بەبەردبووەکانی تێدا دۆزراونەتەوە.

# کچە فڕۆکەوانێکی شارستانیی کورد



کچان و کوڕانی کورد، لە وڵاتانی جیهان توانیویانە خۆیان لە نێو بوار و پۆستی باڵادا بگرنەوە و ببنە مایەی سەرکەوتن بۆ کورد و خێزانەکانیان، نموونەی ئەوانەش زۆرن کە دەتوانن بەرهەمی کارەکانیان لە خوێندن و بەشداریکردنیان لە پڕۆژە زانستییەکاندا ئەنجامێکی باشی هەبێت، وەك ئەم کچە کوردە کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە چووتە وڵاتی بەریتانیا، لەوێ خوێندنی لە بواری فڕۆکەوانیی شارستانیدا تەواو کردووە.

هێشوو هەڤاڵ کچە کوردێکی تەمەن ٢٤ ساڵانە و خەڵکی قەڵادزێیە و نیشتەجێی بەریتانیایە. مۆڵەتی فڕۆکەوانیی بازرگانی بەدەست هێنا و لە ماوەی ساڵێکدا وەك فڕۆکەوانی فڕۆکەی بۆینگ، بە فڕۆکەی گەورە بۆ نزیکەی ٤٥ وڵات گەشت دەکات. ئێستا ٤٠٠ کاتژمێر کاتی فڕینی لەگەڵ کۆمپانیای ڕایان ئێر کە یەکێکە لە گەورەترین هێڵە ئاسمانییەکانی ئەورووپادا هەیە.




## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە ئاماژە بە قوربانیی دایك دەکات بۆ منداڵەکەی، وێڕای ئەوەی خۆی نەخۆشە و لە نەخۆشخانەیە و کوڕەکەی هاتووە ئاگاداری بێت، کەچی بەتانییەکەی خۆی بە کوڕەکەیدا دەدات.



## دیمەنە سەیرەکان

**مۆبایلی دزراو**

مۆبایلێك دانراوە بۆ فرۆشتن، کە دەستی دووە هێشتا تەلەفونی بۆدێت، ئەمەش واتای ئەوەیە دزراوە.

# خواردنی خۆڵەمێشی مردووان

ئەتەوە و هۆزی سەیر لە جیهاندا هەن، هەندێکیان ئاگاداری ژیانی ئێستا نین، هەندێکیشیان لەسەر نەریتی خۆیانەی چەندین ساڵ بەردەوامن و واز لە شێوازەکانی خۆیان ناهێنن، یەکێك لەوانە هۆزی «yanomamo»یە کە هۆزێکی نیشتەجێی دارستانەکانی ئەمازۆنن، یەکێك لە نەریتە سەیرەکانی ئەم هۆزە ئەوەیە کاتێك کەسێکیان دەمرێت، جەستەی دەسوتێنن و خۆڵەمێشەکەی دەخۆن.



## یاسا



### دەستگیرکردنی تۆمەتبار

ئەو حاڵەتانە چین کە هەموو کەسێك دەتوانێ کەسی تۆمەتباری پێ دەستگیر بکات بەبێ فەرمانی دەسەڵاتی تایبەتمەند؟ حاڵەتەکان بە پێی مادەی ١٠٢ اصول المحاكمات الجزائية بریتین لە:

١- ئەگەر هاتوو تاوانەکە بینراو بوو «الجريمة المشهودة».

٢- ئەگەر هاتوو ڕایکردبێ دوای دەستگیر کردنی بە پێی یاسا.

٣- ئەگەر هاتوو بە پاشملە دادگایی کرابێت بە سزای سنووردارکردنی ئازادی، واتا بە غیابی حوکم درابێ.

٤- ئەگەر هاتوو کەسێك لە شوێنی گشتی لە حاڵەتی سەرخۆشیدا بێت، کە سەرخۆشی تەواوە و دیار بێت کە ئاژاوە دەنێتەوە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی کارەوە ڕۆژەکەت ئاڵۆز دەبێت، پێویستە زیاتر کار بکەیت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر، بە هاوکاریی کەسە نزیکەکانت کێشەکانت چارەسەر دەکەیت، هەست بە باشییەکی زۆر دەکەیت، ڕۆژەکەت لە ڕووی داراییەوە ئاسایی دەبێت، دەرفەتت دەبێت گەشتێك بکەیت بۆ شوێنی دڵخوازت، پەیوەندیت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویستە لە شوێنی کارەکەت زۆر چالاك بیت، ئەگەری ئەوە هەیە ئەمرۆ لەناکاو بەرپرسیارێتییەکی زۆر لە ئەستۆ بگریت، ژیانی خێزانیت ئارام و بەختەوەر دەبێت، ئەگەری باشتربوونی دۆخی داراییت هەیە، سەرچاوەی نوێی داهاتت دەست دەکەوێت، تا زیاتر کار بکەیت ئەنجامی باشتر بەدەست دەهێنیت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەگەر دەست بە هەر کارێکی نوێ دەکەیت، ئەوا پێویستە بە ژیرانە و ئارامییەوە مامەڵە بکەیت، ئەگەر نا ڕەنگە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك ببیتەوە، سۆز و پشتیوانیی هاوبەشی ژیانت بەدەست دەهێنیت، هەروەها خۆشەویستیی نێوانتان قووڵتر دەبێتەوە، لە ڕووی داراییەوە ڕۆژەکەت باشتر دەبێت، خەرجییەکانت کەمتر دەبنەوە، دەتوانیت زیاتر پاشەکەوت بکەیت، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمرۆ هەموو کارەکانت بە ئاسانی تەواو دەبن، هەروەها متمانە بەخۆبوونت زیاتر دەبێت، بەڵام ئامۆژگاری دەکرێیت ئەگەر بیر لە ئەنجامدانی کارێکی گەورە دەکەیتەوە، ئەوا پێویستە بە وردی بیر بکەیتەوە، ڕۆژەکەت لە ڕووی داراییەوە ئاڵۆز دەبێت، لەوانەیە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی گەورە ببیتەوە، ڕەفتاری هاوسەرەکەت بەرامبەرت ڕاست نابێت، لە دۆخێکی وادا پێویستە کۆنترۆڵی تووڕەیی خۆت بکەیت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویستە ئەمرۆ گرنگی بە قسەکردن و ڕەفتارەکان بدەیت، ڕەنگە پێویست بکات مەودای کورت بۆ کارکردن ببڕیت، باری داراییت باش دەبێت، دەتوانیت دیارییەك بۆ کەسێکی نزیکیشت بکڕیت، کەشوهەوای ماڵەوەت ئارام دەبێت، پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت باشتر دەبێت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ماندووبوونت ئەنجامی باش بەدەست دەهێنیت، ئەگەری بەهێزی هەیە قازانجی دارایی گەورە بەدەست بهێنیت، پاڵپشتیی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، سەرکەتوو دەبیت لە تەواوکردنی هەموو کارەکانت لە کاتی خۆیدا، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.



## پەند و وتە

ماری وۆلستۆنکرافت، نووسەر و فەیلەسووفی ئینگلیزی، چالاکوان لە بواری ئافرەتان، لە دایکبووی ساڵی ١٧٥٩ لە شاری لەندەنی بەریتانیا، لە ساڵی ١٧٩٧ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ملکەچبوونی ئافرەتان و ئازادیی پیاوان دەڵێت: «کاتێك پیاوان بۆ ئازادیی خۆیان و ژیانیان هەموو ئەرکێك دەگرنە ئەستۆ، دەکرێ لەو کاتەدا ئافرەتانیش بۆ ڕزگاربوونیان بە ملکەچبوون، پەنا بۆ ئازادی ببەن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك وەستاوە، سەگێکیش لە خوارەوەیە، فیڵێك لە وێنەکەدا کراوە، هەوڵ بدە فێڵکارییەکە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بدۆزیتەوە.




بۆ زانیاریت

## بیردۆزێك هە بیردۆزی شێواوی - Chaos Theory

(Theory کە باس لەوە دەکات کە دیاردەکانی سرووشت و ڕووداوەکانی چواردەورمان تەنانەت ئەگەر چەند یاسایەکی ڕێکخراو حوکمیان بکات، ناتواندرێن پێشبینی بکرێن و ئاڵۆز و نارێکن. ئەم بیردۆزە باس لەوە دەکەن کە سیستمە دیارخەرەکان (واتە ئەوانەی کە یاسایەکی دیاریکراویان هەیە) ڕەفتاری داهاتوویان هەرەمەکی نییە و پێشبینی نەکراوە، هەرچەندە کە شوێن یاساکان دەکەون. ئەم بیردۆزە دەکرێت لە بوارەکانی بیرکاری، فیزیا، زیندەزانی، کۆمەڵناسی، و چەند زانستێکی دیکەدا بەکار بهێنرێت. دیارترین چەمکی بیردۆزەکە شتێکە کە ناسراوە بە (کاریگەریی پەپوولە - Butterfly Effect) کە تیایدا ڕووداوێکی بچووك دەکرێت کاریگەریی گەورە بکاتە سەر ڕووداوێکی داهاتوو. نموونە بۆ ئەمە وەك بڕیارێکی هەڵە کە دەکرێت تەواوی ژیانت بگۆڕێت، یان لەدەستچوونی پاسێك کە دەکرێت وا بکات ڕووداوێکی تازە ڕوو بدات، یان ڕووداوە سیاسییەکان کە دەبنە هۆی هەڵبەز و دابەزی نرخی دراوەکان. سەرەتای دۆزینەوەی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ کەشناسێکی ئەمریکی بەناوی «ئیدوارد لۆرێنز» کە بۆی دەرکەوت شەقەی باڵی پەپوولەکانی شاری «ڕیۆ دی جانێیرۆ» لە بەڕازیل، دەبنە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە شاری شیکاگۆ لە ئەمریکا، تەنانەت ئەگەر کاتێکی زۆریش بخایەنێت.

فیلم

## دیبلۆماتکارەکە - The Diplomat




درامایەکی سەرکێشی و فەنتازیا و هەواڵگرییە، باس لە کەسایەتییەکی دیبلۆماسیی هیندستانی دەکات، کە دەیەوێت کچێکی پاکستانی بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکەی، کەچی زیرەکیی کچەکە وای لێ دەکات دواتر خۆشبی بوێت و بیکاتە هاوسەری، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و دە خولەکە، لە دەرهێنانی شیڤام نایەر، نووسینی شاشیکانت سینها، لە وڵاتی هیندستان بەرهەم هێنراوە، لە نواندنی: جۆن ئابراهام، سادیا، پراتی شکولا، جاگییت ساندو، ئەشوات بهات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوبەشی ژیانت بەسەر دەبەیت، باری دارایيت باش نابێت، ئامۆژگاری دەکرێت خەرجییەکانت کەم بکیتەوە، ئەگەرنا لەوانەیە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی گەورە ببیتەوە، بەڵام لە ماندووبوونت سەرکەوتوو دەبێت و بەم زووانە ئەنجامێکی باشت دەست دەکەوێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ هەست بە وزەیەکی زۆر دەکەیت، هەموو ئەرکەکانت لە کاتی خۆیدا تەواو دەکەیت، باری دارایيت باش دەبێت، سۆز و پشتیوانیی هاوبەشی ژیانت بەدەست دەهێنیت، بەڵام ئامۆژگاری دەکرێیت ئەگەر تووشی کێشەیەکی بچووکیش بوویت کە پەیوەندی بە تەندروستییەوە هەبوو، ئەوا پشتگوێی مەخە و ڕاوێژ بە پزیشکێکی باش بکە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

تا زیاتر کاری قورس بکەیت، ئەنجامێکی باشترت دەست دەکەوێت، پەیوەندیت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت، هەست بە وزە و دڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت، ڕەنگە چەند هەواڵێکی خۆشت دەست بکەوێت، دۆخی تەندروستیت باش دەبێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمڕۆ ڕۆژێکی ئاڵۆز دەبێت بۆت، ئەرکەکانی کارکردنت زیاتر دەبێت، باشترە ئەگەر هەوڵ بدەیت بە زووترین کات تەواویان بکەیت، لە ماندووبوونت ئەنجامی باش بەدەست دەهێنیت، لە ڕووی دارایيەوە ڕۆژەکەت ئاسایی دەبێت، هەوڵ بدە خەرجییەکانت کەمتر بکەیتەوە، خۆت بەدوور بگرە لە دەمەقاڵە لەگەڵ هاوسەرەکەت لەسەر بابەتە بچووکەکان، ئەگینا ڕەنگە ئەمڕۆ ئارامی ماڵەکەت تێك بچێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمڕۆ ڕۆژێکی پڕ بەختەوەری دەبێت بۆت، ئەگەر کار لەسەر پرۆژەیەکی گەورە دەکەیت، ئەوا ڕەنگە دەرفەتت پێ بدرێت کە سەرکردایەتی تیمەکەت بکەیت، هەماهەنگیت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت، لە دۆخێکی وادا هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەیت، ئامۆژگاری دەکرێیت ئاگاداری دۆخی تەندروستیت بیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ لە ڕووی دارایيەوە ڕۆژێکی باش دەبێت بۆت، سوودی دارایی گەورە بەدەست دەهێنیت، پاڵپشتیی ئەندامانی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، ئامۆژگاری دەکرێیت ئاگاداری دۆخی تەندروستیت بیت، ڕەنگە لەگەڵ هاوبەشی ژیانتدا گەشتێك بکەیت بۆ شوێنی دڵخوازت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

Time Net

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly
May 19, 2025 Issue,No.1463

